# پێشەکی

## پێشەكی:

لەم سەردەمەدا زۆرینەی كارەكانی بوارە جۆراوجۆرەكان لە ڕێگەی هەڵمەتەكانەوە ئەنجامدەدرێت، لەبەرامبەریشدا دامەزراوەكان ئەو ئەركە لە ئەستۆ دەگرن و بەرنامە و پلانی بۆ دادەنێن، پیسبوونی ژینگە بابەتێكی سەردەمیانەیە و گفتوگۆی زۆری لەسەركراوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵمەتەكانی هۆشیاری ژینگەیی، هەنگاوێكی سەرەكی و گرنگە بۆ كەمكردنەوە و چارەسەركردنی پیسبوونی ژینگە.

لە سەرەتای سەدەی رابوردووەوە، لە لایەن زانا و لێكۆڵەر و بیرمەند و ئەوانەی گرنگیان بە كاروباری ژینگە و زانستەكەی داوە، هەڵمەتێكی ڕاستەقینە بە مەبەستی چارەسەری گرفتە ژینگەییەكان دەستیپێكردووە، چونكە مەترسی پیسبوون لەسەر دانیشتوان زۆرە بەهۆشیەوە نیگەرانی جیهانی زیادیكردووە دەربارەی تەندروستی گشتی، كە بەهۆی كاریگەری پیسبوونی ژینگەوە دروستدەبێت، ئێمە وەك مرۆڤ بەگەلێك شێوە ژینگە پیسدەكەین، بۆیە بەرەنگاربوونەوەی كێشە ژینگەییەكان، پێویستمان بە هەوڵدانە بۆ ڕۆشنبیركردن و هۆشیاركردنەوە لە بارەی مەترسیەكانی ژینگە بۆ پاراستنی لە پیسبوون، ئەم هەوڵەش پێویستە لەسەر پەیوەندی گشتی و ڕاگەیاندن و خێزان و دامەزراوە فێركاری و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوە حكومی و ناحكومیەكان ئەنجامی بدەن.

لێرەوە گرنگی هەڵمەتی پەیوەندی گشتی دەردەكەوێت، كە یەكێكە لە گرنگترین ئەو چالاكیانەی ڕۆڵی لە هۆشیاری ژینگەییدا هەیە، یەكێكە لە چالاكییەكانی پەیوەندی گشتی كە پەیوەندی نێوان دامەزراوەكە و جەماوەر ڕێكدەخات لە ڕێگەی ئەو هەڵمەتانەی پەیوەندی گشتی ژینگەیی ئەنجامی دەدات. پلاندانان بۆ هەڵمەتەكانی پەیوەندی گشتی بە شێوەیەكی وردو چالاك، زامنی سەركەوتنی ئەرك و ئامانجەكانی زیاتر دەكات، چاودێریكردن و پاراستنی ژینگە، بەرپرسیارێتی هەموو لایەكە و پەیوەندی گشتی و ڕاگەیاندن ڕۆڵی گەورەیان لە گەیاندنی ئەم پەیامە هەیە بە كۆمەڵ و گرنگیدان بە بابەتە ژینگەییەكان و بڵاوكردنەوەی هۆشیاری ژینگەیدا هەیە، لە سۆنگەی ئەمەشەوە هەرێمی كوردستان پێویستی بە گرنگیدان بە بڵاوكردنەوەی ڕۆشنبیری و هۆشیاری و بە راگەیاندنی ژینگەیی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت زیاتر پارێزگاری لە ژینگەكەی بكات.

ئامانجی پەیوەندی گشتی، گەشەدانە بە هۆشیاركردنەوەی جەماوەر، وەك بەرپرسیارێتیەكی كۆمەڵایەتی لە دامەرزاوەی حكومی و ناحكومییەكان، لە ڕێگەی پەیامەكەی و چالاكییە جۆراوجۆرەكانیشەوە هەوڵدەدات بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە نێوان دامەزراوەكەو جەماوەر، جگە لەمەش ئامانجی كاركردنە بۆ چارەسەركردنی كێشە ژینگەییەكان و یەكێك لە ئەركەكانیان، ئەنجامدانی هەڵمەتەكانی تایبەت بە بوارەكەیە.

ژینگەو مەترسیەكانی لەو بابەتە سەرەكیانەی ژیانن، كە شایستەی ئەوەن بەردەوام توێژینەوەییان لەسەر بكرێت، لەو پێناوەدا پێویستە پەنا بۆ ئەو ڕێگایانە ببرێت، كە دەبنە هۆی بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاك، لێرەدا توێژەر بە پێویستی زانی بابەتی هەڵمەتەكانی پەیوەندی گشتی لە دامەزراوە ژینگەییە حكومی و ڕێكخراوە ناحكومیەكان وەربگرێت، لەگەڵ چۆنێتی پەیڕەوكردنی چالاكیەكانیان لە بڵاوكردنەوەی هۆشیاری ژینگەییدا، هەروەها ئەم دامەزراوانە تا چەند ڕۆڵیان لە بڵاوكردنەوەی هۆشیاری و بەرزكردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری تاكەكان و پاراستنی ژینگە لە ڕێگەی ئەنجامدانی هەڵمەتەكانیانەوە هەیە.

ئەم توێژینەوە لە پێنج بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم میتۆدنامەی توێژینەوەیە، کە ئەمانە دەگرێتەوە: کێشەی توێژینەوە و ئامانج و گرنگی و میتۆدی توێژینەوە و ئامرازی توێژینەوەو کۆکردنەوەی زانیاری و هاوکێشە ئامارییەکان و توێژینەوەکانی پێشوو.

**بەشی دووەم:** چەمکی پەیوەندی گشتی و چەمکی هەڵمەتی پەیوەندی گشتی: کە پێکهاتووە لە پێناسەی پەیوەندی گشتی، بوارەکانی پەیوەندی گشتی، ئەرکەکانی پەیوەندی گشتی، چەمکی هەڵمەت، سروشتی هەڵمەتی پەیوەندی گشتی، جۆرەکانی هەڵمەت، هەنگاوەکانی پلاندانان لە هەڵمەتی پەیوەندی گشتی، جیاوازی نێوان هەڵمەتی پەیوەندی گشتی و هەڵمەتی راگەیاندن.

**بەشی سێیەم:** هۆشیاری ژینگەیی: کە پێکهاتووە لە: چەمك و پێناسەی ژینگە، جۆرەکانی ژینگە، کێشەکانی ژینگە، هۆشیاری و هۆشیاری ژینگەیی، ڕێگاکانی و تیۆرەکانی تایبەت بە هەڵمەتی ژینگەیی.

**بەشی چوارەم:** شیکردنەوەی لایەنی مەیدانی دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسی بەسەر دامەزراوە حکومی و ڕێکخراوە ناحکومییەکانی تایبەتن بە پاراستنی ژینگە.

**بەشی پێنجەم:** شیکردنەوەی فۆڕمی ڕاپرسی، کە ئاڕاستەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی کراوە بۆ وەرگرتنی بیروڕاو سەرنجیان لەسەر هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی ژینگەیی، پاشان دەرئەنجام و ڕاسپاردە و سەرچاوە و پاشکۆکان خراونەتە ڕوو.

# بەشی یەکەم

## میتۆدنامە

- کێشەی توێژینەوەکە
- ئاما نجی توێژینەوەکە
- گرنگی توێژینەوەکە
- جۆری توێژینەوە و میتۆدەکەی
- ئامرازەکانی توێژینەوەکە
- سنوری توێژینەوەکە
- دیاریکردنی چەمکەکان
- توێژینەوەکانی پێشوو

## یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە

لەم سەردەمەدا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاریگەری لەسەر بیروباوەڕو ڕەفتاری پەیوەندیدار بە ژینگەوە هەیە، لە ڕێگەی ئەو هەڵمەتە ژینگەییانەی کە دامەزراوەکان جێبەجێیدەکەن، هەر لەبەر ئەمەش پەیوەندی گشتی و ڕاگەیاندن گرنگیەکی زۆریان پێداوە.

ئاشکرایە ژینگە بەشێوەیەکی بەرچاو بەهۆی چەند هۆکارێکەوە پیسبووە، دامەزراوە ژینگەییەکان لەڕێگەی پەیامەکانیانەوە، هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی هۆکارەکانی پسیبوونی ژینگە دەدەن، ئەویش لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری جەماوەر بەرامبەر ژینگە. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆر لەو هۆکارانەی دەبنە هۆی پیسبوونی ژینگە، وەك نەبوون، یان کەمی هۆشیاریی لە بارەی ژینگەوە، بەوپێیەی مرۆڤ بە هۆی نەبوونی هۆشیاری دەربارەی ئەو ماددانەی زیانیان بۆ ژینگە هەیە و بەکاریان دەهێنێت، دەبێتە هۆی بەهەدەردانی سامانی سروشتی و زیانگەیاندن بە تەندروستی مرۆڤ.

کێشەی ئەم توێژینەوەیە، خۆی لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا دەبینێتەوە، کە پێویستە لە هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی لە بواری هۆشیاری ژینگەییدا ڕۆڵ بگێڕێت:-

١. ئایا دامەزراوە حکومی و ڕێکخراوە ژینگەییەکان بەشی پەیوەندی گشتیان هەیە؟
٢. ئایا دامەزراوە ژینگەییەکان هەڵمەتی پەیوەندی گشتییان لە هۆشیارکردنەوەی ژینگەییدا، بە شێوازێکی زانستی ئەنجامداوە؟
٣. ئایا دامەزراوە ژینگەییەکان توانیویانە هاووڵاتیان بەرامبەر ژینگە هۆشیاربکەنەوە؟
٤. هەڵمەتەکان کاریگەرییەکیان لەسەر جەماوەر هەبووە؟
٥. کام ئامراز و شێواز زیاتر بۆ هۆشیاری ژینگەیی لە کاتی هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی بەکارهاتووە؟

## دووەم: ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجەکانی توێژینەوەی زانستی جۆراوجۆرن، هەموو توێژینەوەیەك ئامانجی تایبەت بە خۆی هەیە، کە توێژەر هەوڵی بەدیهێنانی دەدات، ئەویش بەدەستهێنانی مەعریفە، یان چارەسەری کێشەکان و گەیشتن بە ڕاستی و زانیاری نوێ، یان گۆڕینی هەڵوێستێك، یان ڕەفتارێکە[1]، ئامانجی ئەم توێژینەوە:-

١- زانینی بوونی بەشی پەیوەندی گشتی لە دامەزراوە حکومی و ڕێکخراوە ژینگەییەکاندا.
٢- زانینی بەکارهێنانی شێوازی زانستی لە هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی، کە لە لایەن دامەزراوە ژینگەییەکانەوە بەکارهێنراوە.
٣- خستنەڕووی ڕۆڵی دامەزراوە ژینگەییەکان لە هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان بەرامبەر ژینگە.
٤- زانینی کاریگەری هەڵمەتەکان لەسەر جەماوەر.
٥- ئاشکراکردنی ئەو ئامراز و شێوازانەی بۆ هۆشیاری ژینگەیی لە کاتی هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی بەکارهاتوون.

---

١. محفوظ جودة، ظاهر كلالده، اساليب البحث العلمي في ميدان العلوم الادارية ( عمان: زهران للنشر،١٩٩٧)ص١٩.

## سێیەم: گرنگی توێژینەوە

دامەزراوە ژینگەییەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە مرۆڤ و ژینگە و تەندروستییەوە هەیە. سەبارەت بەدامەزراوەکانی ئەم سەردەمە، توێژینەوەکانی پەیوەندی گشتی گرنگییەکی زۆریان هەیە، بەئامانجی توێژینەوە لە ئاڕاستەی ڕای گشتی و زانینی بیروڕای جەماوەر و هاندان و ئارەزووەکانیان و دانانی پلانی پەیوەندیکردن بۆ قایلکردنی ڕای گشتی[1]. پەیوەندی گشتی بەهۆی ڕێگە و شێوازە جۆراوجۆرەکانییەوە، ڕۆڵی دیاری لە بلاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەییدا هەیە، هەروەها بلاوکردنەوەی ئەو هەنگاوانەی لە ڕێگەیەوە تاکەکان دەتوانن دۆخی ژینگە باشتر بکەن، لەهەمانکاتدا هانیاندەدات بۆ گرتنەبەری ڕەفتاری ژینگەیی ڕاست و هەستکردن بە ڕۆڵیان، لە پێناو پاراستنی ژینگە و گۆڕینی داب و نەریتە خراپەکان، هەڵمەتەکان یەکێکن لە ئەرکەکانی پەیوەندی گشتی لە دامەزراوەکاندا بۆ چەندین ئامانجی جۆراوجۆر ئەنجامدەدرێن.

ئەم توێژینەوەیە گرنگی خۆی لە چەند لایەن و بوارێکدا هەیە، یەکێك لە گرنگییەکانی توێژینەوەکە لە هەڵبژاردنی خودی بابەتەکەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ڕۆڵی هەڵمەتی پەیوەندی گشتی لە پێکهێنانی هۆشیاری ژینگەیی بۆ جەماوەر ڕووندەکاتەوە، هەروەها ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی و دەچێتە سەر خەرمانی کتێبخانەی کوردی، هاوکات ڕێژەی متمانەی جەماوەر بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ بەدەستهێنانی هۆشیاری ژینگەیی دەخاتەڕوو، هەروەها کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەتوانن لەبلاوکردنەوەی هەڵمەتەکاندا سوود لەم توێژینەوەیە وەرگرن لە هۆشیاری ژینگەیی و پاراستنی ژینگە.

لە ڕووی مەیدانییەوە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە دامەزراوەکان لە هەڵمەتەکانیاندا دەتوانن سود لەم توێنەوەیە وەرگرن، چونکە هەنگاوەکانی ئامادەکردنی هەڵمەت بە شێوەیەکی ورد باس کراوە دەتوانن لە کاتی جێبەجێکردنی هەڵمەتەکاندا ئەو هەنگاوانە بگرنەبەر.

## چوارەم: میتۆدی توێژینەوەکە

توێژینەوەی وەسفی توێژەران لە پێناو گەیشتن بە زانیاری ورد لەسەر واقعی کۆمەڵایەتی پشتی پێ دەبەستن و کاریگەرییان لەسەر سەرجەم چالاکیە ڕۆشنبیری و سیاسی و زانستیەکان دەبێت[2].

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی بەکارهاتووە و لە میتۆدی ڕووپێویکردن بەپێی پێویستیەکانی لەم توێژینەوەیە، بۆیە ئەو پرسیارانەی وروژێنراون، ئەو ئامانجانەی هەوڵی بەدیهێنانیان دراوە، توێژەر پەنای بردۆتە بەر بەکارهێنانی میتۆدی ڕووپێوی، کە میتۆدەکە گرنگیدەدات بە ناسینی کێشەکە، لە ڕێگەی خستنەڕووی ڕووکار و تایبەتمەندی و سروشتەکەی، هەروەها هۆکارو ڕێگاکانی کۆنترۆڵکردنی بەپشتبەستن بە داتا و شیکارییەکانیان، دواتر گەیشتن بە دەرئەنجامەکان، بەمەبەستی چارەسەری کێشەکە، ئینجا گشتاندنی ئەو دەرئەنجامانە بەپێی کۆمەڵێك یاسای تایبەت بە کۆکردنەوەی زانیاری و ڕاستییەکان، دواتر پۆلێن و بەراورد و شیکارکردنیان[3].

---

[1]. على جبار الشمري، تصميم انموذج بناء منهجي مطور في بحوث العلاقات العامة(تصميم وطباعة دائرة الهندسة والخدمات والصيانة قسم الشؤون الثقافية و الفنية،٢٠١٤) ص١٤.

[2]. عامر إبراهيم قنديلجي، البحث العلمي واستخدام مصادر المعلومات (بغداد: دار الشؤون الثقافية العامة، ١٩٩٢) ص ٨٥.

[3]. احمد عوض العايدي، إعداد وكتابة البحوث والرسائل الجامعية (القاهرة: مركز الكتاب للنشر،٢٠٠٧)ص ص٦٩،٧٠.

ئەم میتۆدە لە بواری پەیوەندی گشتی و ڕاگەیاندن بەکاردێت، توێژەر لەم توێژینەوەدا پشتی بەستووە بە میتۆدی ڕووپێوی بۆ پێوانی ئەرك و ئامانجی پەیوەندی گشتی لە هەڵمەتەکانی دامەزراوە ژینگەییەکاندا، لەپێناو پێوانی ئەو ئامراز و شێوازانەی، کە پەیوەندی گشتی بەکاریاندەهێنێت و ڕۆڵیان لە بلاّوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەییدا هەیە، جگەلەمەش لە پێناوی پێوانی ڕای جەماوەر لەسەر هەڵمەتەکان.

## پێنجەم: ئامرازەکانی توێژینەوەکە

توێژەر چەند ئامرازێکی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێناوە، گرنگترینیان:

**١. فۆرمی ڕاپرسی:**

یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکانی توێژینەوە لە زانستەمرۆڤایەتییەکاندا و زۆرترین بەکارهێنانی هەیە و لە کۆمەڵێك برگەو پرسیار پێکدێت[١]. توێژەر لەم توێژینەوەدا دوو جۆر فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە، یەکەمیان تایبەتە بە دامەزراوە ژینگەییە حکومی و ناحکومییەکان، کە (٣٥) پرسیار ئاڕاستەی بەڕێوبەر و بەرپرس لە دانانی پلانی هەڵمەتەکان لە دامەزراوە حکومی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان کردووە.
فۆرمی دووەمیان: تایبەتەبە وەرگرتنی ڕای جەماوەر لەسەر هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی، ناوەڕۆکەکەی چەند تەوەرێك لە خۆ دەگرێت و (٢٠) پرسیار ئاڕاستەی جەماوەر کراوە و بەسەر (٥٠٠) کەسدا دابەشکراوە. بە شێوەی سامپڵی پشکەکان، جۆرەکانی پرسیاری فۆرمی ڕاپرسی (کراوە، داخراو، نیمچەکراوە، یان نیمچەداخراو) توێژەر هەر سێ جۆرەکەی بەکارهێناوە.

**٢. تێبینکردن:**

بریتیە لە بینین و چاودێریکردنی وردی ڕەفتارێك، یان دیاردەیەکی دیاریکراو و تۆمارکردنی زانیارییەکان یەك لەدوای یەك، ئەویش لە ڕێگەی شێوازی لێکۆڵینەوەی گونجاو لە سروشتی ئەو ڕەفتارە، یان دیاردەکە، بەمەبەستی بەدەستهێنانی باشترین ئەنجام بۆ گەیشتن بە زانیاری ورد[٢].

جۆرەکانی تێبینیکردن (ڕێکخراو، سادە، بەشداریکردن، بەشدارینەکرد، بەلگەنامەیی، بەکۆمەڵ)[٣] ئەو جۆرەی لەم توێژینەوەدا بەکارهاتووە، تێبینیکردنی سادەیە لە کاتی چاوپێکەتن لەگەڵ بەرپرسی دامەزراوەکان تێبینیەکان تۆمارکراوە، دواتر بۆ دانانی پرسیار لە فۆرمی ڕاپرسیەکەدا، سودی لێوەرگیراوە.

**٣. چاوپێکەوتن:** توێژەر چاوپێکەوتنی زانستی بەکارهێناوە، کە بە یەکێك لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری دادەنرێت.

---

١. سابیر بۆکانی، میتۆدی توێژینەوەی زانستی (سلێمانی: خانەی چاپ و بلاّوکراوەی چوارچرا، ٢٠١٦)لا ١٥٦.

٢. عامر إبراهيم قنديلجي، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٤٥.

٣. محفوظ جودة، سەرچاوەی پێشوو، لا ٩٦.

## شەشەم: سنوری توێژینەوەکە

١. سنوری شوێن: لەم توێژینەوەیەدا دامەزراوەی فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی، کە دامەزراوەیەکی حکومیە، لەگەڵ (٢٣) ڕێکخراوی ناحکومی تایبەت بە کاری ژینگەیی لە سنوری پارێزگای سلێمانی وەرگیراوە.

٢. سنوری کات: توێژەر کاتی دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسی، لەگەڵ دامەزراوەی فەرمانگەی ژینگەو ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە بەرواری (٢٠١٦/٩/١تا٢٠١٦/١٢/١) ئەنجامداوە، هەروەها لە بەرواری (٢٠١٦/١٢/١٥تا ٢٠١٧/١/١٥) فۆڕمی ڕاپرسی بەسەر گەنجانی پارێزگای سلێمانی دابەشکراوە.

٣. سنوری مرۆیی: سنوری مرۆیی سەرجەم بەڕێوبەری دامەزراوە ژینگەییە ناحکومیەکان و بەڕێوبەر و جێگیری بەڕێوبەر و کارمەندانی بەشی ڕاگەیاندن و هۆشیاری جەماوەری لە فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی دەگرێتەوە، ژمارەییان (٣١) بەشداربووە لە سنوری پارێزگای سلێمانی، هەروەها لە ڕاپرسی دووەمدا گەنجانی پێنج ناوچەی سلێمانی (ناوەندی سلێمانی، هەڵەبجەی تازە، دوکان، بازیان، شارباژێر) (٥٠٠) فۆرمی ڕاپرسیان بەسەردا دابەشکراوە.

٤. سنوری بابەت: پەیوەستە بەبابەتی توێژینەوەکە، بریتیە لە هەڵمەتی پەیوەندی گشتی و هۆشیاری ژینگەیی.

## حەوتەم: دیاریکردنی چەمکەکان

- **ڕۆڵ:** بریتییە لەوەی، کە ئامڕازێك لە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن بەرامبەر جەماوەر دەیگێڕن، لە بوارێکی دیاریکراودا (فێرکردن، هەواڵ گەیاندن، ڕێنمایی، ئاڕاستەکردن و ...... هتد.)[١]
- **دامەزراوە:** ئەو ڕێکخستنەیە کە دامەزراوە لە پێناو هێنانەدی ئامانجێك، وەك پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، یان فێرکاری بەپێی پێوەرەکانی دامەزراوەکە لە بواری کارکردنیدا[٢].

**دامەزراوە دەکرێت بە دوو بەشەوە:**

١) دامەزراوە گشتیە دەوڵەتییەکان: "خاوەنداریێتی ئەم دامەزراوانە دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت و دەوڵەت خۆی سەرمایەی پێویستی بۆ دابیندەکات، هەر خۆشی جۆری بەرهەم و کالاّ و خزمەتگوزارییەکانی بۆ دەستنیشان دەکات، بەجۆرێك لەگەڵ سیاسەتی گشتی وڵاتدا بگونجێت[٣].

٢) ڕێکخراوە قازانج نەویستەکان (NGO) و دەستە تایبەتەکان، ئامانجیان بە دەستهێنانی قازانجی دارایی نییە، بەڵکو خزمەتگوزاری پێشکەش بەجەماوەر دەکەن، بۆ نموونە پارتە سیاسیەکان، کۆمەڵەی پاراستنی مافی بەکاربەر، پارێزەرانی ژینگە و زۆر ڕێکخراوی تری لەم جۆرانە، کە لە بواری ڕێکخراوە سیاسیەکان و (NGO)کان کاردەکەن[٤].

---

[١]. کرم شلبي، معجم المصطلحات الاعلامية، الطبعة الثانية (بيروت: دار الجبيل، ١٩٩٤) ص ٨٣٧.

[٢]. احمد عزت محمد، مال و أعمال، ڕۆژی سەردانیکردن٢٠١٧/٤/٢٨، کاتی سەردانیکردن ٩:٤دەقیقە http://mawdoo٣.com

[٣]. دیاری عوسمان عارف، هونەری بەڕێوبردن و بەڕێوبردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییە ئاسماییەکان لە هەرێمی کوردستاندا (سلێمانی: چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٠) لا ٥٧.

[٤]. صالح مهدی محسن العامري، طاهر محسن منصور الغالبي،الادارة و الاعمال (عمان: دار وائل للنشر و التوزيع،٢٠٠٧) ص ٥٦١.

- پێكهێنانی هۆشیاری: هۆشیاری له سێ قۆناغ پێكدێت[١]:-

١. قۆناغی هۆشیاری سادەی لاوەكی ئەم قۆناغەی هۆشیاری بریتییه له هۆشیاری به شێوەیەكی سەربەخۆ جیا لەوانی تر، بەشێوەیەكی ئاسایی ئەم هۆشیارییه له چوارچێوەی كۆمەڵدایه و هەمان تایبەتمەندی فكری و هەست و رەفتاری هەیه، بەشێوەیەك كه ئەم تایبەتمەندیانه هۆكاری پەیوەندی و یەكگرتوویی نێوان تاك و كۆمەڵه یان نەتەوەیەك

٢. قۆناغی هۆشیاری سادەی گشتگیر قۆناغی دووەم هۆشیارییه بەرامبەر ژینگەی دەوروبەر و دۆخی هەنوكەیی، ئەم قۆناغه قۆناغێكی تری قۆناغی یەكەمه، چونكه مرۆڤ ئەوەی دەیبینێت له ژینگەی دەوروبەری له رێگەی ئەو كۆمەڵەوەیه كه لەگەڵیاندایه.

٣. قۆناغی هۆشیاری ئاوێتەی گشتگیر ئەمەش قۆناغی هۆشیاری بەرامبەر جیهان و رێڕەوی مێژووە. ئەم قۆناغەش دوای دوو قۆناغەكەی تر دێت.

دوو لایەن گرنگی به پێكهێنانی هۆشیاری دەدەن، كه بریتین له:- ئەوانەی هەوڵی دروستكردنی هۆشیاری دەدەن له نوخبه فكری و سیاسی و رۆشنبیرەكان، به ئامانجكراوەكان بۆ پێكهێنانی هۆشیاری، یەكەمیان ئامڕاز و شێوازەكان دەگرێته دەست و قۆناغەكان دیاریدەكات، دووەمیش بەشێكه له كردەی ئاوێته بوون بۆ دروستكردنی هۆشیاری.

## هەشتەم: توێژینەوەكانی پێشوو

### ١) (شكري محمود جاسم ٢٠١٤)[٢]

ئەم توێژینەوەیه، چالاكییەكانی پەیوەندی گشتی لەبارەی چارەسەری كێشه ژینگەییەكانی عێراق وەرگرتووە و كۆمەڵگەی توێژینەوەكەی بریتییه له وەزارەتی ژینگەی عێراقی، به چەند خاڵێك كێشەی توێژینەوەكەی دیاریكردووە، كه جەخت لەسەر زانینی رۆڵی پەیوەندی گشتی له وەزارەتی ژینگەی عێراقی دەكاتەوە، هەروەها دیارترین چالاكییەكانی بۆ چارەسەری كێشه ژینگەییەكان كامانەن، ئەو چالاكیەكانی پەیوەندییه گشتیەكان پەیڕەوی دەكات بۆ چارەسەری كێشه ژینگەییەكان چین، هەروەها دیاریكردن و تێگەیشتنی ئەوانەی كاری پەیوەندی گشتی له دامەزراوە ژینگەیەكان دەكەن، له مەترسیەكانی كێشه ژینگەییەكان ئاگادارن، هەروەها دیارترین كێشه ژینگەییەكان كامانەن، كه له ڕێگەی چالاكی پەیوەندی گشتییەوە چارەسەری بۆ كراوە، و دەستنیشانكردنی ئەو كێشەو ڕێگریانەی هاتۆتەبەردەم كارەكانی پەیوەندی گشتی له جێبەجێكردنی چالاكیەكانیاندا. ئامانجی توێژینەوەكەی، وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەیه، كه له كێشەی توێژینەوەكەیدا دیاریكردووە، بۆ ەم مەبەستەش میتۆدی ڕووپێوی بەكارهاتووە، لەچوار بەش پێكهاتووە، توێژەر له توێژینەوەكەیدا بەم ئەنجامانه گەیشتووە، دامەزراوەی ژینگەی حكومی گرنگی به دامەزراندنی خاوەن پسپۆری

---

[١]. ڕۆژی سەردانیكردن١٠/٦/٢٠١٧، كاتی سەردانیكردن ٤:٠٠ دەقیقه http://taseel.com/articles/٤٧٧٥

[٢]. شكري محمود جاسم، أنشطة العلاقات العامة في معالجة المشكلات البيئية في العراق، رسالة ماجستير غير منشورة (جامعة بغداد، كلية الاعلام، قسم العلاقات العامة) ٢٠١٤.

له بواری ڕاگەیاندن و پەیوەندی گشتی نەداوە، و نەبوونی ڕێکخستن و کاری له پێشینەی سەبارەت بە ئامانجی دیاریکراو بۆ پەیڕەوکردنی چالاکی پەیوەندی گشتی له جێبەجێکردنی چارەسەری کێشە ژینگەییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی عێراق. تویژینەوەکانیان زیاتر هونەرین و له پەیوەندی گشتیدا کەمتر پشت بە توێژینەوەی زانستی دەبەستن.

گرنگیەکی زۆر بە پلاندانان و پەیوەندی و هەڵسەنگاندن بۆ چالاکیەکانی پەیوەندی گشتی دراوە، پەیوەندی گشتی پشت دەبەستێت بە ئەرکی گونجاندن، بەلاّم ئەم ئەرکە بە ئەرکێکی گرنگ دانەنراوە لە بواری مامەڵکردن لەگەڵ کێشە ژینگەیەکان، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی پێنەدانی دامەزراوەکە، بە ئەرکەکانی پەیوەندی گشتی بەشێوەیەکی گشتی، هەروەها هەڵدەستن بە ڕێکخستنی هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە، کە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ژینگەییە، لەگەڵ پەیڕەو کردنی ئەم چالاکیانە بۆ بەگەڕخستنی هەوڵەکانی وەزارەتی ژینگە بۆ چارەسەری کێشە ژینگەییەکان لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، ئەمە بە دیارترین چالاکی پەیوەندی گشتی و ڕاگەیاندن دادەنرێت و لە چالاکی پەیوەندی گشتی لە بواری مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە ژینگەییەکاندا بەکاریدەهێنن، بەلاّم سەبارەت بە چالاکی پێشوازیلێکردن و گونجاندن، تەنیا چاودێری بلاّوکراوەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەکەن، بەتایبەت چالاکی وەزارەتی ژینگە بەگشتی و کێشە ژینگەییەکان بەشێوەیەکی تایبەتی.

٢) **( محمد جليل شهاب ٢٠١٢)**[1].

ئەم توێژینەوە لە سەر هەڵمەتەکانی هۆشیاری تەندروستی لە شاری بەغداد ئەنجامدراوە، بۆ ئەم مەبەستەش (٤٠٠) کەسی لە شاری بەغداد بۆ زانینی کاریگەری هەڵمەتەکان وەرگرتووە لە پێنج بەش پێکهاتووە، کێشەکەی بەوە دەستنیشانکردووە، کە ئایا هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتیی تەندروستی پشت بە کام ئامرازو سەرچاوە دەبەستێت بۆئەوەی جەماوەری عێراقی زانیاری تەندروستی وەربگرێت، هەروەها هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتیی تەندروستی جەختی لەسەر چی کردۆتەوە لە تێڕوانینی جەماوەری عێراقی، چ شێوازێکی قەناعەتپێکردن لە هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتیی تەندروستی پەیڕەو دەکرێت، ئایا جەماوەری عێراقی هەڵسەنگاندن بۆ ناوەڕۆکی هەڵمەتی پەیوەندی گشتیی تەندروستی دەکەن، کە وەزارەتی تەندروستی ئەنجامی دەدات، جەماوەر چ تێڕوانینێکی هەیە کاتێك هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتیی تەندروستی ئاڕاستە دەکرێت، دواتر زانینی ئایا جەماوەر هۆکارەکانی نەخۆشی باڵندەو پەتا باوەکان دەزانن.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

أ. زانینی هەڵسەنگاندنی جەماوەری شاری بەغداد بۆ هەڵمەتی پەیوەندی گشتیی تەندروستی کە وەزارەتی تەندروستی عێراق ئەنجامیدەدات.

ب. زانینی ئەو ڕۆڵەی هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتیی تەندروستی پێهەڵدەستێت لە بوار دابینکردنی زانیاری تەندروستی بۆ جەماوەر.

ج. زانینی جەماوەری عێڕاقی پشت بە چ ئامرازێکی ڕاگەیاندن دەبەستن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری تەندروستی.

---

[1]. محمد جليل شهاب، توظيف حملات العلاقات العامة في نشر الوعي الصحي في العراق، رسالة ماجستير غير منشورة (جامعة بغداد، كلية الاعلام، قسم العلاقات العامة) ٢٠١٢.

میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەدا، بریتییە لە میتۆدی ڕووپێوی، ئەو ئەنجامانەی ئەم توێژینەوە پێی گەیشتووە بریتیەلە :

(٧٩٪) سامپڵی ئەم توێژینەوەیە تەلەفزیۆن بۆ وەرگرتنی زانیاری تەندروستی بەکاردەهێنن، بە باشترین ئامڕازو شێواز بۆ هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتیی بواری تەندروستی دادەنێن، بەشێکی زۆری بەشداربووان گرنگی نادەن بە چاودێریکردنی هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتیی تەندروستی، بە تایبەت بلاٚوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی، (٤٩٪) هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتیی تەندروستی تایبەت بە هۆشیارکردنەوەی تەندروستی، بێلایەنی تێدا ڕەچاوناکرێت، (٤٢٪) لەبەشداربووان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتیی تەندروستی، هەمیشە ڕاستگۆ و ڕوونبوون، (٥١.٥٪) بەشداربووان گوێ بە هەڵمەتەکان نادەن، (٤٤.٥٪) بەشداربووان بەهیچ شێوەیەك چاودێر بەرنامەی تایبەت بە هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتیی تەندروستییان نەکردووە، (٤٩.٥٪) بەشداربووان هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتیی تەندروستی سەرنجی جەماوەری ڕاکێشاوە، کە کەمترە لەنیوە، (٥٠٪) بەشداربووان هونەری هێڵکاری، کە لە هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتیی تەندروستی پیشاندەدرێت، سەرنجیان ڕاناکێشێت، (٥٣.٥٪) بەشداربووان بەهیچ شێوەیەك سەیری هێماکانی هەڵمەتەکان ناکەن، (٤٩.٥٪) بشداربووان پێیانوایە ڕادیۆ ڕۆڵی لە هەڵمەتەکاندا نەبووە، (٤٥٪) بەشداربووان پێیانوایە ڕۆژنامە ڕۆڵی لە هەڵمەتەکاندا نەبووە، (٤٩٪) بەشداربووان پێیانوایە گۆڤار ڕۆڵی لە هەڵمەتەکاندا نەبووە، دواتر (٥٧٪) بەشداربووان پێیانوایە پۆستەر ڕۆڵی لە هەڵمەتەکاندا نەبووە، هەروەها (٥٥٪) بەشداربووان سەیری ناونیشانی لاوەکی کەناڵە ئاسمانیەیکانیان کردووە و پێیانوایە هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتیی تەندروستی کاریگەری لەسەر سنوردارکردنی بلاٚوبوونەوەی نەخۆشیەکان هەیە، (٨٢٪) پێیانوایە کۆڕوکۆبونەوەکان هیچ ڕۆڵکیان نییە، (٧٦.٥٪) لەسەردانی مەیدانیدا بەشداریناکەن، (٥٦.٥٪) پێیانوایە هەڵمەتەکان هیچ ڕۆڵێکیان نییە، (٨٤٪) تاکەکان پێیانوایە سەردانیکردنی مەیدانی بۆ خوێندنگاو کۆلێژەکان، هیچ ڕۆڵێکیان لە بلاٚوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی نەبووە، (٥٥٪) پێیانوایە کورتەنامە هیچ ڕۆڵێکی نەبووە، (٦٦٪)ی بەشداربووانی توێژینەوەکە پێیانوایە هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتیی تەندروستی ڕۆڵی لە گەیاندنی زانیاری تەواودا هەبووە، (٥٧٪) پێیانوایە هۆکارەکانی توشبوون بە ئەنفلۆنزا باوەکان لە ڕێگەی هەڵمەتەکانەوە ئاگاداربوون.

**٣) (رنا نعیم جاسم٢٠٠٨)** [1]

ئەم توێژینەوە دەربارەی ڕۆڵی پەیوەندی گشتیە لە هۆشیاری ژینگەیی لە وەزارەتی ژینگەی عێراق، بۆ ئەم مەبەستەش دوو فۆڕمی دابەشکردووە بۆ جەماوەری دامەزراوەکە و جەماوەری شاری بەغداد، کێشەی توێژینەوەکەی بریتییە لە پەیوەندی گشتی چ ڕۆڵێکی لە وەزارەتی ژینگەی عێراقی لە بلاٚوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی هەیە، هەروەها بەکارهێنانی لایەنی کارگێڕی و زانستی و گەیاندن لە جێبەجێکردنی چالاکی پەیوەندی گشتی لە ناوخۆ و دەرەوەی وەزارەتی ژینگە و دیاریکردنی کام ئامڕازو شێوازی گەیاندن لە کارگێڕی پەیوەندی گشتی بەکارهاتووە و ڕای جەماوەری ئەم وەزارەتە چیە لەسەر ئەو چالاکیانەی، کە پەیوەندی گشتی

---

[1]. رنا نعیم جاسم، دور العلاقات العامة في التوعیة البیئیة، دراسة ماجستر غیر منشورة ( جامعة بغداد، كلیة الاعلام، قسم العلاقات العامة) ٢٠٠٨.

له بواری هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی پێشکەشی دەکات و لەگەڵ دیاریکردنی گرنگترین ئەو کێشەو ڕێگرییانەی کە دێنە ڕێگەی کاردەکانی پەیوەندی گشتی.

ئامانجی توێژینەوەکە، بریتییە لە دیاریکردنی ڕۆڵی پەیوەندی گشتی و چالاکییەکانی لە وەزارەتی ژینگەی عێراقی لە بواری هۆشیارکردنەوەی ژینگەدا.

میتۆدی بەکارهاتوو بریتییە لە ڕووپێوی، ئەم توێژینەوە لە چوار بەش پێکهاتووە، توێژینەوەکە لە کۆتاییدا گەیشتووە بەم ئەنجامانە:- ئەو کارمەندانەی لە بواری پەیوەندی گشتیدا کاردەکەن، هیچیان خاوەنی بڕوانامەی باڵا نین، خاوەنی بڕوانامەی ڕاگەیاندن یان پەیوەندی گشتی نین، بۆیە لە ڕاهێنانی کاردا زۆر لاوازن، لەبەرئەمەش چالاکییەکانی پەیوەندی گشتی و ڕاگەیاندن لە وەزارەتدا (٦٢,٢٪) چالاکیەکانیان ڕێکخستنی کۆڕو کۆبونەوەیە، (٥١,١٪) چالاکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و کاتبەسەربردنە(١٣,٣٪) چالاکی پەیوەندی گشتی ئەنجامدەدەن. ئەو ئامرازو شێوازانەی گەیاندن، کە لە کرداری هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی بۆ پەیوەندیکردن بە جەماوەری دەرەوە لە ئامرازی تقلیدی جەختیان کردووە لەسەر کۆڕو کۆبونەوە و ڕۆژنامەو گۆنگرەو گۆڤار، ئامرازی پەیوەندی جەماوەری نوێ تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت و ڕادیۆییان بەکارهێناوە.

(٥٧,٤٪) جەماوەری دەرەکی ڕازینین لەو کارو چالاکییانەی، کە پەیوەندی گشتی ئەم وەزارەتە پێشکەشی دەکات، هەروەها گرنگی نادرێت بە بابەتەکانی ژینگە و هۆشیاری ژینگەیی لە ئامرازەکانی پەیوەندی جەماوەریی بەهۆی بارودۆخی ئاسایش و کەمی پاڵپشتی مادی.

٤) **(علی موفق فليح الحديثي ٢٠٠٥)[١]**

کێشەی ئەم توێژینەوە بریتیە لەوەی، ئایا گۆڕانکاری سیاسیی و ئابوری و کۆمەڵایەتی لە عێراق لە ئێستا و لەپێشترو بارودۆخی ئاسایش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر سستەمی هاتووچۆ هەبووە، هۆکاری گرتنی شەقامەکان و پردەکان لەلایەن هێزەکانەوە، چ کاریگەریەکی هەبووە، هەروەها بوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئۆتۆمبێل و تیشك خستنەسەر چالاکی خزمەتگوزاری لە ناوەندی شارەکە، کاریگەری خۆی هەیە، پەیوەندی گشتی لە بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی گشتی لە عێراق، چ ڕۆڵێکی لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری هاتووچۆ لای جەماوەری عێراقی هەیە.

هەروەها ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە پێوانەی هۆشیاری هاتووچۆ لای جەماوەری عێراقی، هەروەها زانینی سروشتی جیاکارییەکان لە پلەی هۆشیاری هاتووچۆ بە پێی ڕەگەزو تەمەن و بڕوانامە و پۆلێنی جەماوەری، پاشان زانینی گرنگترین ئامراز و شێواز، کە هاوکاری جەماوەر دەکات بۆ پێکهێنانی هۆشیاری هاتووچۆ، لەگەڵ زانینی واقعی پەیوەندی گشتی لە بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆ و ڕۆڵی پەیوەندی گشتی لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری هاتووچۆ.

میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەدا بریتییە لە میتۆدی ڕووپێوی، ئەنجامی توێژینەوەکە توێژەر لەم توێژینەوەدا بە چەند ئەنجامێك گەیشتووە، ئەوانیش هۆشیاری هاتووچۆ لای جەماوەری عێراقی بەرزە، کە دەکاتە (٧٨.٢٦٪) بەپێی ڕەگەز هۆشیاری هاتووچۆ جیاوازە، لای ڕەگەزی نێر بەرزترە کەبریتییە لە (٧٨.٨١٪) بەڵام لای ڕەگەزی مێ بریتییە لە (٧٦.٤٪) هەروەها بەپێی تەمەن جیاوازە، بەشێوەیەك لای تەمەنی(٣١-٣٥)

---

[١]. علی موفق فليح الحديثي، دور العلاقات العامة في نشر الوعي المروري في العراق، رسالة ماجستير غير منشورة (جامعة بغداد، كلية الاعلام، قسم العلاقات العامة) ٢٠٠٥.

بەرزترینە، بەبەراورد بەتەمەنەکانی تر، هۆشیاری هاتووچۆ بەپێی پۆلێنی جەماوەر دەگۆڕێت، لای شۆفێری ئۆتۆمبیلی گشتی بەرزترە وەك لای شۆفێری ئوتومبیلی تایبەت، تەلەفزیۆن و ڕادیۆ لەو ئامرازانەن، کە زیاتر بەشدارن لە پێکهێنانی هۆشیاری هاتووچۆ، لاوازی ڕۆڵی بەشی پەیوەندی و ڕاگەیاندن لە بەڕێوبەرێتی هاتووچۆ بەبەراورد لەگەڵ ڕۆڵی لە ماوەکانی پێشوودا، پشت بە بنەمای زانستی نابەستن لە بواری پلاندانان بۆ چالاکیەکانی پەیوەندی گشتی، بارودۆخی ئاسایش هۆکارە بۆ ڕوودانی قەرەباڵغی و ڕووداوی هاتووچۆ، زۆرینەی کارمەندان لە بەشی پەیوەندی گشتی و ڕاگەیاندن خاوەنی پسپۆڕی نین لە بواری ڕاگەیاندن.

٥) **Corey A. Hickerson & Peter K. Bsumek, ٢٠١٣** [1]

بوژانەوەی پەیڕەوکردنی پەیوەندی گشتی و نزیکبوونەوەیەکی یەکخەرانی لە چۆنیەتی وتنەوەی پەیوەندییە ژینگەییەکان لە هەڵمەتەکاندا.

ئەم توێژینەوەیە باس لە فراوانبوون و بووژانەوەی شوێنەکانی بازاڕگیری ئەم سەردەمە دەکات، کە هەڵسوڕێنەرانی پەیوەندیی گشتیی بەرپرسیاردەبن لە دابینکردنی زانیاریی باوەڕپێکراوو توێژینەوەی گرنگ و ڕاسپاردە ڕەوشتییەکان، کە ڕۆڵی گرنگیان هەیە لەسەر بەردەوامی پەیوەندییەکان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی هەڵسوڕێنەرانی پەیوەندی گشتی، نەبوونەتە خاوەنی پەروەردەیەکی ژینگەیی. لە کاتێکدا کە شوێنە گشتییەکان و ڕێکخراوەکان بەرەو بوژاندنەوە هەنگاودەنێن، بابەتەکرداریی و ڕەوشتیەکانی پەیوەست بە پەیوەندیە ژینگەییەکان، ململانێ دەهێننە ئاراوە، کە دواجار ئەم ململانێیە سوودی دەبێت لەسەر بە پیشەیبوونی پەیوەندی گشتی. ئەم توێژینەوەیە دۆخێك دەهێنێتە ئاراوە بۆ نزیکبوونەوەیەکی یەکخەرانە لە چۆنیەتی وتنەوەی پەیوەندییە ژینگەییەکان لە هەڵمەتی پەیوەندی گشتیدا.

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەشدا جۆرێك لە گفتوگۆ لەسەر ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە هەڵمەتەکاندا ڕوودەدەن دێتە ئاراوە، وەك ئاڕاستەی فێربوونی نوێ و ناوەڕۆکی بۆ زیادکرا و و گۆڕانی پێکهاتەیی، هەروەها نمونەیەك لە ئەرکی نوێ و پێوەری خەملاْندنی پێداچوونەوە بۆ پەیوەندی گشتی زیاددەبێت. لەم سەردەمەدا بوژانەوە بەرەو بازرگانی گەورە هەنگاوی ناوە، گەشەسەندنی سەرسوڕهێنەرو بەرچاو لە ژمارەی هەندێ بەرهەم ڕەنگە کاردانەوەی بەکارهێنەرانی بەرهەمەکان بێت، بە جۆرێك کەبەکارهێنەرانی بەرهەمەکان بەشوێن جۆرە بەرهەمێکدا بگەڕێن، کە دۆستی ژینگە بێت. کاتێك ئەدای کاری کۆمپانیایەك لەڕووی ژینگەییەوە خواستی زۆری لەسەر بێت، باش بێت، یاخود گونجاوبێت، مەترسی هەڕەمەکی کەمدەکاتەوە و کاریگەرییەکی باشی دەبێت لەسەر نرخی پاشەکەوت، دەرکەوت ئەگەر کۆمپانیایەك بەشێوازێکی بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ ژینگەدا بکات و گرنگی بدات بە ڕێکخراوە گشتییەکان و کۆمەڵگەکەی لە بەرهەمەکانیدا، دەتوانێت خواستی گشتی زیاد بکات لەسەر کۆی بەرهەمەکانی بابەتە ژینگەییەکان، دەبنە جێگەی بایەخی خەڵك و ڕێکخراوەکان.

لەهەمانکاتدا خەڵکی نیگەران دەبن لە پەیامی کۆمپانیاکان، بە جۆرێك کە بەکارهێنەران بەکاتێکی سەختدا تێپەڕدەبن، کاتێك بۆیان دەردەکەوێت کە پەیامەکانی ئەو کۆمپانیایە تەنها چەواشەکارییە، واتە کاتێك

---

[1] Corey A. Hickerson & Peter K. Bsumek. , Greening the public relation curriculum, An intergrative approach to teaching environmental communication best practices in the campaigns cours, James madison university, ٢٠١٣,P١.

کۆمپانیایەك کاریگەریی راستەقینەی بەرهەمەکانی و کارەکانی لەسەر ژینگە لەخەڵك دەشارێتەوەو وای وێنا دەکات، کە گوایە ئەم کۆمپانیایە زۆر بە تەنگ ژینگەوەیە، ئەمە لە کاتێکدا بەرهەمەکانی زیانیان بۆسەر ژینگە هەیە.

٦) **TESEMA FOTE ROBA, ٢٠١٢** [1]

لە ئەثیوبیا خەڵکی زۆر پشت بەسەرچاوە سرووشتییەکان دەبەستن، ئەمەش زۆرجار دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی سەرچاوە ژینگەییەکان.

لەم توێژینەوەدا ئەوە ڕووندەکاتەوە، کەمبوونەوەی سەرچاوە ژینگەییەکان بەشێکیان بە هۆی نەبوونی هۆشیاریی ژینگەییەوە دێنە ئاراوە. ئاستی هۆشیاریی ژینگەیی و رۆڵی میدیا لە هێنانەکایەی هۆشیاریی لە ناوچەی بەڕێوەبردنی کێمباتا تێمبارۆ لێکۆڵینەویان لە بارەوە دەکرێت. شێوازەکانی چۆنیەتی و چەندایەتی بەکاردێن بۆ دەستنیشانکردنی سەرچاوەکانی زانیاریی ژینگەیی، ناوەرۆك، ئاستی شوێن و قەبارەو شێوەی شمەکەکان، بارستایی و لەپێشینەیی لێکۆڵینەوەی میدیایی، کاریگەریی میدیا، هەروەها پێشبینیکردنی بینەرو کارەکانی دەزگا میدیاییەکە، زیاتر لەسەرچاوە دەرەکییەکان، بەوشێوەیەی کە میدیا فەراهەمیدەکات، سەرچاوەیەکی سەرەکی زانیاریی ژینگەییە، بەڵام هۆشیاریی کلیلێکە بۆ زیاتر کەمکردنەوەی لەناوچوونی سەرچاوە سرووشتیەکان.

پرۆگرامە میدیاییەکانی تایبەت بەبواری ژینگە، پێویستە لەکاتی گونجاودا بگوازرێنەوە، هەروەها ئەزموونی ئەو جووتیارە سەرکەوتووانەی، کەگرنگی بە پاراستنی سەرچاوە سرووشتیەکان دەدەن، پێویستە لە لایان کەسانی پەیوەندیدارەوە هاوکاریبکرێن لەپێناو زیاتر گەشەسەندنی سەرچاوە سروشتییەکان، هەروەها دیاریکردنی رێگرییەکانی هۆشیاریی، پێویستە سەرنجی زیاتریان لەبارەوە بدرێت و ڕۆژنامەنووسانیش ڕاهێنانیان پێبکرێت لەسەر بابەتەکانی پەیوەست بە ژینگە تا زیاتر لەو بوارەدا بە ئەزموون بن. دەرئەنجامەکان و راسپاردەکان سەبارەت بەم توێژینەوەیە بریتیە لە کاریگەرییەکانی میدیا لەسەر پەیامە ژینگەییەکانی بواری پەیوەندیکردن کەزانیاریی زیاتر دەبەخشن بە بینەر و بیسەر و گوێگر وکاریگەرییان دەبێت لەسەرهەڵسوکەوتی بینەروبیسەروگوێگر لێکۆڵینەوەیان لەبارەوەدەکرێت.

لەڕێگەی توێژینەوەکەوە دەردەکەوێت، کە ململانێیەکی سەرەکی لە نێوان بەدەستخستنی زانیاریی لاوازو بێکەڵك هەیە لەگەڵ سیستمەکانی پەیوەندیکردن لە هێنانەکایەی هۆشیاریی لەسەر ژینگە بەشێوازێکی کاریگەرانە.

٧) **Samsup Jo, Sung Wook shim,Jaemin Jung, ٢٠٠٨** [2]

---

١ .TESEMA FOTE ROBA ,MEDIA AND ENVIRONMENTAL AWARENESS:A GEOGRAPHICAL, STUDY IN KEMBATA TEMBARO)at the UNIVERSITY OF SOUTH AFRICA, MASTER OF ARTS in the GEOGRAPHY , 2012.P iv.

٢. Samsup Jo, Sung Wook shim, Jaemin Jung, Propaganda or public relations campaign? International communication on the war against Iraq, University Seoul, Repuplic of Korea, college of mass communications, ٢١ February ٢٠٠٨.

شەڕی دژی عێراق هەڵمەتێکی پەیوەندی گشتی جیهانی بوو، ئیدارەی ئەمەریکا هەوڵیدا ڕایەکی گشتی دژی تیرۆر و پشتیوانی ڕووخاندنی حکومەتی عێراقی دابمەزرێنێت، ئەم توێژینەوە هەوڵێکە بۆ زانینی هەڵسەنگاندنی جەماوەر بۆ ئاستی سەرکەوتنی ویلایەتە یەکگرتووەکان و هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتیی، لە پشتوانی شەڕی عێراق بزانێت، هەروەها ئایا ئەمە هەوڵی پەیوەندی گشتی یان پروپاگەندەی نێودەوڵەتی بووە، ئەمە بەسەر ٣٢٤ کەس لە کلتوری جیاجیا (ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەریتانیا و کۆریای باشور) جێبەجێکراوە توێژینەوەکە ئەوە دەردەخات، کە ئەو هەڵمەتەی پەیوەندیەگشتیەکان، کە لەسەردەستی حکومەتی ئەمریکا سەرپەرشتی دەکرا، نەیتوانی بۆچوونێکی پەسەند بهێنێتە کایەوە لە وڵاتانی دیکەدا، جگە لە خودی ئەمریکا خۆی نەبێت، هەروەها جیاوازی لە نێوان پەیوەندی گشتی و پروپاگەندەی ڕونکردۆتەوە لە ماوەی ئاڵۆزیە بەهێزیە نێودەوڵەتیەکاندا، ئەنجامەکان ڕونیانکردۆتەوە، کە شەڕ دەتوانێت بەهای پەیوەندی گشتی وەك پڕوپاگەندە لێبکات.

## خاڵە لێکچووەکانیان:

- ❖ میتۆدی بەکارهاتوو لە توێژینەوەکانی (رنا نعیم) و (شكري محمود) و (علی موفق) و (محمد جلیل) میتۆدی ڕووپێوییان بەکارهێناوە، هەروەها لەم توێژینەوەیەش میتۆدی ڕووپێوی بەکارهاتووە.
- ❖ توێژینەوەی (رنا نعیم) ئامانجی دیاریکردنی کام ئامڕازو شێوازی پەیوەندی لە پەیوەندی گشتی بەکارهاتووە، هەروەها ڕای جەماوەری وەزارەتەکەی وەرگرتووە لەسەر ئەو چالاکیانەی پەیوەندی گشتی لە بواری هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی پێشکەشیدەکات، ئەم توێژینەوەش بە هەمان شێوەیە، هەروەها توێژینەوەی (محمد جلیل) بۆ زانینی ئایا هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتیی تەندروستی پشت بە کام ئامڕازو سەرچاوە دەبەستێت، بۆئەوەی جەماوەر زانیاری تەندروستی وەربگرێت، پاشان جەماوەر چ تێڕوانینێکی هەیە کاتێك هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتیی تەندروستی ئاڕاستە دەکرێت، ئەم توێژینەوەش بە هەمان شێوە ئەو لایەنانەی دیاریکردووە، توێژینەوەی (tesema) بە هەمان شێوەی ئەم توێژینەوە ڕاگەیاندن کاریگەری هەبووە و زانیاری زۆری بە جەماوەر بەخشیوە.
- ❖ دامەزراوەی ژینگەی حکومی گرنگی بە دامەزراندنی خاوەن پسپۆری لە بواری ڕاگەیاندن نەداوە، ئەم توێژینەوەش بە هەمان شێوە، هەروەها توێژینەوەی (شكري محمود) لە ئەنجامی توێژینەوەکەیدا دامەزراوەکە، هەڵدەست بە ڕێکخستنی هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە، کە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ژینگەییە، پەیڕەو کردنی ئەم چالاکیانە بۆ بەگەڕخستنی هەوڵەکانی وەزارەتی ژینگەیە بۆ چارەسەری کێشە ژینگەییەکان، لە ڕێگەی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن، ئەم توێژینەوەش بە هەمان شێوەیە، کە دامەزراوەکان هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە ئەنجامدەدەن بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەر.
- ❖ لە توێژینەوەی (محمد جلیل) (٥٦.٥٪) پێیانوایە هەڵمەتەکان هیچ ڕۆڵێکیان نییە، ئەم توێژینەوەش (٥٦.٨٪) ی جەماوەر پێیانوایە هەڵمەتەکان کاریگەری نەبووە. لە هەمان توێژینەوەدا بەشداربووان پێیانوایە ڕۆژنامە ڕۆڵی لە هەڵمەتەکانی تەندروستیدا نەبووە، ئەم توێژینەوەیەش بە هەمان ئەنجام گەیشتووە.

## خاڵە جیاوازەکانیان:

- ❖ کۆمەڵگەی توێژینەوە: توێژینەوەکانی (شکري محمود) وەزارەتی ژینگەی عێراقی وەرگرتووە، هەروەها (علی موفق) پەیوەندی گشتی لە بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی گشتی لە عێراق وەرگرتووە، توێژینەوەی (محمد جلیل) ڕای جەماوەری لە شاری بەغداد بۆ زانینی کاریگەری هەڵمەتەکان وەرگرتووە، هەروەها توێژینەوەی (samsup) کۆمەڵگەی توییێژینەوەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا و کۆریای باشوری وەرگرتووە ئەو توێژینەوانەی پێشوو هەموویان تەنیا یەك لایەنیان وەرگرتووە، کۆمەڵگەی توێژینەوەی (رنا نعیم) دوو لایەنی وەرگرتووە، وەزارەتی ژینگەی عێراق و ڕای جەماوەر، هەروەها توێژینەوەی
- ❖ کێشەی توێژینەوەی (رنا نعیم) پەیوەندی گشتی چ ڕۆڵێکی لە وەزارەتی ژینگەیی عێراقی لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی هەیە، هەروەها توێژینەوەی (شکری محمود) بۆ زانینی ڕۆڵی پەیوەندی گشتی لە وەزارەتی ژینگەی عێراقی، توێژینەوەی علی موفق پەیوەندی گشتی لە بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆ لە عێراق، چ ڕۆڵێکی لە بلاوکردنەوەی هۆشیاری هاتووچۆ لای جەماوەری عێراقی هەیە، بەلاّم ئەم توێژینەوە هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی وەرگرتووە لە بلاّوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی دامەزراوە حکومی و ڕێکخراوە ناحکومیەکان، توێژینەوەی (محمد جلیل) بۆ زانینی ئایا جەماوەری عێراقی هەڵسەنگاندن بۆ ناوەڕۆکی هەڵمەتی پەیوەندی گشتیی تەندروستی دەکەن، کە وەزارەتی تەندروستی ئەنجامی دەدات، بەلاّم ئەم توێژینەوە بۆ زانینی ئایا دامەزراوەکان بەشێوازی زانستی هەڵمەتی پەیوەندی گشتی ئەنجامدەدەن، کە یەکێك لە هەنگاوەکانی هەڵسەنکاندنە.
- ❖ ئەنجامی توێژینەوەی (رنا نعیم) ئەو کارمەندانەی لە بواری پەیوەندی گشتیدا کاردەکەن، هیچیان خاوەنی بڕوانامەی بالاّ نین، بەلاّم لەم توێژینەوە ئەو کەسانەی لە دامەزراوە ژینگەییەکان کاردەکەن، (٣) کەس خاوەنی بڕوانامەی خوێندنی بالاّیان هەیە.

# بەشی دووەم

## چەمکی پەیوەندی گشتی و هەڵمەتی پەیوەندی گشتی

**پاری یەکەم: پەیوەندی گشتی ( پێناسە، بوارەکانی، ئەرکەکانی )**

**یەکەم: پێناسەی پەیوەندی گشتی**

**دووەم: بوارەکانی پەیوەندی گشتی**

**سێیەم: ئەرکەکانی پەیوەندی گشتی**

**پاری دووەم: چەمکی هەڵمەتی پەیوەندی گشتی**

**یەکەم: پێناسە و چەمکی هەڵمەتی پەیوەندی گشتی**

**دووەم: سروشتی هەڵمەتی پەیوەندی گشتی**

**سێیەم: جۆرەکانی هەڵمەت**

**چوارەم: هەنگاوەکانی پلاندانان لە هەڵمەتی پەیوەندی گشتی**

**پێنجەم: جیاوازی نێوان هەڵمەتی پەیوەندی گشتی و هەڵمەتی راگەیاندن**

## پاری یەکەم

## پێناسە و بوار و ئەرکەکانی پەیوەندی گشتی

پەیوەندی گشتی بە بازنەی پەیوەندی نێوان دامەزراوە و کۆمەڵگەی دەوروبەری دادەنرێت، چونکە هەموو دامەزراوەیەك لە کۆمەڵگەدا خزمەتگوزاری، یان بەرهەمێکی دیاریکراو پێشکەشی تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات، لەبەرئەوە ئەرکی پەیوەندی گشتیی ئەوەیە، کە تاکەکان ئاگاداربکاتەوە و ڕەزامەندیان بەدەست بێنێت و بەپێی ڕای جەماوەر هەڵسەنگاندن بۆ خزمەتگوزارییەکە بکات و ڕێز لە ڕای جەماوەر بگرێت، لەم ڕوانگەشەوە دامەزراوە هەوڵدەدات ئەو پەیوەندییە بەهێز و بەردەوام بێت و متمانە لە نێوان هەردوولادا هەبێت.

### یەکەم/ پێناسەی پەیوەندی گشتی

بۆ ناساندنی پەیوەندی گشتی پسپۆڕان لە ڕوانگەی جیاجیاوە چەمك و پێناسەیان بۆ دیاریکردووە، هەندێك لە ڕوانگەی هونەر و زانستەوە دەیناسێنن، یاخود وەك ئەرکێکی کارگێڕی وەسفی دەکەن، یاخود لە ڕوانگەی ڕاگەیاندنەوە، کۆمەڵناسی و پسپۆڕی و زانستەکانی تریش هەریەکە لە ڕوانگە و شارەزایی خۆیانەوە پێناسەی پەیوەندی گشتی دەکەن. پێناسەی پەیوەندی گشتی لێرەدا:-

- ئەنجومەنی جیهانی پەیوەندی گشتی* ساڵی ١٩٧٨ پێناسەی پەیوەندی گشتی کردووە و بریتیە لە: (هونەر و زانستی کۆمەڵایەتیی، لەپێناو شیکردنەوەی ئاڕاستەکان و پێشبینیکردنی ئەنجام و ڕاوێژکردن و جێبەجێکردنی بەرنامە نەخشە بۆکێشراوەکان، کە خزمەت بە بەرژەوەندی نێوان جەماوەر و ڕێکخراو دەکات)[(١)].
- سەندیکای نیشتمانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پەیوەندی گشتی بەوە پێناسە کردووە: (ئەرکێکی کارگێڕی پلان و بەرنامە بۆ داڕێژراوە، بەمەبەستی یارمەتیدان و گەشەپێدانی ئەو بەرنامە و خزمەتگوزاریانەی، کە دامەزراوەیەکی فێرکاری پێشکەشی دەکات، بە پشت بەستن بە چالاکی پەیوەندی دوو لایەنە، بە ئامانجی گەشەپێدان و چالاکی و تێگەیشتنی باشتر لە ڕۆڵ و ئامانج و سیاسەت و پێداویستییەکانی دامەزراوەکە، هەروەها یارمەتی بەرنامەی پەیوەندی گشتی فێرکاری دەدات بۆ شیکردنەوەی ئاڕاستەکانی جەماوەر بۆ داڕشتنی سیاسەت و پلان و بەرنامەکانی دامەزراوەکە، کە لەگەڵ بەرژەوەندی و گرنگیپێدانەکانی جەماوەر یەکدەگرێتەوە، هەروەها ئەنجامدانی چالاکی ڕاگەیاندن بۆ بەدەستهێنانی تێگەیشتن و متمانە و دڵنیایی و پشتیوانی جەماوەر)[(٢)].
- (علی عجوه) بەمجۆرە پێناسەی پەیوەندی گشتی دەکات (پەیوەندی گشتی هاوکاری کارگێڕی دەکات بۆ دیاریکردنی ئامانج بۆ زیاتر تێگەیشتن و ڕێککەوتن لە نێوان دامەزراوەکە و جەماوەردا، هەروەها قبووڵکردنی بەرهەمی دامەزراوەکە و پلانەکانی و سیاسەتەکانی لای جەماوەر[(٣)].

---

*. ئەنجومەنی جیهانی پەیوەندی گشتی ساڵی ١٩٥٥ لە بەریتانیا دامەزراوە، ئەندامی ڕاوێژکارییە لە یونسکۆ.

١. اليسون فيكر، دليل العلاقات العامة، ترجمة: عبدالحكم احمد (القاهرة:دار الفجر للنشر والتوزيع،٢٠٠٤)ص١٠.

٢. محمد عبدة حافظ، العلاقات العامة (القاهرة:دار الفجر للنشروالتوزيع، ٢٠٠٩)ص ص١٩،٢٠.

٣. على عجوة، العلاقات العامة بين النظرية و التطبيق (القاهرة: نشر والتوزيع عالم الكتب،٢٠٠١)ص١٨.

- پەیوەندی گشتی: هەوڵدانێکی بەمەبەست و بەرنامە بۆ دانراو و بەردەوامە بۆ هێشتنەوەی تێگەیشتنێکی دوولایەنە لە نێوان دامەزراوەکە و جەماوەرەکەیدا[1].
- سەرئەنجام و لەڕوانگەی ئەم پێناسانەوە دەگەینە ئەوەی، کە پەیوەندی گشتی بریتییە لە (ئەرکێکی پلان بۆ داڕێژراو و بەردەوام، بەرنامە و چالاکییەکانی دامەزراوەکە جێبەجێ دەکات، بەمەبەستی تێگەیشتنی زیاتر لە نێوان دامەزراوەکە و جەماوەر، بەبەکارهێنانی ئامرازە جیاوازەکانی پەیوەندیکردن).

## دووەم/ بوارەکانی پەیوەندی گشتی

چەند پۆلێنێك بۆ بوارەکانی پەیوەندی گشتی هەیە:-

یەکەم/ ئەم بوارانە دەگرێتەوە[2]:-

١. بواری سیاسی: لەسەر ئاستی ڕووداو و کەسایەتیە سیاسیەکان و گروپەکانی فشار دەبێت بەتایبەتی لەو وولاّتانەی سیستەمیان حزبیە، لێرەدا پەیوەندی گشتی ڕۆڵی گەورەی هەیە بۆ ڕاکێشانی جەماوەر و دروستکردنی کاریگەری لەسەریان و ڕاکێشانی دەنگەکانیان لە کاتی هەڵبژاردندا، پەیوەندیە گشتیەکان ئەلقەی پەیوەندیە لە نێوان سیاسیەکان و جەماوەردا.
٢. بواری وەزارەت و دامەزراوە حکومییەکان: پەیوەندی گشتی لەم بوارەدا هەوڵدەدات بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەر و ڕێنمایی لە ڕێگەی شیکردنەوەو لێکدانەوەی یاساکان و ڕێکخستنیان بە ئامانجی بەدەستهێنانی پشتگیری لە سیاسەت و یاسا حکومیەکان.
٣. بواری بەڕێوبەرایەتیە ناوچەییەکان: پەیوەندی گشتی ڕۆڵی گرنگی لە کاروباری شارەوانی و ئەنجومەنە خۆجێیەکان هەیە.
٤. بواری دامەزراوە گشتیەکان: دامەزراوە گشتیەکان سەربەخۆیی کارگێڕی و داراییان هەیە و ڕۆڵی پەیوەندی گشتی هاوشێوەی ڕۆڵەکەیەتی لە کەرتی تایبەتدا.
٥. بواری کەرتی تایبەت: کەرتی تایبەت هەموو دامەزراوە تایبەتی و کۆمپانیای کەسی لە وولاّتاندا دەگرێتەوە، ڕۆڵی پەیوەندی گشتی بریتیە لە بەستی پەیوەندی لەگەڵ بەکاربەران و کارمەندەکان و دامەزراوە داراییەکان و کۆمەڵگە، پێویستە ڕاستگۆ بێت بەمەبەستی بەدەستهێنانی جەماوەر و متمانەیان.
٦. بواری هاوکاری: سەرجەم سەندیکاکان دەگرێتەوە، کە هەوڵدەدەن بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە ئەندامەکانیان، ڕۆڵی پەیوەندی گشتی بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری و پاڵپشتی ئەندامانی ئەم دەستانەیە، هەروەها پێدانی زانیاری لەسەر جۆری ئەو خزمەتگوزارییەی پێشکەشی دەکەن.

---

١ .EDMONDNG ,public relations the theory and practice,June ٢٠٠٣, p١٢.

٢. محمد عبدة حافظ، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٧،٤٨.

دووەمیان، کە زیاتر لەگەڵ ئەم توێژینەوە دەگونجێت بریتیە لە[١]:-

١. بواری حکومی: بواری پەیوەندی گشتی لە دامەزراوە حکومییەکاندا، ئامانجیشی شیکردنەوەی چالاکییەکانیانە بۆ هاونیشتمانیان، لەگەڵ هاوکاریکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ ڕووماڵکردنی چالاکییەکانی دامەزراوە حکومییەکان.

٢. بواری ڕێکخراوە قازانج نەویستەکان: لێرەدا ڕێکخراو و دەستەی تایبەتی قازانج نەویست هەن وەکو (دەستەی پاراستنی ژینگە، پاراستنی بەکارهێنەر، کۆمەڵە خێرخوازییەکان) ئامانجی پەیوەنی گشتی لەمجۆرە ڕێکخراوانەدا، پێکهێنانی وێنەیەکی ئاشکرا و دروستکردنی متمانە و هاندانی تاکە بۆ کاری خۆبەخشی.

٣. بواری کۆمەڵایەتی: ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، وەك (تەندروستی، ئاسایش، بارودۆخی کرێکاران، ژینگە، کارکردنی منداڵان)، پاشان ئەمە دەبێتە هۆکاری دەرکەوتنی دەستپێشخەری بۆ ئیتیکی بازرگانی، هەروەها پەیوەندی گشتی لە دامەزروە خزمەتگوزارییەکاندا ئامانجی هێنانەدی پەیوەندییەکی باش و دروستکردنی متمانەیە لە نێوان دامەزراوە خزمەتگوزارییەکە و جەماوەرەکەیدا.

## سێیەم/ ئەرکەکانی پەیوەندی گشتی

پەیوەندی گشتی بەپێی چالاکی دامەزراوەکە و ئەو جەماوەرەی مامەڵەی لەگەڵ دەکات، چەند ئەرکێکی سەرەکی و لاوەکی ئەنجامدەدات.

لە بارەی ئەرکەکانی پەیوەندی گشتی، پسپۆرانی ئەو بوارە چەند پۆلێنێکیان بۆ ئەرکەکان دەسنیشانکردووە، زکی محمود هاشم دوو ئەرکی سەرەکی دیاریکردووە، ئەوانیش[٢]:

١. ئەرکی خۆپاراستن (خۆپارێزی)

٢. ئەرکی چارەسەرکردن.

یان ئەرکە بنەڕەتییەکانی بۆ کۆنترۆڵکردنی جەماوەرە، لەپێناو ئاڕاستەکردنیان و زانینی داواکارییەکانیان، بەمەبەستی ڕازیکردنیان بەو پێداویستیانەی دامەزراوەکە پێشکەشیان دەکات، لەپێناو بەدەستهێنانی پەیوەندییەکی سودبەخشی دوو لایەنە و ئاڵوگۆڕێکی گونجاو لە نێوانیاندا[٣]، بەلاَم هەندێك سەرچاوەی تر ئەرکەکان بەمجۆرە دیاریدەکات، کە پێوانە و هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی ئاڕاستەکانی جەماوەرە و هاوکاری کارگێڕی دەکات لە دیاریکردنی ئامانجەکانیدا و بەدەستهێنانی هاوسەنگی نێوان ئامانجی دامەزراوەکە و ئامانج و بەرژەوەندی و پێویستییەکانی جەماوەر، هەروەها پلاندانان و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندنی بەرنامە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی جەماوەر[٤].

---

١. بڕوانە:-

- صالح خليل ابو أصبع، العلاقات العامة والاتصال الانساني (عمان: دار الشروق للنشر والتوزيع، ١٩٩٨) ص ١٠٣-١٠٥.

- اليسون فيكر، دليل العلاقات العامة، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١.

٢. على برغوث، العلاقات العامة اسس نظرية و مفاهم عصرية (القاهرة: دار الكتب الحديثة،٢٠٠٧) ص ص ٢٣،٢٤.

٣ .EDMOND NG, Previous Resource,page ٣

٤. على جبار الشمري، الأساليب العلمية في ممارسة العلاقات العامة (القاهرة: العربي للنشر والتوزيع، ٢٠١٠)ص٢٢.

هەروەها بەپێی چەند پۆلێنێکی زانستی لە لایەن پسپۆڕانی بواری پەیوەندی گشتی ئەرکەکانی پەیوەندی گشتی بەم شێوەی لای خوارەوە دیاریدەکەن[١]:-

١. ئەرکی ڕاگەیاندن، ئەمانە دەگرێتەوە:

پلاندانان و جێبەجێکردنی بەرنامەی پەیوەندی گشتی و هەڵمەتەکان، ئامادەکردن و نوسینی بڵاوکراوەی هەواڵی، سەرپەرشتیکردنی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی، ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ساڵانە، ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری خولی دامەزراوەکە، ئامادەکردن و بەرهەمهێنانی کتێبی ساڵانە، پلاندانان و جێبەجێکردنی پۆستەر و ریکلام، ئامادەکردن و ڕێکخستنی هەڵمەتەکانی لایەنی پێشبڕکێ و خەڵاتکردن، وێنەگرتنی ڕووداوەکانی دامەزراوەکە، ئامادەکردنی وتار و چاوپێکەوتن و کۆنگرە و کۆبونەوە و ئاهەنگ، ڕێکخستنی پێشانگا.

٢. ئەرکی ئاگادارکردنەوە ئەمانە دەگرێتەوە:

گەشەپێدان بە هۆکارەکانی ناسینی ئاڕاستەی جەماوەر و قبووڵکردنی لای دامەزراوەکە، ئەنجامدانی توێژینەوە بۆ دیاریکردنی هەڵوێست و ڕای جەماوەری دامەزراوەکە، چاودێریکردنی گومانەکانی جەماوەر و زانینی هۆکارەکانی و پێشکەشکردنی چارەسەر بۆیان.

٣. ئەرکی هەماهەنگی ئەمانە دەگرێتەوە:

داڕشتنی بەرنامەکانی چالاکی پەیوەندی گشتی، لەگەڵ چالاکییەکانی تری دامەزراوەکە، هەروەها گونجاندن و هاوکاریکردن لەگەڵ ئیدارەی ناوەند و کارمەندان، لەگەڵ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە بواری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و تەندروستی و وەرزشی بۆ کارمەندان.

بەڵام لە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی پەیوەندی گشتیدا پۆلێنێکی تر هەیە، کە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پشتی پێ دەبەستێت، چونکە زیاتر لەگەڵ ئامانجی ئەم توێژینەوەدا دەگونجێت بریتییە لە:-

**ئەرکی یەکەم/ ئەنجامدانی توێژینەوە:**

کارەکانی پەیوەندی گشتی بە توێژینەوە دەست پێدەکات، دواتر دانانی پلان و چۆنێتی گەیشتن بە جەماوەر و گونجاندنی لە نێوان پێکهاتەکاندا، دوا کار هەڵسەنگاندن بۆ هەموو ئەو کارانەی ئەنجامدراون.

توێژینەوە: لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و ورد و ڕێکخراوە بۆ دیاردەیەکی دیاریکراو، بەهۆی بەکارهێنانی میتۆدێکی زانستیەوە لە پێناو گەیشتن بە ڕاستی و سوودوەرگرتن لێی[٢].

هەروەها توێژینەوە: کۆکردنەوەی زانیارییە، بە مەبەستی وەڵامدانەوەی کۆمەڵێك پرسیار بۆ چارەسەری کێشەیەك، یان تێگەیشتن لە دیاردەیەك[٣].

توێژینەوەی پەیوەندی گشتی: کۆکردنەوەی زانیاریە بەهۆی ئەنجامدانی توێژینەوە و گرنگیدان بە کۆکردنەوەی زانیاری پێویست لەسەر ژینگەی ناوەوە و دەرەوەی دامەزراوەکە و گرنگییەکی بنچینەیی، کە لە پەیوەندی

---

١. على عجوة، الأسس العلمية للعلاقات العامة (القاهرة: عالم الكتب، الطبعة الرابعة،٢٠٠٠)ص ٤٠

٢. ابراهيم عبداللة المسلمي، مناهج البحث في الدراسات الاعلامية (القاهرة:دار الفكر العربي،٢٠٠٨) ص٢١.

٣. جمال المجاهد، العلاقات العامة رؤية نظرية(الاسكندرية:دار المعرفة للجامعة نشرو التوزريع ،٢٠١٠) ص٤٦.

گشتیدا هەیە، هەروەها ئەرکێکی ستراتیژییە و هەوڵدەدات بۆ توێژینەوە و شیکردنەوە لە بارەی دامەزراوەکەوە[1].

**توێژینەوە لە پەیوەندی گشتیدا دەکرێت بە دوو بەشەوە:**

١. ناوخۆی دامەرزاوەکە بۆ شیکردنەوەی کار و چالاکییەکان و پلانەکانی و سیاسەت و بەرنامە و بەرهەمەکانی.

٢. دەرەوەی دامەزراوەکە بۆ زانینی ڕای جەماوەر و ویست و ئارەزو و ئاڕاستەکانیان ئەنجامدەدرێت، توێژینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری کردارێکی بەردەوامە کورتناکرێتەوە بۆ تەنیا لە ئێستادا، ژینگەی ناوخۆ و دەرەوەی هەر دامەزراوەیەك ژینگەیەکی گۆڕاوە و دەبێت چاودێری ئەو گۆڕانکارییانە بکرێت، پێدانی ڕاسپاردە بۆ چۆنێتی مامەڵکردن لەگەڵیدا، توێژەر لە توێژینەوەی پەیوەندی گشتیدا زانیارییەکان کۆدەکاتەوە و دواتر دەبنە بنەمایەك بۆدانانی پلان و بەرنامەی پەیوەندی گشتی[2].

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەو باسکردنی توێژینەوە لە پاری دووەمی ئەم بەشەدا، کە یەکەم هەنگاوی پلاندانانی هەڵمەت بە توێژینەوە دەستپێدەکات زیاتر ڕوونکراوەتەوە.

**ئەرکی دووەم/ پلاندانانی پەیوەندی گشتی**

پلاندانان بۆ پەیوەندی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٣٧) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لەو ساڵەدا ڕوودانی ڕووداوەکان و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی فراوان بوو[3].

پلاندانان، چالاکییەکی عەقڵی ئیرادییە بۆ هەڵبژاردنی باشترین ئەو توانایانەی بەردەستن بۆ هێنانەدی مەبەستێکی دیاریکراو لە کاتێکی دیاریکراودا بەکاردەهێنرێت. پلاندانان بە جیاوازی هەڵوێستی دامەزراوەکە و ئەو جەماوەرەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات جیاوازە، بۆ باشکردنی بارودۆخ و گۆڕانکاری کتوپڕ و قەیران دادەنرێت[4]، هەروەها پلاندانان بۆ پەیوەندی گشتی دانانی سیاسەت و بەرنامەی گەیاندن و ڕاگەیاندنە، کە پێویستە لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی دابڕێژێت [5].

پۆلێنەکانی پلاندانان، چەند جۆرێکی هەیە ئەوانیش[6]:

١) خۆپارێزی: پلانێکی درێژخایەنە ئامانجی هێنانەدی پەیوەندییەکی باش و بەردەوامە بۆ دڵنیایی تێگەیشتن لە نێوان دامەزراوەکە و جەماوەرەکەیدا.

٢) چارەسەر: ئەو پلانەیە چارەسەری بارودۆخێك یان قەیرانێکی بچوك دەکات.

---

١. السيد السعيد عبدالوهاب محمد، ستراتيجيات إدراة الازمات و الكوارث دور العلاقات العامة(القاهرة: دار العلوم للنشر والتوزيع، ٢٠٠٦) ص ١١٨.

٢. عبدالمعطي محمدعساف، محمد فالح صالح ، أسس العلاقات العامة(عمان: دار الحامد للنشر والتوزيع،٢٠٠٤)ص ص١٣١ ،١٣٢.

٣. محمد عبدالفتاح محمد، العلاقات العامة بمنظمات الرعاية الاجتماعية(المكتب الجامعي الحديث،٢٠٠٦)ص١٢١.

٤. على جبار الشمري، الأساليب العلمية في الممارسة العلاقات العامة سەرجاوەی پێشوو، لا٥١-٦٢.

٥. عبدالمعطي محمد عساف، محمد فالح صالح، سەرچاوەی پێشوو لا٣٦.

٦. حمدى شعبان، سەرچاوەی پێشوو،لا٦٦

هەروەها پلاندانان بە پێی کات[١]:

أ. پلاندانانی کورت خایەن: ئەو پلانەیە کە لە ماوەی ساڵێکدا ئەنجامدەدرێت.

ب. پلانی مام ناوەند: ئەمجۆرە بۆ ماوەی ساڵێك بەرەو سەر تا پێنج ساڵە.

ج. پلانی درێژخایەن: ئەمجۆرە پلانە ماوەکەی پێنج ساڵ بەرەو سەرەوو تایبەتە بە پرۆژە ستراتیژیەکان.

پلاندانان بەپێی بوارەکان[٢]:

١. پلاندانانی ئەرك: ئەم پلانە تایبەتە بە چالاکیەکانی دامەزراوەکە، وەك بەرهەمهێنان، سامانی مرۆیی، پەیوەندی گشتی.

٢. پلاندانانی ڕێکخستن: ئەم پلانە بۆ هەموو دامەزراوەکە و بەشەکان و بەڕێوبەرایەتیەکانە بۆ پرۆژەی تایبەت.

٣. پلاندانانی بنچینەیی: پلانی پەیامی دامەزراوەکەیە، بۆ دانانی ئامانج و سیاسەت و بەرنامە و بودجە.

٤. پلاندانان بە پێی سروشتی چالاکییەکان دابەشدەبێت بۆ پلانی جۆرێتی و پلانی خزمەتگوزاری[٣].

## سودی پلاندانان بۆ پەیوەندی گشتی

دوورکەوتنەوە لە بڕیاردانی خێرا و بەهەدەردانی دارایی و بەگەڕخستنی باشترین ئامرازی پەیوەندیکردن بۆ گەیشتن بە جەماوەری دامەزراوەکە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕووداوەکان و باردۆخە کتوپڕ و چاوەڕواننەکراوەکان هاوکاری دامەزراوەکە دەکات[٤]، هەروەها یارمەتیدەرێکی باشە بۆ پەیوەندیکردن لە نێوان تاك و کۆمەڵ و لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی کار بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی هاوبەش دەکەن، نوێبوونەوەی پلاندانان یارمەتی بیرکردنەوەی دامەزراوەکە دەدات بۆ دیاریکردنی ئامانجی کارکردن و ئاڕاستەکردن بەرەو ئامانجی دامەزراوەکە، لە لایەکی ترەوە پلاندانان لە لایەنی داراییەوە یارمەتیدەرە، ئەویش بە دیاریکردنی کات و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی تێچوونەکان، هەروەها بۆ پێوانەی چاودێریکردن، کە پشکنین بۆ ئاشکرا کردنی ئەدای کارکردن و ئەدای پلانەکە پێش جێبەجێکردن دەکات بۆ ئاشکراکردنی لەڕێ لادراوەکان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان[٥].

### ئەرکی سێیەم/ پەیوەندیکردن لە پەیوەندی گشتیدا

پەیوەندی گشتی دەتوانێت لە ڕێگەی پلاندانانەوە کاریگەری لەسەر ڕایگشتی دابنێت، ئەویش لە ڕێگەی جێبەجێکردنێکی دروست و بە بەکارهێنانی شێوازی پەیوەندی دوو لایەنە[٦]، پەیوەندی گشتی لە ناوەڕۆکدا چالاکییەکی پەیوەندیکردنە بۆ گەیاندنی پەیامی دامەزراوەکە بە کۆمەڵگە، سەرکەوتنی دامەزراوە و کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان، پەیوەندیدارە بە تواناییان لە پەیوەندیکردن بە جەماوەرەوە بۆ پێکهێنانی وێنەیەکی زەینی ئەرێنی و ناوبانگی باش و کاریگەری کردنەسەر ڕایگشتی.

---

١. دیندار حسین احمد، پەیوەندیە گشتەیەکان سەرهەڵدان و وەریفەکانی (هەولێر، لە بلاۆکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی،٢٠١٥)لا ٩٤،٩٥لا

٢. حمدی شعبان، سەرچاوەی پێشوو،لا٤١.

٣. باقر موسى، الصورة الذهنية في العلاقات العامة (عمان:دار أسامة للنشر والتوزيع،٢٠١٣) ص ٣٣.

٤. مهدى حسن زولف، احمد القطامين، العلاقات العامة النظرية و الاساليب( عمان دارحنين للنشر والتوزيع، ١٩٩٤)ص٤٩.

٥. حجازى سعيد ابو غانم ، تخطيط وإدارة النشاط والحملات الاعلامية (عمان: دار اسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١١) ص ص١٢٤،١٢٥.

٦. عبدالرزاق محمد الدليمي ،العلاقات العامة رؤية معاصرة(عمان: دار وائل للنشر والتوزيع، ٢٠١١) ص٨٣- ١١٨.

پەیوەندیکردن چالاکیەکی بنچینەییە لە پەیوەندی گشتیدا، چونکە پەیوەندی گشتی بە پلەی یەك پەیوەندیکردنە بەجەماوەرەوە[١]، هەروەها پەیوەندی گشتی تەنیا بلاّوکراوەیەك، یان پروپاگەندەیەك نییە، بەڵکو کاری گونجاندن و ڤایلکردنی نێوان دامەزراوەکە و جەماوەرە بەهاوکاری هۆکارەکانی ڕاگەیاندن[٢].

ئامانجی سەرەکی پەیوەندی، ئاڵوگۆڕی زانیارییە لە نێوان تاکەکان بەمەبەستی گۆڕینی ڕەفتار، یان جێبەجێکردنێکی کارێك، بەڵام ئامانجی لاوەکی پەیوەندی بریتییە لە (شیکردنەوەی ئامانج و پلانی دامەزراوەکە بۆ کارمەندان، هەروەها بۆ بەدەستهێنانی تێگەیشتن لە نێوان کارمەندان و ئەندامانی کارگێڕی بالاّ و بەدەستهێنانی متمانەو تێگەیشتن لە نێوان دامەزراوەکە و کۆمەڵگە، هەروەها سەرکردایەتی و ئاراستەکردنی تاکەکان و گونجاندن لە نێوانیاندا و هاندانیان بۆ کارکردن، پاشان ڕێکخستنی لایەنەکان، بەمەبەستی ڕازیبوون لە کارەکانیان و بەرزکردنەوەی گیانی هاوکاری[٣].

**ئەرکی چوارەم/ گونجاندن لە پەیوەندی گشتی**

واتە گونجاندنی پەیوەندی لە ناو دامەزراوەکە و  پەیوەندی دامەزراوەکە بە جەماوەری دەرەوە، ئەویش بە زیادکردنی زانیاری و هەواڵ و بلاّوکراوە و ئاماری پەیوەست بە پەیوەندی گشتی بە تایبەت ئەوانەی کاریگەری لەسەر ناوبانگی دامەزراوەکە هەیە[٤]، یان یەکخستنی تێڕوانینی کارگێڕییە جیاوازەکان، لەگەڵ تێڕوانینەکانی دامەزراوەکە بۆئەوەی بەریەککەوتن ڕونەدات، بۆ سەرکەوتنی پەیوەندی گشتی هەوڵدەدات پشت بە کارلێکی هەمیشەیی لە نێوان لایەنە جیاوازەکانی کارگێڕی و جەماوەری ئەو دامەزراوەیە ببەستێت [٥].

ئەرکی گونجاندن ئەمانە دەگرێتەوە: (پێویستە پلانی پەیوەندی گشتی تەواوکەری پلانی گشتی دامەزراوەکە بێت، بەرنامە و چالاکیەکانی پەیوەندی گشتی لەگەڵ چالاکیەکانی تری دامەزراوەکە بگونجێت، لەگەڵ پێشکەشکردنی ڕێنمایی بۆکارگێڕی بالاّ لە بارەی سیاسەتی دامەزراوەکە و بەشداریکردن لە بڕیارداندا، بەتایبەتی ئەو بڕیارانەی پەیوەندی بە جەماوەری دامەزراوەکەوە هەیە، گونجاندن و هاریکاری لەگەڵ کارگێڕی ناوەند و کارمەندان[٦]، هەروەها بۆ تێگەیشتنی زیاتری کارمەندان لەو چالاکیانەی پەیوەندی گشتی ئەنجامی دەدات، بوونی ڕێگە و دەروازەی ڕێکخستنی پەیوەندی لە پەیوەندی گشتیدا ڕاستەوخۆ گونجاندن ئاسانتر دەکات، گیانی هاوکاری لە نێوان کارمەندانی پەیوەندی گشتی زیاد دەکات، گونجاندن کارێکی هەمیشەیی و بەردەوامە لە پەیڕەوکردنی چالاکیەکانی پەیوەندی گشتی بۆ بەدەستهێنانی چالاکیەکانی پەیوەندی گشتی بەبێ بەریەککەوتن، پێویستە گونجاندن لە نێوان ئەو لایەنانەی بەشدارن لەو چالاکییەدا هەبێت، هەروەها پێویستە گونجاندنی ناوخۆیی لە نێوان بەشە جیاوازەکانی ناویەك ڕێکخستندا هەبێت، گونجاندنی دەرەکی کاردەکات بۆ

---

١. حمدی شعبان، التخطیط للعلاقات العامة (عمان: شركة ناس للطباعة،٢٠٠٥) ص٥٥.

٢. عبدالناصر احمد، لبنان هاتف، اسس العلاقات العامة بین النظریة والتطبیق (عمان: دار الیازوري للنشر والتوزیع،٢٠١٣)، لا٣١٧.

٣. محمد عبدة حافظ، سەرچاوەی پێشوو،لا١٤٢.

٤. منال هلال المزاهرة، إدارة العلاقات العامة و التنظیمها (عمان: دارالمسیرة للنشر والتوزیع، ٢٠١٥) ص٤١.

٥. جمال المجاهد، سەرچاوەی پێشوو ،لا٣٧.

٦. یاس خضر البیاتی، عبدة محمد داود، شیماء السید السالم، مقدمة في العلاقات العامة و الاعلان (عمان: الأفاقة المشرقة للنشر والتوزیع، ٢٠١٢)، لا٤٤.

گونجاندن لە نێوان هەموو ئەو چالاکیانەی دامەزراوەکان و چالاکیە جیاوازەکان کە لایەنەکانی تر ئەنجامی دەدەن[١].

**ئەرکی پێنجەم/ هەڵسەنگاندن لە پەیوەندی گشتی**

ئەم ئەرکە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەنجامی بەرنامەی پەیوەندی گشتی ئەنجامدەدرێت، لەپێناو دیاریکردنی لایەنە کەم و کورپەکانی بڕیاردان، هەروەها پێداچوونەوە بەمەبەستی دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی بەرنامەکە و بەدەستهێنانی ئامانجی دیاریکراو[٢].

لە پێناسەیەکی تردا چوارچێوەیەکی گشتییە بۆ پێوانەی ماوەی بەدەستهێنانی ئەنجام و ئامانج، هەڵسەنگاندن بۆ پاڵپشتی لایەنی ئەرێنی و پێداچوونەوەی لایەنە لاوازەکانە، ئەو ئامرازانەی لە توێژینەوەی زانستی بەکاردێن هەمان ئامراز بۆ هەڵسەنگاندنیش بەکاردێن، جیاوازی نێوانیان هەڵسەنگاندن ئامانجەکەی دیاریکراوە و ئەنجامی کردەییە[٣].

لە پاری دووەمدا بە وردی توێژەر هەڵسەنگاندنی ڕوونکردۆتەوە.

---

١. على جبار الشمري، الأساليب العلمية في الممارسة العلاقات العامة، سەرچاوەی پێشوو، لال٥٨،٥٩.

٢. عبدالرزاق محمد الدليمى، سەرچاوەی پێشوو لا ٧٣.

٣. على جبار الشمري، الأساليب العلمية في الممارسة العلاقات العامة، سەرچاوەی پێشوو، لا٦٤.

# پاری دووەم

# چەمکی هەڵمەتی پەیوەندی گشتی

## یەکەم/ چەمکی هەڵمەت

لە زمانی کوردیدا (حمل) واتە هەڵگرتن، بار، بارگە (حملة) واتە پەلامار، هەڵمەت، شاڵاو[١]، لە زمانی عەرەبیدا هەڵمەت (الحملة) واتا فشار و رەنجکێشان و هەوڵدان. لە فەرهەنگە ئینگلیزییەکاندا وشەی (Campaign) بە واتای هەڵمەت بەکارهاتووە، واتا هەڵمەت و داگیرکردن، هەروەها وشەی (Campaign) کە بریتییە لە زنجیرەیەك چالاکی سەربازی، ئەگەر لە شەڕدا یان لە بەشێك لە شەڕدا بێت.

هەروەها واتاکانی لە هەڵمەتی سەربازییەوە گۆڕاون بۆ هەڵمەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەرجەم جۆرەکانی هەڵمەت، بەشێوەیەك واتای گشتی بۆ وشەی هەڵمەت بریتییە لە:

هەوڵەکان بۆ ئەنجامدانی هەڵمەت هەڕەمەکی نین، بەڵکو هەوڵی ڕێکخراو و پلان بۆ داڕێژراو و بەردەوامن، بۆ بەکارهێنانی سەرجەم توانا بەردەستە تەکنیکی و ئابوری و مرۆییەکان، هەروەها ئامانج لە هەڵمەتی سەربازیی بریتییە لە سەرکەوتن بەسەر دوژمندا، لە هەڵمەتە سیاسییەکاندا ئامانج سەرکەوتن، یان بردنەوەیە، بەڵام لە هەڵمەتە کۆمەڵایەتی و بازرگانییەکاندا، بەدەستهێنانی کاریگەرییە بەو ئاڕاستەیەی ئامانجەکانمان لە پەیوەندییەکاندا بەدەست دێنین، پاشان لە هەڵمەتە کۆمەڵایەتییەکاندا هاندانە بۆ پەسەنکردن، هەموارکردنەوە، دوورکەوتنەوە لە هەندێك بیروڕا و ڕەفتار و ئاڕاستە، لە هەڵمەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و بازرگانیدا هۆکاری جیاجیای تایبەت بە جەماوەر وەك ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسیی، رۆشنبیری، دەروونی بەرەنگاری بنچینەیی دژی هەڵمەت دادەنرێن، سەرجەم هەڵمەتە جۆراوجۆرەکان ئامرازی جیاجیا بۆ قایلکردن و کاریگەری دانان ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەکاردەهێنن[٢].

- سیاسەتمەدارەکان بۆیان دەرکەوت فراوانبوونی میدیا ئەو ئاماژەیەی دەرخست، کە هەڵمەت ڕێگەیەکی نوێ و پێویستە، هەر بۆیە لەساڵی (١٨٩٦) هەردوو رکابەری سەرۆکایەتی (ویلیام جێنینگز بریان) و (ویلیام مەکینلی) بارەگاکانیان لە شیکاگۆ بوو، هەڵمەتێکیان دەسپێکرد بە ئامانجی دەرکردنی ڕۆژنامە و دیاریکردنی شوێن بۆ فرۆشتنی رۆژنامە و نامیلکەکان، ئەمەش بە سەرەتای درووستبوونی هەڵمەتی نیشتمانی بە شێوازێکی سەردەمیانە دادەنرێت[٣].

**پێناسەی هەڵمەت**: هەڵبەت چەندین پێناسەی جۆراوجۆر بۆ دەستەواژەی هەڵمەت کراوە، هەریەکەیان لە ڕوانگەی جیاجیاوە تیشکیان خستۆتەسەر لەوانەش:

**هەڵمەت**: هەوڵێکی چڕ و پڕە بۆ ماوەیەك بە هەموو هۆ و شێوازێك بۆ بەرچاوخستن و گفتوگۆ لەسەرکردن و بەدواداچوونی بابەتێکی دیاریکراو بەردەوامە، یان هەوڵی بەردەوامە بۆ هێنانەدی ئامانجێك، هەروەك دەشێت هەڵمەتەکە لەگەڵ شتێك یان دژی شتێکی دیاریکراو بێت[٤].

---

١. بەدران ئەحمەد حبیب، فەرهەنگی زاراوە ( هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان،٢٠٠٣) لا ٥٦.

٢. محمد منير حجاب، إدارة الحملات الانتخابية (القاهرة: دار الفجر للنشر والتوزيع،٢٠٠٧)ص ص ١٥،١٦.

٣. Stanlely J.baran. introduction to mass communication media literacy and culture . sixth edition .New York .published by McGraw-Hill companies . ٢٠١٠ page ٣٠٠,٣٠١ .

٤. كرم شلبي، سەرچاوەی پێشوو، ص١٤١.

**هەڵمەت**: بڵاوکردنەوەی زانیاری تایبەت بە بیرۆکەیەك، یان کارێك یان کەل و پەل یان بۆ خستەڕووی بابەتێك بە شێوەیەکی پلان بۆدارێژراو بۆ ماوەیەکی بەردەوام بە ئامانجی بەدەستهێنانی فیدباکێکی گونجاو لەگەڵ ئامانجە ڕاگەیەندراوەکەدا[1].

**هەڵمەتی ڕاگەیاندن**: پلانێکی نوسراو و ماوە کورتە، ناوەڕۆکەکەی کۆمەڵێك پەیام لەخۆ دەگرێت، بەهۆی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و لە ماوەیەکی دیاریکراودا، کەمتر لەساڵێك جێبەجێ دەکرێت، لە هەڵمەتی ڕاگەیاندندا کێشەیەك دیاریدەکرێت لەگەڵ جەماوەری مەبەستدار و ئامانج و ستراتیژێکی دیاریکراو بۆ گەیشتن بە چارەسەری ئەو کێشەیە [2].

**هەڵمەتی پەیوەندی گشتی**: کۆمەڵێك چالاکی پلان بۆ داڕێژراوە بۆ چارەسەرکردنی بابەتێك، یان کێشەیەك یان بۆ باشترکردن و ڕاستکردنەوەی دۆخێك، یان هەل قۆستنەوە لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئەنجامدەدەرێت، بەشێکە لە بەرنامەی پەیوەندی گشتی [3].

**هەڵمەتی پەیوەندی گشتی**: پلاندانان و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندنی پلانی چالاکی پەیوەندی گشتیە، کە ئامانجی چارەسەری کێشەیەك، یان سوودوەرگرتن لە هەلێك دەگرێتەوە[4].

**هەڵمەتی پەیوەندی گشتی**: چالاکییەکی ڕێکخراو، یان پرۆسەیەکە بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجی بازرگانی، یان کۆمەلأیەتی یان سیاسی ئەنجامدەدرێت، هەڵمەتی پەیوەندی گشتی بە هەوڵدانێکی دامەزراوە دادەنرێت بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی بەرپرسیار، لەڕێگەی بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی لەسەر بنەمای توێژینەوە دانراون، ئەویش لە ڕێگەی جێبەجێکردنی ستراتیژیی گەیاندن و پێوانەکردنی ئەنجامەکان[5].

لە کۆی ئەو پێناسانەی لای سەرەوە دەتوانین بڵێین:

- **هەڵمەت**: چالاکییەکی پلان بۆداڕێژراوە، بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجێك لە ماوەیەکی دیاریکراودا، بیرۆکەیەك یان کێشەیەك دەستنیشان دەکات، بۆ جەماوەرێکی مەبەستدار و بەبەکارهێنانی سەرجەم ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، کە چەند پەیامێك لەخۆدەگرێت.
- **هەڵمەتی پەیوەندی گشتی**: چالاکیەکی پلان داڕێژراوی پەیوەندی گشتییە و لە ماوەیەکی دیاریکراودا دامەزراوەیەك ئەنجامی دەدات، لەپێناو چارەسەری کێشەیەك، یان بیرۆکەیەك، لەڕێگەی چەند پەیامێك، بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، ئاڕاستەی جەماوەری مەبەستدار دەکرێت، هەروەها بەگرتنەبەری چەند ستراتیژو تەکتیکێك بۆ گەیشتن بە ئامانج.

---

١. حجازى سعيد أبو غانم ، سەرچاوەی پێشوو ،ل١٣٦.

٢. محفوظ احمد جودة، العلاقات العامة مفاهيم وممارسات(عمان: دار الزهران للنشر والتوزيع، الطبعة الرابعة، ٢٠٠٢ ) ص ١٢٨.

٣. فاطمة عبدالكاظم الربيعي، برامج العلاقات العامة واستراتيجية بناء و تعزيز سمعة المؤسسة ،**<u>الباحث الاعلامي</u>**، مجلة علمية اكاديمية مكحمة تعني بشؤون الاعلام و المشكلات الاعلامية تصدرها: كلية الاعلام – جامعة بغداد ، العدد(٨)اذار ٢٠١٠ ، نسخة الالكترونية ، ص ١٦٩.

٤. دون و . ستاكس، شانون أ.بوون ، قاموس العلاقات العامة القياس و البحث، ترجمة: على دبكل الغزي، طبعة الثالثة ( نسخة الالكترونية، ٢٠١٣) ص٤.

٥ .Mark Sheehan، AUSTRALIAN PUBLIC RELATIONS CAMPAIGNS، A select historical perspective ١٨٩٩-١٩٥٠، *School of Communication and Creative Arts, Deakin University, Geelong, Australia*، Australian Media Traditions ٢٠٠٧ page ٢.

لە کۆی ئەو پێناسانەی خراونەتە ڕوو، چەند تایبەتمەندییەکی هەڵمەت دیاریدەکەین:

١) پرۆسەیەکی پلان بۆ داڕێژراوە.
٢) چالاکییەکی مەبەستدارە.
٣) سەرجەم ئامڕازەکانی پەیوەندی و ڕاگەیاندن بەکاردێنێت.
٤) بیرۆکە و پەیامی هەیە.
٥) ستراتیژ و تاکتیکی هەیە.
٦) جەماوەرێکی مەبەستداری هەیە.
٧) کاتێکی دیاریکراو.

## دووەم/ سروشتی هەڵمەتی پەیوەندی گشتی

چالاکییە کارگێڕییەکانی پەیوەندی گشتی، کاریگەرییان لەسەر هەڵبژاردنی باشترین شێوازی ڕێکخستن و جێبەجێکردن هەیە، کە پێکدێت لە کۆمەڵێك چالاکی بۆ هێنانەدی ئامانجە خوازراوەکان قۆناغ بە قۆناغ ئەنجامدەدرێن، چالاکییە سەرکەوتووەکان، پشت بە جێبەجێکردنی کۆمەڵێك هەڵمەتی دیاریکراو دەبەستن، ئامانجی سەرەکیان بریتییە لە دروستکردنی بارودۆخێك، کە دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە ئامانجەکانی لایەنی پەیوەندیدار بەدیبهێنرێن و پەیوەندی کۆمەڵایەتی گونجاو دروست ببێت[1].

دەتوانرێت هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی لە چەند بوارێك ئەنجامبدرێت، ئەوانیش[2]:

- گەشەپێدانی پەیوەندی بەرفراوان لەگەڵ کۆمەڵە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکان.
- جێبەجێکردنی بەرنامەی کاری خێرخوازی.
- بەکارهێنانی پەیوەندییە گشتییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان، بە ئامانجی دروستکردنی کاریگەری لەسەر دامەزراوە حکومییەکان، یان بۆ هەڵبژاردنی کاندید بۆ پۆستە سیاسیەکان.
- بەکارهێنانی هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی درێژخایەن بۆ بەرگرتن لە کێشە گەورەکان.
- بەڕێوبردنی قەیرانەکان.
- دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتە ناوچەییەکان، یان کارگێڕیە خۆبەڕێوبەرەکان.
- دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کارمەندانی لایەنی پەیوەندیدار.
- ئەنجامدانی هەڵمەتی بەبازاڕکردن و هاندان بۆ داواکردنی بەرهەمی نوێ، یان ئەو بەرهەمانەی هەن.
- ڕێکخستنی چالاکی پەیوەندی گشتییە تایبەتییەکان، کە هەفتەیەك دەخایەنن، یان ئەنجامدانی کۆمەڵێك چالاکی جۆراوجۆر کە چەند مانگێك دەخایەنن.
- هەڵمەتی پەیوەندی گشتی بۆ چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان.
- هەڵمەتی پەیوەندی گشتی بۆ خستنەڕووی هونەر و پاراستنی بەرژەوەندییەکان.

---

[1]. محمد البخاري، تنفيذ حملات العلاقات العامة، ڕۆژی سەردانیکردن١٦/١٠/ ٢٠١٦ کاتی سەردانیکردن ٨:٤٠ خولەك http://diae.net

[2]. هەمان سەرچاوە.

## سێیەم/ جۆرەکانی هەڵمەت

- جۆری هەڵمەت، بەپێی ئامانجەکان دەگۆڕێن، دەتوانرێت بەمجۆرە دیارییبکرێن[١]:

١. هەڵمەتی ناساندنی دامەزراوەکە و ئامانج و چالاکی و خزمەتگوزارییەکانی.
٢. هەڵمەتی دروستکردنی وێنەی زەینی بۆ دامەزراوەکە.
٣. هەڵمەتی بەبازاڕکردنی بەرهەم، یان خزمەتگوزاری.
٤. هەڵمەتی چالاکییەکانی وەك کۆنگرە.
٥. هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی تەندروستی، یان کۆمەڵایەتی.

- جۆرەکانی هەڵمەت بە پێی چالاکی پەیوەندی گشتی لە بواری بەکارهێنەردا، دابەشدەبێت بۆ شەش جۆر[٢]:

١. هۆشیاری گشتی
٢. فێرکاری گشتی
٣. گۆڕینی ئاڕاستەکان
٤. زانیاری لەگەڵ هۆشیاری
٥. پشتگیریکردنی ئاڕاستەو ڕەفتار
٦. گۆڕینی بەکارهێنەر

- **هەڵمەت بە پێی بابەت بریتیە لە هەڵمەتی گۆڕینی کۆمەڵایەتی:**

هەڵمەتەکانی گۆڕینی کۆمەڵایەتی* لە سەردەمی نوێدا، تایبەتە بە پاراستنی تەندروستی و خۆشگوزەرانی تاك، هەندێك لەو بابەتانە چارەسەری کێشەی کۆمەڵایەتی وەك مادده هۆشبەرەکان و پیسبوونی ژینگە دەکەن، کە ئامانجیان بەدەستهێنانی گۆڕانکارییە لە ڕەفتاری تاکدا، هەروەها ئامانجی جۆرە جیاوازەکانی هەڵمەتی کۆمەڵایەتی بریتییە لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و هۆشیاری و چاکسازی کۆمەڵایەتی و ئابووری[٣].

**جۆرەکانی هەڵمەتی گۆڕینی کۆمەڵایەتی ئەمانە دەگرێتەوە:**

هەڵمەتی گۆڕینی کۆمەڵایەتی چەند جۆرێك لەخۆدەگرێت، دەتوانین لێرەدا ئاماژەیان پێبکەین[٤]:

**١. هەڵمەتەکانی گۆڕینی زانیاری:**

ئامانجی هەندێك لە هەڵمەتەکانی گۆڕینی کۆمەڵایەتی، زیادکردنی زانیاری و هۆشیارییە لەسەر بابەتێك، ئەمجۆرە لە هەڵمەت، زانیاری گشتی یان فێرکردنی گشتی دەگرێتەوە.

**٢. هەڵمەتی گۆڕینی کردار:**

---

١. حنان احمد سليم، الحملات الاعلامية عبر الاعلام الجديد الطبعة الثانية، المكان بدون ناشر، ٢٠١٦، ص ٣٦.

٢. أليسون فيكر، سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٠٩.

* گۆڕینی کۆمەڵایەتی هەوڵێکە بۆ کاریگەری کردنە سەر هەڵوێست و رەفتاری تاك ئامانجی گۆڕینی یان دوورکەوتنەوەیە لە هەندێك بیرۆکە.

٣. منى الحديدي، شريف درويش اللبان ، فنون الاتصال والاعلام المتخصص (القاهرة: الدار المصرية اللبنانية، ٢٠١٣)ص٤١.

٤. هەمان سەرچاوە، لا ٤٣- ٤٥.

ئامانجی قەناعەت پێکردنی ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکانە بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو لە کاتێکی دیاریکراودا، وەك ئەو هەڵمەتانەی بۆ ڕێککەوتن لەسەر یاسایەکی تایبەت بۆ پاککردنەوەی ژینگە و پاراستنی ئەنجامدەدرێت، لەم هەڵمەتەدا تەنیا زانیاری بەجەماوەر نادرێت، بەڵکو بۆ ئەنجامدانی کارێك هانیاندەدات.

**٣. هەڵمەتەکانی گۆڕینی ڕەفتار:**

ئامانجی هاندانی تاکە بۆ گۆڕینی هەندێك شێوازی ڕەفتار، ئەم هەڵمەتانە بە هەڵمەتە سەختەکان دادەنرێت، چونکە گۆڕینی ڕەفتاری تاك، کە ماوەیەکی زۆرە پەیڕەوی دەکات کارێکی زەحمەتە، لەم جۆرەی هەڵمەتدا تەنیا بڵاوکردنەوەی پەیام لە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنەوە کاریگەر نییە، بەڵکو شێوازی چاوپێکەوتن و پەیوەندی کەسی پێویستە.

**٤. هەڵمەتەکانی گۆڕینی بەها:**

ئامانجی گۆڕینی بەهاو باوەڕە، وەك هەڵمەتەکانی ڕێکخستنی خێزان، ڕێژەی سەرکەوتن لەم هەڵمەتانەدا کەمە، ئەو لایەنانەی مەبەستیانە گۆڕانکاری لەم جۆرە هەڵمەتانەدا بکەن، پەنادەبەنەبەر بەکارهێنانی ئەو یاسایانەی تاکەکان ناچاردەکات بەها و باوەڕەکانیان بگۆڕن.

- جەماوەر هەمیشە بەرگری لە گۆڕانکاری دەکات، ناتوانێت بەئاسانی دەست لە داب و نەریتەکانی هەڵبگرێت، پێویستە لە کاتی دانانی بەرنامەکانی پەیوەندی گشتیدا، ڕەچاوی ئەمە بکرێت[١].

چالاکی پەیوەندی گشتی ڕۆڵی گرنگی لە کرداری گۆڕیندا هەیە، ئەرکی سەرشانی کادری پەیوەندی گشتییە کۆمەڵێك لێهاتوویی هەبێت ئەوانیش[٢]:

١. لێهاتوویی مامەڵەکردن لەگەڵ لایەنگرانی گۆڕانکارییەکە.
٢. مامەڵەکردن لەگەڵ بێلایەنەکانی گۆڕانکارییەکە.

## چوارەم/ هەنگاوەکانی پلاندانان لە هەڵمەتی پەیوەندی گشتی

دەتوانین پرۆسەی پەیوەندی گشتی جێبەجێبکەین، لەپێناو نەخشەڕێژی ئەو هەڵمەتانەی، کە ئامانجەکانیان دیاریکراون، بەمەبەستی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی، گرنگیان بۆ دامەزراوەکە هەیە. پەیوەندی گشتی بەرپرسە لە دروستکردنی ژینگەیەك، کە دەتوانێت دامەزراوەکە بە ئامانجەکانی بگەیەنێت، هەروەها هەر هەڵمەتێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەك، یان بۆ دۆخی دامەزراوەیەك ئامادەکرابێت، بەشێوەیەکی کارا دەکرێت پلانی بۆ دابنرێت لە چوارچێوەی ئامانجەکانی دامەزراوەکە[٣].

بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتی ڕاگەیاندن بۆ پەیوەندی گشتی، پێویستمان بە میتۆدێکی کارا هەیە، بتوانێت پلانێکی زانستی دابنێت، هەروەها بۆ ئامادەکردنی هەڵمەتێکی سەرکەوتوو، سەرەتا پێویستی بە بیرۆکەیەك هەیە بۆ دیاریکردنی کارەکان و توانای مرۆیی و ئامڕازەکانی جێبەجێکردن[٤].

**هەڵمەتی پەیوەندی گشتی بەم هەنگاوانە دەستپێدەکات:**

---

[١]. غريب عبدالسميع غريب، الاتصال والعلاقات العامة في المجتمع المعاصرة (الاسكندرية: مؤسسة شباب الجامعة،٢٠٠٦ )ص ١٦.

[٢]. رضوان سليم المحمود، العلاقات العامة في الاعلام (عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١٥) ص ٢٩١- ص٢٩٤.

[٣]. لوري ج. ويلسون، التخطيط الاستراتيجي للبرامج الخاصة بالحملات الفعالة للعلاقات العامة، ترجمة: حسين صلاح الدين(سوريا: دار الرضا للنشر،٢٠٠٦)ص٢٧- ١٠٠.

[٤]. صالح خليل ابواصبع، سەرچاوەی پێشوو،ل١٧٩.

**هەنگاوی یەکەم/ دیاریکردنی کێشە:**

**توێژینەوەی زانستی، هەنگاوی یەکەمە بۆ دەستپێکردنی هەڵمەتی پەیوەندی گشتی و دانانی سیاسەت و بەرنامە لەسەر بنەمایەکی زانستی و بابەتی بوون، توێژینەوە لە دامەزراوەکاندا گرنگە بۆ زانینی ئاراستەی ڕای گشتی، ئەویش بەدانانی پلانێك بۆ پەیوەندیکردن پێیانەوە و ڕازیکردنی رایگشتی، توێژینەوەی زانستی لە پەیوەندی گشتیدا کارێکی بەردەوام و ڕێکخراوە، توێژینەوە دەکرێت لەسەر مێژووی دامەزراوە، سیاسەت و بەرنامە و دەستکەوتەکانی و هەڵوێستی دامەزراوەکانی تر[1]، هەروەها توێژینەوە بۆ ناساندنی دامەزراوەکە و وێنەی زەینی و هاندان و پێوانەی چالاکیەکان و جۆری جەماوەر ئەنجامدەدرێت[2]، توێژینەوە ئەنجامدەدرێت لەسەر ڕایگشتی و وەرگرتنی ڕای جەماوەر لەسەر ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشیان دەکرێت، هەروەها لەسەر کاریگەری گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان بە تایبەتی ئەو توێژینەوانەی ڕۆڵیان لە پاڵپشتی بەرنامەی پەیوەندی گشتیدا هەیە، وەك پیسبوون، یان پاراستنی بەکارهێنەر یان مافی مرۆڤ، ئەمانە بابەتی جێبایەخ و نوێن بۆ توێژینەوەی پەیوەندی گشتی[3].**

**بۆچی و کەی توێژینەوە بەکاردێت:**

**توێژینەوە پەیوەستە بۆ تێگەیشتنی ئەو هەلومەرجەی دامەزراوەکە کاری تێدا دەکات، زانیاری داواکراو و ڕەنگە پێویستی و هەڵوێستی ڕای گشتی، یان هەڵسوڕێنەرانی پرۆسەکە لەخۆبگرێت، کاری ڕۆژانەی هەڵسوڕێنەرانی پەیوەندی گشتی پەیوەستە بە تێگەشتن لە ڕەوشی هەنوکەیی ئەویش بە زانینی ئەوەی چی پێویستە بۆ ناونانی بارودۆخەکە بکرێت، چ دامەزراوەیەك دەتوانێت سەرچاوە پێویستەکان دابینبکات، هەروەها سوربوون لەسەر ئامانجی پرۆگرامی پەیوەندی گشتی کە بەم هەنگاوانە دەبێت:**

١. **کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر دامەزراوەکە وەك وێنەی دامەزراوەکە، بارودۆخەکەی، مێژووەکەی، ڕایگشتی، هەڵمەتەکانی پێشووی دامەزراوەکە، هەروەها دیاریکردنی بەهێزی، لاوازیی، دەرفەت و هەڕەشە کە لەسەر دامەزراوەکە هەبووبێت.**
٢. **زانیاری سەبارەت بە بەبارودۆخی دامەزراوەکە.**
٣. **تێگەیشتن لە ڕای گشتی و هەڵوێستی جەماوەری دامەزراوەکە خۆی، تاقیکردنەوەی بەڵگە حاشاهەڵنەگرەکان، ئەویش بە پشتبەستن بەو تۆمارانەی دامەزراوەکە، وە پێشتر هەڵسەنگاندن بۆ پرۆگرامەکان و هەڵمەتەکان کرابێت[4].**

**دەتوانین گەشە بدەین بە سیستمی چاودێریکردن و وەرگرتنی شیکردنەوە لە ڕێگەی[5]:**

أ. **چاودێریکردنی ئەو بابەتانەی لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاودەکرێنەوە و پەیوەندییان بە چالاکییەکانی دامەزراوەکەوە هەیە.**
ب. **وەرگرتنی زانیاری نارەسمی لە تاك و دامەزراوەکان، کە هەمان چالاکیان هەیە.**
ج. **چاودێریکردنی ئەنجامی توێژینەوەی زانستی، تایبەت بە چالاکی دامەزراوەکە.**

---

١. علی جبار الشمري، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٩،٤٨.
٢. جمال المجاهد، سەرچاوەی پێشوو، لا٥١-٥٣.
٣. مهدی حسن زولف ، احمد القطامين، سەرچاوەی پێشوو لا٤٧.
٤ . EDMOND NG . same source .p ١٧
5. حسن عماد مكاوى، الاعلام ومعالجة الازمات (القاهرة: الدار المصرية اللبنانية، الطبعة الثانية،٢٠٠٩) ص ٨٨.

د. پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ هەموو کارمەندانی دامەزراوەکە و جەماوەری ناوخۆ بۆ زانینی کێشە و بیروباوەڕیان دەربارەی چالاکی دامەزراوەکە.

➢ پۆلێنێکی تر کە لە بواری ڕاگەیاندن بەکاردێت، بریتییە لە توێژینەوەی مێژوویی، پێوانەیی و ئەزموونی.

ئەو پۆلێنەی زیاتر لەگەڵ ئەم توێژینەوەدا دەگونجێت پۆلێنی (إدوين إمرى) و هاوڕێکانیەتی جۆرەکانی توێژینەوەیان دیاریکردووە بەمجۆرە[١]:

توێژینەوە لە سەر ڕێژەی خوێندنەوە، توێژینەوە لەسەر جەماوەر، توێژینەوەی شیکاری، توێژینەوەی ریکلامی، توێژینەوەی ڕای گشتی و شیکاری ناوەڕۆك، توێژینەوەی کاریگەری پەیوەندییەکان، توێژینەوە لەسەر نێرەر، توێژینەوەی داهێنەرانە.

لێرەدا پەیوەندی گشتی شیکردنەوە بۆ سیاسەتی دامەزراوەکە دەکات، بەمەبەستی بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەر، پێویستە زانیاری تەواو لەسەر دامەزراوەکە بزانێت[٢].

بەڕێوبەری پەیوەندی گشتی توێژینەوە بۆ هەموو قۆناغەکانی هەڵمەت و بەرنامەکانی پەیوەندی گشتی بەکاردێنێت، توێژینەوەکان بەپێی پێویستی قۆناغەکانی پلاندانانی هەڵمەتەکە جیاوازە، بەڕێوەبەری پەیوەندی گشتی لە کاتی پلاندانان و پێش جێبەجێکردنی هەڵمەتەکە، پێویستی بە تێگەیشتن لە هەلۆێستی ئەو ژینگەیە هەیە، کە دامەزراوەکەی تێدایە، هەروەها لە ڕێگەی توێژینەوەوە ستراتیژی هەڵمەتەکە و هەڵبژاردنی ئامرازی ڕاگەیاندنی گونجاو دەست نیشان دەکات، شیکردنەوە بۆچوونی پێشینە، یان لایەنی مەیدانی ئامانجی هەڵمەتەکە دیاریدەکات، هەنگاوی دواتر بۆ پلانی هەڵمەت دیاریکردنی بەرنامەیەکی فراوانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە[٣].

توێژینەوەی وردبینی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوەیە لە کارەکانی دامەزراوەکە لەسەر جەماوەرەکەی، ئەمجۆرە توێژینەوەیە پێویستە پێش دەستپێکردنی هەڵمەتەکە ئەنجامبدرێت. بۆ پلاندانی هەڵمەتێکی کورت خایەن پێویستە توێژینەوە سەبارەت بە بابەتی هەنوکەیی ئەنجامبدرێت، هەروەها ئاشکراکردنی تێڕوانینەکانی کۆمەڵگەی ناوچەیی، بەڵام ئەگەر هەڵمەتێکی گەورە بوو توێژینەوەی زیاتر و وورتر و پێشکەوتووی دەوێت[٤].

پێویستە بەرپرسی پەیوەندی گشتی ئەم زانیارییانە بزانێت، دامەزراندن و گەشەکردن، ڕێکخستن، فەلسەفە و سیاسەت، پەیڕەوی کارگێڕی و سیستمی ناوخۆیی، توانای مادی و مرۆیی دامەزراوەکە، ئەم زانیارییانە پێویستە بەرپرسی پەیوەندی گشتی تۆماری بکات و ئاڕاستەی جەماوەری بکات بەمەبەستی بەدەستهێنانی پشتیوانی جەماوەر[٥].

توێژینەوەکانی پەیوەندی گشتی لە بارەی هۆکارە ستراتیژییە ژینگەییەکان ئەوە ڕووندەکەنەوە، هەرچەندە ناسین و پێشبینی داهاتوو ئەستەم بێت، ناتوانێت داهاتوو لەبەرچاو نەگرێت، دەتوانرێت گەلێك دامەزراوە بە

---

١. ابراهيم عبداللة المسلمي، سەرچاوەی پێشوو،لا٥٤-٦٠.

٢. جمال المجاهد، سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٩،٦٠.

٣. فريزر بي سيتل، ممارسة العلاقات العامة، ترجمة: سعد الحسني، أحمد نوري ( غزة: الناشر دار الكتاب الجامعي ،٢٠٠٧) ص ٢٠٨.

٤. ان غريغوری، ادارة حملات العلاقات العامة وتخطيطها، ترجمة :اديب خضور (دمشق: الناشر العربي الاكاديمية السورية الدولية للتدريب و التطوير، ٢٠٠٨) لا لا ٦٧،٦٦.

٥. غريب عبدالسميع غريب، سەرچاوەی پێشوو ،لا١٤٥.

نمونە بهێنرێنەوە، کە لە ناسین و ئاشکراکردنی گۆڕانکارییەکانی ژینگەدا ناکام بوون و شکستیان خواردووە، ئەو گۆڕانکارییانەی هەندێکیان هەلی گەشەسەندن و هەندێکیشیان هەڕەشەبوون بۆ سەر دامەزراوەکە، پێشبینی داهاتوو ئامانجێکە بە ئاسانی هەڵسەنگاندنی بۆناکرێت، ئەوەی دامەزراوەکان دەتوانن لەمبارەیەوە ئەنجامی بدەن، تێڕوانینە لە داهاتوو لەسەر بنەمای لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی پێکهاتە و پرۆسەکانی ئەمڕۆ[١].

**هەنگاوی دووەم/ ئامانج**

هەموو بەرنامەیەك لە بەرنامەکانی پەیوەندی گشتی مەبەستێکی دیاریکراوی هەیە و بە ئامانج ناودەبرێت، هەر هەڵمەتێکی سەرکەوتوو لە هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی، پێویستە بە پێی زنجیرەیەکی کۆتایی نەهاتوو بۆ ڕوونکردنەوەی ئامانجەکانی بێت. لە پلانداندا ئەو ئامانجەی پێویستە لە هەڵمەتەکەدا بێتە دی دیاریدەکرێت، لێرەدا پێویستە وەڵامی ئەو پرسیار بدرێتەوە، کە لە ڕێگەی ئەم ئامانجەوە چی بەدەست دێنیین.

هەڵمەتێکی تایبەت لە زانکۆ ئامانج و جەماوەرەکەی جیاوازە لە دامەزراوەیەکی ئابوری، هەموو دامەزراوەیەکی خزمەتگوزاری، یان ئابوری مامەڵە لەگەڵ جەماوەرێکی دیاریکراو دەکات[٢]، دەتوانرێت ئامانجی کورتخایەن بەدیبهێنرێت بە پێی بەرنامەی پەیوەندی گشتی هەنوکەیی، ڕەنگە پێویست بێت لەو ماوەیەدا هەڵمەتێك جێبەجێبکرێت [٣].

دیاریکردنی ئامانج سێ ئاست لەخۆدەگرێت [٤]:

١) هۆشیاری: کاریگەری دەکاتە سەر جەماوەری مەبەستدار، بەمەبەستی بیرکردنەوە لە شتێك و هەوڵدەدات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتن.

٢) ئاراستەو ڕاکان: کاریگەری لەسەر جەماوەری مەبەستدار هەیە، بۆ پێکهێنانی ئاراستە یان ڕایەکی دیاریکراو بۆ بابەتێك.

٣) ڕەفتار: کاریگەری لەسەر جەماوەری مەبەستدار هەیە بۆ ڕەفتارکردن بەپێی ڕێگەیەکی خوازراو.

پێویستە ئامانجی بەرنامە و هەڵمەتی پەیوەندی گشتی، پاڵپشتی ئامانجی گشتی دامەزراوەکە بن، واتە ئامانجەکانیان هاوبەش بن.

ئامانجی هەڵمەت دەکەوێتە سەر سروشتی جەماوەری مەبەستدار، زۆر لە هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی ئاراستەی جەماوەری نەرێنی دەکرێت، هەرچەندە تێگەیشتن و پشتگیرییان بۆ ئەو بابەتە لاواز بێت، ئامانجی ستراتیژی دەگونجێت لەگەڵ جەماوەری ئەرێنی، بەڵام مەرج نییە لەگەڵ جەماوەری نەرێنی بگونجێت[٥].

ئامانجە سەرەکییەکانی هەڵمەت لە ڕێگەی چەند ئاستێکەوە دیاریدەکرێن:[٦]-

---

[١]. ساندرا اولیور، استراتژی روابط عمومی، وەرگێڕانی بۆ فارسی: محەمەد اعرابی، مرجان فیاضي، چاپی دووەم (تاران: گەنجینەی تاران، ٢٠١٢) لا ٥٢.

[٢]. جمال مجاهد، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٢- ٥٥.

[٣]. انتوني ديفيز، كل شئ أن تعرفه عن العلاقات العامة، ترجمة: حسام الدين خضور(دمشق:الاكاديمية السورية الدولية للتدريب والتطوير، الجزء الثاني، ٢٠٠٩) ص ١٢٣.

[٤]. ان غريغوري، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٠٣،لا١٠٦.

[٥]. راسم محمد الجمال، خيرت معوض عياد، إدارة العلاقات العامة المدخل الاستراتيجي (قاهرة: دار المصر اللبنانية،٢٠٠٥) ،لا ٢٠١، ٢٠٢.

[٦]. وسام محمد أحمد نصر، دور حملات التوعية في الراديو والتلفزيوني التثقيف الصحي للمرأة المصرية، رسالة دكتوراه غير منشورة جامعة القاهرة، كلية الاعلام ٢٠٠٦) ص ١٧٣.

أ.  ئامانجی هەڵمەتەكە چییە؟

ب.  لەو ئامانجانەوە چاوەڕوانی هاتنەدی چی دەكرێت؟

ج.  كەمترین ئاستی هاتنەدی ئامانجە سەرەكییەكان، كە بە سەركەوتنی هەڵمەتەكە دادەنرێت.

ئامانجی هەڵمەتی پەیوەندی گشتی لە دامەزراوەیەكدا ئەمانە دەگرێتەوە[١]:

١.  ناسینی پەیوەندیەكانی دامەزراوەكە بە جەماوەرە جیاوازەكانەوە.

٢.  ئاشكراكردنی بارودۆخی دامەزراوەكە لە ناوخۆ و دەرەوەی، پێش دیاریكردنی ئامانجی پەیوەندی گشتی.

٣.  ئەو گۆڕانكارییانەی بەسەر كۆمەڵگەدا دێت، لە ئاڕاستەكردنی سیاسەتیدا.

٤.  بەدەستهێنانی زانیاری، دەربارەی هەڵوێستی دامەزراوەكان، لە ئێستا و داهاتوودا لە ڕێگەی:

أ.  توێژینەوە لەبارەی ئاڵوگۆڕی بارودۆخ و كاركردنی دامەزراوەكە و شیكردنەوەی بارودۆخی ناوخۆیی.

ب.  لێكۆڵینەوە لە كێبڕكێی دامەزراوەكان.

ج.  ناسینی ئاڕاستەی ڕایگشتی بەرامبەر دامەزراوەكە.

د.  شیكردنەوەی بارودۆخی دەوروبەر بۆ جۆری كاری دامەزراوەكە، لەگەڵ پشتگوێنەخستنی كاریگەری گۆڕانكارییە كۆمەڵایەتییەكان، لەو ژینگەیەی دامەزراوەكە كاری تێدا دەكات.

**هەنگاوی سێیەم/ جەماوەر**

پسپۆڕان بە پێی چالاكی دامەزراوەكە و پێگەی لە ناو كۆمەڵ و قەبارەی دامەزراوەكە بەشێوازی جۆراوجۆر جەماوەر دابەشدەكەن، ئەو دامەزراوانەی كۆمەڵایەتین جیاوازن لە دامەزراوەیەكی بەرهەمهێنان، هەروەها جەماوەری دامەزراوەی حكومی و ناحكومی جیاوازن، بە پێی جەماوەری ناوخۆ و دەرەكی دابەشكردنیان بۆ دەكرێت، بێگومان هەموو جەماوەر ئامانج یان جەماوەری هەڵمەتەكانی پەیوەندی گشتی نین، پێویستە لە پەیوەندی نێوان جەماوەر و دامەزراوەكەدا داواكاری جەماوەرە جیاوازەكان بزانرێت.

جەماوەری پەیوەندی گشتی: هەموو هاووڵاتییەك دەگرێتەوە، جۆرەكانی جەماوەر بۆ یەكەی جیاواز دابەشدەكرێن وەك پزیشك، ئەندازیار ...هتد، دابەشكردنی لاوەكی و جۆری تر لە ناو بەشە سەرەكییەكاندا هەیە، بەڵام كۆمەڵ جەماوەری پەیوەندی گشتی نین. جەماوەری پەیوەندی گشتی كۆمەڵێك كەسن بەرژەوەندی و ئامانجی هاوبەشیان هەیە و كاریگەری لەسەر دامەزراوەكە دروستدەكەن، لە هەمانكاتدا دامەزراوەكە كاریگەریان لەسەر دروستدەكات، پێویستە لە پلان و بەرنامەدانانەدا بە وردی جەماوەر دیاریبكرێت، ئەم دیاریكردنە هاوكار دەبێت بۆ هەڵبژاردنی ئامڕازەكانی ڕاگەیاندن، هەروەها پەیامێك دابنرێت كە لەگەڵ ئاستی ڕۆشنبیری و بیركردنەوەیاندا بگونجێت و لێیتێبگەن[٢].

جەماوەر دامەزراوەیەك هەڵدەبژێرێت، كە لەگەڵ گرنگی پێدانەكانی بگونجێت[٣]، هەندێك جەماوەر ئەركیان لە ناو دامەزراوەكەدا نییە، بەڵام دەتوانن كاریگەری لەسەر دامەزراوەكە دروستبكەن، وەك دەستەی پاراستنی بەكارهێنەر، دەستەی پاراستنی ژینگە، گروپەكانی فشار لە كۆمەڵگەدا[١].

---

١. منال هلال المزاهرة، سەرچاوەی پێشوو ،لا٢٥٨.

٢. منال محمد رحال، سەرچاوەی پێشوو لالا ٥٩-٦١.

٣. انتوني ديفز، كل شئ أن تعريفه عن العلاقات العامة ، ترجمة : حسام الدين خضور( دمشق: الاكاديمية السورية الدولية للتدريب والتطوير، جزئ الثاني، ٢٠٠٩ ) ص ١٤.

جەماوەر بۆ سێ جۆر دابەش دەبێت[٢]:

١. جەماوەری شاراوە: ئەو جەماوەرەیە زانیارییان لەسەر ڕاستییەکان نییە، بەدوای هەواڵدا ناگەڕێن و گرنگی بە چارەسەری کێشەکان نادەن، بەشداریکردنیان لاوازە و بابەتێك کاریگەرییان لەسەر دروستدەکات، بەڵام لە هیچ چالاکیەکی پەیوەندیداردا بەشداری ناکەن.
٢. جەماوەری هۆشیار: ئاستی زانیاری تاکەکان جیاوازە لە نێوان ئاستی ئاسایی و ئاستی زانیاری ورد و قووڵدا، هەوڵدەدن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لە چوارچێوەی زانینەکانی خۆیدا نایکات بە کردار.
٣. جەماوەری چالاك: تاکی ئەم جەماوەرە هەوڵدەدات بۆ گەڕان بە دوای زانیاریدا و کاردەکەن و هەوڵدەدەن مامەڵە لەگەڵ کێشەکاندا بکەن و ڕووداوەکان بگۆڕن.

جەماوەر بەپێی چەند پێوانەیەك پۆلێندەکرێت[٣]:

١. جەماوەری ناوخۆیی و دەرەکیی: جەماوەری ناوخۆ لەناو چوارچێوەی فەرمانگەیەکدان وەك سەرپەرشتیار، بەڕێوبەرەکان، پشکدارەکان. جەماوەری دەرەکی هەموو ئەوانە دەگرێتەوە، کە پەیوەنیدارن بە دامەزراوەکەوە، وەك رۆژنامە، حکومەت، بەکارهێنەران، کۆمەڵ.
٢. جەماوەری بنچینەیی، ناوەندی، لاوەکی: جەماوەری بنچینەیی، دەتوانێت هاوکار، یان ڕێگر بێت لە هەوڵەکانی فەرمانگەکە، جەماوەری ناوەند کەمتر گرنگە و جەماوەری لاوەکی گرنگییەکەی لە هەموویان کەمترە.
٣. جەماوەری ئاسایی و داهاتوویی: ئاسایی جەماوەری ئێستای دامەزراوەکەن بە هەموو جۆرەکانییەوە، بەڵام جەماوەری داهاتوو ئەو جەماوەرەیە، کە پێشبینی دەکرێت لە داهاتوو ببنە جەماوەری دامەزراوەکە.
٤. جەماوەری لایەنگر و نەیار: دامەزراوە بە شێوەیەکی جیاواز لەگەڵ ئەو جەماوەرەی پشتگیری دەکەن و ئەو جەماوەرەی نەیارین مامەڵە دەکات.

بۆ سەرکەوتنی هەڵمەت، پێوستە بە وردی ئەو جەماوەرە دیاریبکرێت، کە هەڵمەتەکەی ئاڕاستە دەکرێت و دیاریکردنی ئەو ڕەفتارەی پێویستە پێشکەشی بکات، بەدەستنیشانکردنی کات و ئامرازی ڕاگەیاندنی گونجاو تێچووی هەڵمەتەکەو هەڵسەنگاندنی[٤].

**تایبەتمەندی جەماوەری هەڵمەت:**

ئەو جەماوەرە دەگرێتەوە کە هەڵمەتەکەیان ئاڕاستە دەکرێت، پێویستە چەند تایبەتمەندییەکیان بزانرێت ئەوانیش[٥]:

١. سروشتی جەماوەری مەبەستدار

---

[١]. راسم محمد الجمال، خيرت معوض عياد، إدارة العلاقات العامة المدخل الاستراتيجي، سەرچاوەی پێشوو ،لا ٩٢.

[٢]. بڕوانە - محمد عبدة حافظ ، العلاقات العامة، سەرچاوەی پێشوو ،لا١٦.

- ديفيد فيليبس، العلاقات االعامة عبر الانترنيت، ترجمة: شعبة العلوم الاقتصادية و الادارة، الطبعة العربية الثانية (دار الفاروق للنشر والتوزيع، ٢٠٠٦)ص١٥.

[٣]. فريزر بي ستيل، ممارسة العلاقات العامة، ترجمة: سعد الحسني، أحمد نوري (غزة: الناشر دار الكتاب الجامعي ،٢٠٠٧) ص ص٣٢، ٣٣.

[٤]. حجازى سعيد أبو غانم، سەرچاوەی پێشوو لا ١٣٨.

[٥]. هەمان سەرچاوە، لا ١٦٥.

٢. تايبەتمەندييەكانی جەماوەر
٣. دانیشتوان
٤. ئاستی ڕۆشنبيرييان
٥. باری دەروونيان
٦. گونجاندنی جەماوەر

دەتوانين سێ جۆر جەماوەر لە هەڵمەتەكانی پەيوەندی گشتيدا دياريبكەين، جەماوەری سەرەكی ئەو كەسانە دەگرێتەوە، كە هەڵمەتەكەيان ئاڕاستەدەكرێت. جەماوەری لاوەكی وەك ڕاگەياندنكاران كە بەشدارن لە گواستنەوەی پەيامەكەدا. جەماوەری پەراوێزخراو ئەو تاكانەی جەماوەر دەگرێتەوە، كە كاريگەريان لەسەر جەماوەری سەرەكی هەيە، بەڵام كاريگەرييەكەيان كەمە[1].

بۆ دياريكردنی جەماوەر و ناسينيان پێويستە بزانرێت ئەو جەماوەرە كێن؟ چ كارێك دەكەن؟ پێشبينيەكانيان چين؟ چۆن بناسرێن؟ چۆن هەڵيانبسەنگێنين؟ پێويستە داڕێژەری بەرنامەی پەيوەندی گشتی گرنگی بدات بە زانينی جۆری جەماوەر، سايكۆلۆژيان لە ڕووی تەمەن، پيشە، چينی كۆمەڵايەتی، ئابووری،.....هتد[2].

دەتوانرێت چەند هۆكارێك بۆ ناسينی جەماوەر دياريبكرێت ئەوانيش[3]:

١) جوگرافی: بريتييە لە سنوری سروشتی و سياسی.
٢) دانيشتوان: پەيوەنديدارە بە تايبەتمەندی تاكەكان وەك ڕەگەز و تەمەن و داهات.
٣) دەروونی: پەيوەنديدارە بە سروشتی شێوازی تاكەكان و سيفاتی دەروونی و بەهاكانيان.
٤) ناوەند: ئەو تاكانە دەگرێتەوە، كە گرنگی تايبەتيان بۆ دەزگاكە هەيە، ئەويش لەسەر بنەمای كاريگەری و ئەو ڕۆڵەی دەيگێڕن.
٥) ناوبانگ: ژمارەيەك لە تاكەكان ناوبانگيان هەيە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی سەرنجی ئەوانەی لە پەيوەندی گشتيدا كاردەكەن ڕابكێشن، چونكە لە توانایاندایە ببنە سەرمەشقی كەسانی تر.
٦) ڕۆڵی ياريدەدەر لە بڕياردانداا: ئەم بنەمايە بەكاردێت بۆ دياريكردنی ئەو تاكانەی، كە دەتوانن كاريگەری لەسەر بڕيارەكان دروست بكەن.

بەپێی جۆری جەماوەری مەبەستدار تيشكدەخەينە سەر ديارترين جۆرەكانی جەماوەر كە لەگەڵ ئەم توێژينەوە بگونجێت[4]:

---

[1]. محمد نجيب الصرايرة، العلاقات العامة الاسس و المبادئ (الاردن: مكتبة الرائد العلمية، ٢٠٠١) ص٢٣٤.

[2]. غريب عبدالسميع غريب، سەرچاوەی پێشوو،لا ١٤٨.

[3]. فيليب كيتشن، العلاقات العامة بين المبادئ و التطبيق، تدقيق و مراجعة: نزار ميهوب ( دمشق: الاكاديمية السورية الدولية للتدريب و التطوير،٢٠٠٨) ص ص١٣١،١٣٠

[4]. بڕوانە:-
- أحمد محمد مصرى ، العلاقات العامة (اسكندرية: الناشر مؤسسة شباب الجامعة، ٢٠٠١) ص٨٦- ٨٩
- طارق شريف يونس، إدارة العلاقات العامة مفاهيم و مبادئ وسياسات (عمان: إثراء للنشر والتوزيع،٢٠٠٨) ص ص ٢٣٤،٢٣٥

١. جەماوەری ڕۆشنبیر: ئەو جەماوەرەیە، کە گەیشتۆتە ئاستێکی باڵای ڕۆشنبیری و زانین، پێکهاتوون لە کۆمەڵێك خەڵك لە ڕووی زانین و زانست و شارەزاییەوە لەیەك نزیکن و گفتوگۆ و مشتومڕ دەکەن و لە مشتومڕ و گفتوگۆ ناوەستن، لەبەرئەوەیە دەبینین ژمارەیەك سەرکردە و شارەزای پەیوەندی گشتی بە ترس، یان هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو جۆرە جەماوەرە دەکەن.

٢. جەماوەری یاخی: هەندێك بە جەماوەری ڕەتکەرەوە ناوی دەبەن، چونکە هەرچییەك پێشکەشی دەکرێت ڕەتیدەکاتەوە، ئەو جۆرە جەماوەرە پەیوەندییەکە ڕەتدەکاتەوە، پابەندە بە هەڵوێستی خۆیەوە، جەماوەرێکە لێوڕێژە لە بیری دژ، یان ڕای پێچەوانەی پێشوەختەی هەیە، لەبەرئەوە مامەڵە لەگەڵیاندا ئاسان نییە و پێویستی بە ئارامگرتن بۆ بەستنی پەیوەندی لەگەڵیاندا هەیە.

٣. جەماوەری چێژبین: ئەمجۆرەی جەماوەر هەستیار و وەڵامدەرەوەیە و ڕێزی ئەو کەسە دەگرێت، کە لەگەڵی دەدوێت، زانیاری ئەم جەماوەرە لە جەماوەری تر زیاترە و زۆربەی تاکەکانی توانای وەرگرتنیان هەیە و گفتوگۆ دەکەن. ئەمجۆرە لە شوێنێکی دیاریکراو دەدۆزرێنەوە، چونکە گرنگی پێدانی و تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە و وایان لێدەکات هەستیار بن، بۆ نمونە جەماوەری میوزیك و هونەر.

٤. جەماوەری مەبەست نادیار: ئەمجۆرە جەماوەرە مەبەست و ئامانجی خۆی ئاشکرا ناکات و بە ئاسانی کاریگەری لەسەر دروست ناکرێت و هەڵناچێت، شارەزای پەیوەندی گشتی پیویستی بە شارەزایی تەواو و ئارامی هەیە، بۆ ئەوەی ڕاستی ئەو جەماوەرەی بۆ دەرکەوێت و پێویستە هەوڵەکان دوبارە بکرێنەوە و بێزار نەبن لە پەیوەندی کردن، چونکە سروشتی مرۆڤ لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر بەپێی کاریگەری بەهێز لەسەری دەگۆڕێت.

٥. جەماوەری نەزان: ئەم جەماوەرە لە قورسترین جۆرەکانی جەماوەرە بۆ بەستنی پەیوەندی لەگەڵیدا، چونکە ناخوێنێتەوە، یان گرنگی بە بیروڕاکان نادات، نەزانی مەبەست لێی نەبوونی زانیارییە، لەبەرئەوە پێویستە بە هەستیارییەوە پەیوەندی لەگەڵ ئەم جەماوەرە بکرێت.

٦. جەماوەری ئاسایی: ناتوانرێت ئەم جەماوەرە لە ئاستێکی دیاریکراودا دابنرێت، بە ئاسانی هەڵدەچێت و بە هەمانشێوەش ئارام دەبێتەوە، تاکەکانی لە شێوازی بیرکردنەوەدا لەیەکدەچن، هەروەها لە گفتوگۆشدا هاوشێوەن. بۆ نمونە منداڵ و جەماوەری تۆپی پێ یان چینی کرێکار.

**هەنگاوی چوارەم/ پەیام**

پەیام خاڵی پەیوەندییە لە نێوان دامەزراوەکە و جەماوەرەکەی، پەیامەکان بە پێی سروشتی هەڵمەتەکان دیاریدەکرێن، پێکهاتەی پەیام بەشێکە لە هەڵمەت، هەموو هەڵمەتێکی پەیوەندی گشتی پێویستی بە چەند پەیامێکە بۆ پێکهێنانی هێز، پێویستە ئەو پەیامە ئاشکرا و ورد بێت و بەئاسانی و خێرایی لێیتێبگەن. گرنگی پەیام دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار[1]:

١. پەیام بەشێکی بنچینەییە لە پێکهێنانی ئاڕاستەکان.

٢. پەیام ڕوونکردنەوەی چالاکیەکانی پەیوەندییە و بەشێکی سەرەکییە لە کرداری هەڵسەنگاندن.

پەیام لە هەڵمەتدا دابەشدەبێت بۆ دوو بەش، یەکەمیان بیرۆکەی پەیام کە بە بیرۆکەی سەرەکی دادەنرێت واتە دیاریکردنی بیرۆکەی هەڵمەتەکە، دووەمیان زیاتر شێوەی داڕشتنی پەیامەکە دەگرێتەوە[1]، هەروەها چالاکی

---

[1]. ان غریغوری، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٢٥.

پەیام لە ڕوانگەی وەرگرەوە پشت بە دوو هۆکار دەبەستێت ئەویش بڕی ئەو زانیارییانەی کە پەیوەندیدارە پێیانەوە، هەروەها چۆنێتی پێشکەشکردنی ئەو زانیارییانە[٢].

لە پەیامی هەڵمەتی پەیوەندی گشتیدا پێویستە ڕەچاوی چەند خاڵێك بکرێت، ئەوانیش[٣]:

١. پێویستە چەند شێوازێك بەکاربهێنرێت لە بەرنامەی پەیوەندیکردن بە جەماوەری مەبەستدارەوە، ناوەڕۆکی پەیامەکان توانای کاریگەری دانانیان لەسەر جەماوەر هەبێت، هەروەها لە هەڵمەتدا بەئاشکرایی شێوازەکە دیاریبکرێت. پەیوەندی گشتی ڕۆڵی لە پێکهێنانی هۆشیاری و گرنگیپێدان بۆ ئەو بابەتانەی بەلای خەڵك و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە گرنگن هەیە.

٢. پێویستە لە هونەری نوسینی پەیام لە هەڵمەتدا، جەختبکرێتەوە لەسەر لایەنێکی دیاریکراو و ڕەزامەندبوون لەسەری و دوورکەوتنەوەی لایەنێکی تر، بۆئەوەی سوود لەو تاکتیکە وەربگیرێت بۆ پێکهێنانی واتایەك، کەجەماوەر بتوانێت ناوەڕۆکی پەیامەکەی بۆ دەرکەوێت، هەروەها بەبەکارهێنانی تاکتیکی ناڕاستەوخۆ لە ناوەڕۆکی پەیامی گەیاندندا وەکو پرسیارکردن.

٣. هەروەها لە هەڵمەتی پەیوەندی گشتیدا، ستراتیژی ڕێگە گشتییەکان بۆ گەیشتن بە جەماوەر دەگیرێتەبەر، کە پەیوەستە بە پەیامەکەوە، پێشکەشی جەماوەری بکات و هانیانبدات، ئامانجیش لێیان هەوڵدانە بۆگەیشتن بەجەماوەر، کە پەیامەکە (ڕاگەیاندن یاخود هۆشیاری، یان بڕواهێنان، یان هاندان بۆ ئەنجامدانی کارێك) بێت.

٤. بۆ بونیادنانی پەیامی چالاك لە هەڵمەتی پەیوەندی گشتیدا، داوادەکرێت توێژینەوە لەسەر جەماوەری مەبەستداربکرێت، هەروەها دیاریکردنی سروشتی پەیوەندی دامەزراوەکە بە بابەتە پێشنیارکراوەکەوە و بواری تێگەیشتنی و ئامادەیی بەستنەوەی بە چالاکییەکان و سیاسەتی دامەزراوەکە، کاریگەری پەیام هەوڵدانە بۆ دواندن و پاڵنەری وەرگر.

٥. پێویستە هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی پلانیان هەبێت بۆ دروستکردنی هەلی گونجاو بۆ ئەوەی جەماوەر کارلێك لەگەڵ پەیامەکەدا بکات، ئەو هەلە لە بەرنامەی پەیوەندی گشتیدا دێتەدی لە ڕێگەی هەوڵی

---

١. غریب عبدالسمیع غریب، سەرچاوەی پێشوو،لا ١٤٩.

٢. نظام موسى سويدان، نزار عبدالمجيد البرواري، إدارة التسويق في المنظمات غير الربحية (عمان: دار الحامد للنشر والتوزيع،٢٠٠٩) ص ٢٨٦.

٣. بڕوانە:-

- هەمان سەرچاوە ،لا١٣٨-لا١٦٢.
- باقر موسى، سەرچاوەی پێشوو، لا١٢٠،١١٩.
- لوري ج. ويلسون، سەرچاوەی پێشوو، لا ١١١.
- راسم محمد الجمال، خيرت معوض عياد، إدارة العلاقات العامة المدخل الاستراتيجي، سەرچاوەی پێشوو ،لا٢٦٤.
- Hallahan strategic media planning : towards an Integrated public relations media model in Robert heat (ed) hand book of public relation ( thousand oaks CA: sage publications, k٢٠٠١ p ٤٦١ .
- Bourlanger, A Daniels, s:delhomme.p:Deugnier,M:Divjak, M:Eyssarteir,C:Etal, campaigns and Awareness Raising strategies in traffic safety. Deliverable comparison of research Designs Brussels, Belgium road safety institute , ٢٠٠٧

ڕێکخراو و یەکگرتوو، هەروەها گەرەنتی بەرکەوتنی بەردەوامی پەیامەکە، هەروەها داڕشتنی پەیامێك کە جەماوەر بتوانێت بە ئاسانی ئاوێتەی بێت.

٦. پێویستە داڕێژەرانی هەڵمەت گونجاوی پەیامی هەڵمەتەکە بۆ تایبەتمەندی جەماوەری مەبەستدار و چۆنێتی پێشوازی کردن لە پەیامەکە و شیکردنەوە بۆی، هەڵسەنگێنن، لەبەرئەوە پێویستە پێشتر پەیامەکە بۆ جەماوەری مەبەستداری هەڵمەتەکە تاقیبکرێتەوە، چەند ستراتیژێکی جیاواز بۆ تاقیکردنەوەی پێشوەختەی هەڵمەت هەیە، لەوانە چاوپێکەتن یان دیبەیتی قووڵ، یان لە ڕێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پێگەی ئەلکترۆنی لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی نوێوە.

سێ وروژاندنی سەرەکی هەیە، کە پەیوەندییان **بە** وروژاندنی پەیامەوە هەیە، ئەوانیش[١]:

أ. وورژاندنی سۆز: بریتییە لە دۆزینەوەی هەستێك، کە بگونجێت لەگەڵ وەرگردا بەهۆی دواندنی هەست و بەها و سۆزەوە.

ب. وروژاندنی عەقڵی: بە بەکارهێنانی لۆجیك ئەزمون تا پشتگیری بە پەیامەکە بدات.

ج. وروژاندنی ترس: دواندنی غەریزەی ترس لای وەرگر.

**شێوازی پلاندانانی پەیام لە هەڵمەتەکاندا[٢]:**

١. شێوازی پلانی بەردەوام: واتە ئاڕاستەکردنی پەیامی ڕاگەیاندنەکە بۆ جەماوەری مەبەستدار بە درێژایی ماوەی هەڵمەتەکە، یەك پەیامی ڕاگەیاندن هەیە و ناگۆڕێت لە کاتی هەڵمەتەکە، ناوەڕۆکی زانیارییەکان لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە دووبارە دەبنەوە.

٢. شێوازی پلانی پچڕپچڕ: ئەم شێوازە لە بارودۆخێکدا بەکاردێت، کەجەماوەری مەبەستدار لە چینی جیاواز بن، هەریەکێکیان تایبەتمەندی دیاریکراوی هەیە، بەپێی ئەو شێوازە وەرگرەکان دابەشدەبن بۆدەستەی دیاریکراو، بۆ هەر چینێك پەیامێکی ریکلامی، یان زنجیرەیەك لە پەیامیان ئاڕاستە دەکات.

٣. شێوازی پلانی ریکلامی پەیوەندیدار و تەواوکار: لەسەر بنەمای کۆمەڵێك بیرۆکە، یان پروپاگەندەی ڕاگەیاندن ئەنجامدەدرێت، هەریەکێکیان کاردەکات بۆ ئامانجی لاوەکی، هەریەکێك لە پەیامەکان بیرۆکەیەك دەگەیەنێت، لەبەڕۆشنایی ئەوە پەیامی دووەم ڕێکدەخرێت، پەیامی سێیەم لەسەر بنەمای پەیامی دووەم ڕێکدەخرێت، تا ئەو کاتەی هەڵمەتەکە کۆتایی دێت سەرجەم پەیامەکان پەیوەندیدار دەبن بەیەکەوە لە ڕووی واتا و کاریگەری و چارەسەری بابەتەکەوە.

**هەنگاوی پێنجەم/ ستراتیژ**

ستراتیژ: بریتییە لە داڕشتنەوەی بیرۆکەی پەیوەندیکردن لە هەڵمەتەکاندا، بۆ هێنانەدی ئامانج ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە بەستنەوەی لەگەڵ هەموو ئەو ڕێوشوێنانەی لە کاتی هەڵمەتەکەدا جێبەجێدەکرێن[٣].

ستراتیژیی پەیوەندی گشتی: کۆمەڵێك بریاری گرنگ و سەربەخۆیە، کە دامەزراوەکە دەریدەکات، بۆ مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو، بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندی و تەکنیکی جۆراوجۆر[٤].

---

١. حسن عماد مكاوى ، سەرچاوەی پێشوو لا٣٥ -٤٢.

٢. فؤادة عبدالمنعم الكبرى، العلاقات العامة في المنشأة السياحي( القاهرة: عالم الكتب نشر، توزيع. طباعة، ٢٠٠٤) ص ١٦١.

٣. راسم محمد الجمال، خيرت معوض، إدارة العلاقات العامة مدخل الاستراتيجي، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٠٨.

٤. عبدالرزاق محمد الديليمي، سەرچاوەی پێشوو ، لا٩٠.

هەروەها ستراتیژیەتی پەیوەندی گشتی گرنگی پەیوەندی گشتی بۆ کۆمەڵگە بە شێوازێکی گشتی، کە هەرچییەك پەیوەندیی هەبێت بەدامەزراوەیەکی مۆدێرنەوە لە هەموو ئاستەکانی پرۆگرام و هەڵمەتی پەیوەندی گشتیی ڕووندەکاتەوە[١].

بەستنەوەی تاکتیك بەستراتیژەوە، بەستنەوەی ستراتیژ بە ئامانجەوە پێویستی بەجۆرێك لە گونجاندنی یەك لەدوای یەك هەیە، پێویستە تاکتیك بگۆڕێت پێش ستراتیژ، هەمیشە پێداچوونەوە بە ستراتیژ هەنگاوێکی گرنگە[٢].جەختکردنەوە لە ستراتیژی پەیوەندیکردن لە بواری پەیوەندی گشتیدا چەمکی هەڵمەتەکانی پەیوەندیکردن دەگرێتەوە، هەڵمەتەکانی پەیوەندیکردن هەوڵێکی بنچینەییە و ڕەفتارێکی دامەزراوەییە، یان بەکۆمەڵ ئەنجامی دەدەن، هەڵمەتەکانی پەیوەندیکردن گرنگی دەدات بەئاڕاستەکردن و پاڵپشتیکردن و چالاك کردنی ئارەزووەکانی جەماوەر، ئامانجی دیاریکراوە وەك فرۆشتنی کەلوپەل، یان پێشوازیکردن لە خزمەتگوزارییەکی دیاریکراو، یان قبوولکردنی بیرۆکەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، چەند پەیامێك لەڕێگەی ئامرازەکانەوە بۆ جەماوەر دەنێرێت[٣].

ستراتیژی پەیوەندیکردن لە بواری پەیوەندی گشتیدا، لەسەر بنەمای چەمکی هەڵمەتی پەیوەندیکردنە، کە جەخت لەسەر چوار بوار دەکاتەوە[٤]:

١. هەڵمەتی پەیوەندیکردنی ئامانجدار: ئامانجی کاریگەری دروستکردنە لەسەر جەماوەر بۆ مەبەستێکی دیاریکراو.
٢. هەڵمەتی پەیوەندیکردنی کاری دامەزراوەیی ئامانجی فراوانکردنی کەرتی جەماوەرە.
٣. هەڵمەتی پەیوەندیکردنی پلان بۆدانراو، کارکردنە لە ماوەیەکی دیاریکراو.
٤. هەڵمەتی پەیوەندیکردن کە هەوڵ و چالاکی جۆراوجۆرو ڕێکخراو دەگرێتەوە.

**چوار جۆر ستراتیژی پەیوەندیکردن لە پەیوەندی گشتیدا بەکاردەهێنرێت، ئەوانیش[٥]:**

١. ستراتیژی ڕاگەیاندن: بەپێی ئەم ستراتیژە پەیوەندیکردن یەك ئاڕاستەیە، زانیاری لە دامەزراوەکەوە بۆ جەماوەری بنەڕەتی دەگوازرێتەوە و هاوکارە بۆ پێکهێنانی بیروڕا و دەرکردنی بڕیار.
٢. ستراتیژی قەناعەتپێکردن: لێرەش پەیوەندییەکە بەشێوەی یەك ئاڕاستەیە، لە دامەزراوەکەوە ئاڕاستەی جەماوەری مەبەستدار دەکرێت، ئەم ستراتیژە بەکاردێت، کاتێك هەوڵبدرێت بۆ دروستکردنی پەیوەندیەکی ستراتیژی لەگەڵ جەماوەردا، دامەزراوەکە هەوڵدەدات بەهۆی ئەم ستراتیژەوە زانیاری و ئاڕاستە و ڕەفتاری جەماوەری دیاریکراو بگۆڕێت.

---

١. Sandra Oliver, Public Relations Strategy(London and Philadelphia publishers) Third Edition.p ١٢٠

٢. ان غریغوري، سەرچاوەی پێشوو ، لالا١٣٤،١٣٥.

٣. محمد نجیب الصرایرة ، سەرچاوەی پێشوو لا٢٢٣- ٢٢٥.

٤. هەمان سەرچاوە، لا٢٢٩.

٥. راسم محمد الجمال، خیرت معوض عیاد، التسویق السیاسي والاعلام الإصلاح السیاسي في مصر( القاهرة: دار المصریة اللبنانیة، ٢٠٠٥) ص ١١٥- ١١٧.

٣. ستراتيژی بونیادی کۆمەڵایەتی: پەیوەندیکردن لەم ستراتیژەدا دوو ئاڕاستەیە، لە دامەزراوەکە بۆجەماوەر بە پێچەوانەوە، ناوەڕۆکی پەیوەندیەکە لە ڕوانگەی دامەزراوەکەوە دەردەبڕێت، بەکارهێنانی ئەم ستراتیژە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی ستراتیژییە لەگەڵ ژینگەی دەوروبەردا، ئاڕاستەی جەماوەری چالاك دەکرێت.

٤. ستراتیژی گفتوگۆ: ئەمیش پەیوەندییەکەی دوو ئاڕاستەیە، ناوەڕۆکی پەیوەندییەکە لە ڕوانگەی دامەزراوەکە و جەماوەرەوە دەبێت، ئامانجی بەشداریکردنی جەماوەرە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ئەم ستراتیژە بۆ دارشتنی سیاسەتی دامەزراوەکە، ڕاوێژ بە جەماوەر دەکات.

بەپێی ئەو بارودۆخەی ئاڕاستەی دامەزراوەکە دەکرێت، دەتوانرێت یەکێك، یان زیاتر لەم ستراتیژانە بەکاربهێنرێت.

ئەم ستراتیژانە بە پێی ئامانجی هەڵمەتەکان دەگۆڕێن، ناتوانرێت یەك  ستراتیژ دەستنیشان بکرێت، بۆ ئەوەی هەڵمەتەکان کاریگەری لەسەر جەماوەر هەبێت ستراتیژی قەناعەتپێکردن زیاتر لەگەڵ ئەم توێژینەوەدا دەگونجێت.

دامەزراوەکان  پێویستیان بە بەکارهێنانی هەموو هونەرەکانی پەیوەندیکردنە لە پروپاگەندە و برەودان و چالاکی بەردەوامی ریکلامی و ڕاگەیاندن کەپەیوەندی گشتی دەتوانێت ئەنجامی بدات.

هەربەشێك لەبەشەکانی دامەزراوەکە، بەرپرسیارێتی تایبەتیان هەیە، ئەو بەشەی بەرپرسە لە پەیوەندییەکانی دامەزراوەکە بەشی پەیوەندی گشتیە[1].

پەیوەندی گشتی بە چالاکییەکی پەیوەندی دادەنرێت، کە هەوڵدەدات بۆ دروستکردنی وێنەی ئەرێنی بۆ دامەزراوەکە لای جەماوەر، شارەزابوون لە پەیوەندی کارێکی بنچینەییە بۆ کار و پیشەی پەیوەندی گشتی، ناتوانرێت بوترێت پەیوەندی لە پەیوەندی گشتیدا پەیوەندییەکی روتەڵە، بەڵکو بریتییە لە پەیوەندییەکی قەناعەتپێکردن، هەوڵی پەیوەندی لە پەیوەندی گشتیدا جەختکردنە لەسەر یەکێك لەم بابەتانە[2]:

١. قەناعەتپێکردنی جەماوەری دەرەکی، بە سوود و گرنگی و پێویستی چالاکییەکانی دامەزراوەکە.
٢. قەناعەتپێکردنی جەماوەری دەرەکی، بە پێویستی پشتگیری و لایەنگیری بۆ هەوڵەکانی دامەزراوەکە.
٣. قەناعەتپێکردنی جەماوەری ناوخۆ، بە بەها مرۆییەکان بۆ کار و چالاکی و بەرهەمەکانیان.
٤. قەناعەتپێکردنی پسپۆڕان بەکارکردن لە دامەزراوەکەدا.
٥. قەناعەتپێکردنی وەبەرهێنەران بە وەبەرهێنانی داراییان لە دامەزراوەکەدا.
٦. قەناعەتپێکردنی جەماوەری دامەزراوەکە بە پێویستی گۆڕینی بارودۆخێکی هەڵە.

پەیوەندی لە پەیوەندی گشتیدا، بریتییە لە پەیوەندی قەناعەتپێکردن بە ئامانجی کاریگەری دروستکردن لەسەر جەماوەری دامەزراوەکە، کارگێڕی هەڵمەتەکانی گەیاندن بۆ هۆشیاری زیاتری جەماوەر بۆ بابەتێك یان پاڵپشتی ئاڕاستەکانیان بۆ بابەتێك بەکاردەهێنن[3].

بەشێوەیەکی گشتی چەند سەرنجێك لەسەر بەڕێوبردن و پلانی ستراتیژی هەیە:

---

[1]. دیفید فیلیبس، سەرچاوەی پێشوو ،لا٧١.

[2]. علی برغوث، الاتصال الإقناعي(غزة: نسخة الالكترونية، ٢٠٠٥) ص٣ .

[3]. راسم محمد الجمال، خيرت معوض عياد، الإدارة العلاقات العامة المدخل الاستراتيجي، سەرچاوەی پێشوو، لا ٤١.

- ستراتیژ ئامرازە بۆ هێنانەدی پەیامی دامەزراوەکە لەکۆمەڵدا.
- ستراتیژ پێویستە لەگەڵ دوو ڕەگەزی سەرەکی بگونجێت.

ڕەگەزی یەکەم/ گونجاندن لە نێوان ئامانجی دامەزراوەکە و پەیامە بنەڕەتییەکەی.

ڕەگەزی دووەم/ گونجاندن لە نێوان پەیامی دامەزراوەکە و ئەو ژینگەیەی کاری تێدا دەکات[1].

کرداری هەڵبژاردنی ئامرازی گونجاو و کاریگەر و تێچووی کەم لە کارە سەرەکییەکانی ئامادەکردنی ستراتیژی پەیوەندییە لە پەیوەندی گشتیدا، ئەو بنەما گشتیانەی دەتوانرێت لە کرداری هەڵبژاردندا بەکاربهێنرێن دەکەوێتە سەر شیکردنەوەی گۆڕاوەکان کە بریتییە لە[2]:

- گونجاندنی ئامرازەکە لەگەڵ سروشتی پەیام و ئامانجەکەدا.
- سروشتی جەماوەر لە ڕووی باکگراوندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووری.
- سروشتی جەماوەر لە ڕووی ئادابی پەیوەندیکردنەوە.
- قەبارەی جەماوەری مەبەستدار و بواری گونجاوی و لەیەکتر دوورکەوتنەوەیان.
- سروشتی ئەو بیر و بابەتانەی پەیامەکە لەخۆی دەگرێت.
- ئەو شێوازەی لەڕێگەیەوە پەیامەکە ئاڕاستەی جەماوەر دەکرێت.

**هەنگاوی شەشەم / تاکتیك**

لە تاکتیکدا ئامرازی پەیوەندی دیاریدەکرێت (بلاّوکراوە، کتێب، پۆستەر، پێشانگا........هتد) [3]

تاکتیك: ئامرازێکە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت بەشێوەیەکی ستراتیژی سوود لە بابەتەکانی هەڵمەتەکە وەربگیرێت بۆهێنانەدی ئامانجەکانی هەڵمەتەکە[4].

تاکتیکەکانی هەڵمەت، هەندێکیان تایبەتن بە لایەنی پلاندانانی هەڵمەتەکە، یان تایبەتن بە لایەنی پەیوەندیەوە یان تایبەتن بە جێبەجێکردنی هەڵمەتەکەوە[5].

هەڵبژاردنی ئامرازی گونجاو بۆ هەڵمەتی پەیوەندی گشتی لە قۆناغە جیاوازەکانی پلاندانانەوە دەبێت[6]. هەروەها دیاریکردنی جەماوەری مەبەستدار بۆ هەڵمەت یارمەتیدەرە بۆ دیاریکردنی ئامرازی پەیوەندی گونجاو[7].

پێویستە کەناڵ و ئامرازی گونجاو بۆ پەیوەندی و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو جەماوەرەی دامەزراوەکە پەیوەندیان لەگەڵ دەبەستێت هەڵبژێردرێن، هەروەها پێویستە دڵنیا بن لەوەی ئەو کەناڵانەی هەڵیاندەبژێرن بۆ پەیوەندی لەگەڵ تاکە دیاریکراوەکان دەگونجێن، پاشان دیاریکردنی تێچوونی ئەو کەناڵانە و شێوازەکان دێت، تێچوون ڕۆڵی هەیە لە هەڵبژاردنی کەناڵدا، چونکە هەندێکجار دامەزراوە ئارەزوو دەکات، ئەو کەناڵە هەڵبژێرێت کە تێچوونی کەمترە، خاڵی سێیەم تایبەتە بە ڕێژەی چالاکی کەناڵەکە، کە ئایا ئامانجی دامەزراوەکە دێنێتەدی،

---

1. حمدی شعبان، سەرچاوەی پێشوو لا٢٣،٢٤.
2. محمد نجیب الصرایرة، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٤١،٢٤٢
3. راسم محمد الجمال، خیرت معوض عیاد، إدارة العلاقات العامة المدخل الاستراتیجي، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٠٩.
4. براین أوداي، دلیل اعداد الحملات السیاسیة الانتخابیة (لبنان: المعهد الدیمقراطي الوطني للشؤون الدولة،٢٠٠٤) ص٩٤.
5. راسم محمد الجمال، خیرت معوض عیاد، تسویق السیاسي والاعلام الإصلاح السیاسي في مصر، سەرچاوەی پێشوو، لا ٩٨.
6. محمد عبدالفتاح محمد، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٤٢
7. راسم محمد الجمال، خیرت معوض عیاد، التسویق السیاسي والاعلام الإصلاح السیاسي في مصر، سەرچاوەی پێشوو، لا ٨٨.

دەتوانین بڵێین شارەزایانی بواری پەیوەندی گشتی پێویستە ئامرازی ڕاگەیاندن و کەناڵی پەیوەندی گونجاو بەکاربهێنن[١].

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەپێی گەشەکردنی تەکنیکی بەرهەمهاتوو، دابەشکردنی جۆراوجۆریان بۆ دەکرێت ئەوانیش[٢]:

١. ئامرازی راگەیاندنی تەقلیدی: نوسراو، بیستراو، بینراو دەگرێتەوە.
٢. ئامرازی ئەلکترۆنی: پێگەی کۆمپانیا و دامەزراوەکان لەسەر تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی، هەروەها هەواڵ لەسەر ئینتەرنێت و بەکارهێنانی ئیمەیڵ و پێگە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە.

**چەند ڕێگەیەك بۆ هەڵبژاردنی ئامرازی پەیوەندی هەیە[٣]:**

١. له رێگەی یەك کەناڵەوە: هەڵبژاردنی کەناڵێکی زۆر چالاك بۆ گەیاندنی بیرۆکەکە و ئاڕاستەکردنی بۆ جەماوەر.
٢. له رێگەی چەند کەناڵێکەوە: هەموو ئامرازەکانی پەیوەندی جەماوەری لەگەڵ ئامرازەکانی پەیوەندی ڕووبەڕوو بەکاردەهێنرێت، وەك ئامرازەکانی چاپکراو، بینراو، بیستراو، کۆڕ و کۆبونەوە.
٣. له رێگەی ڕێکخراو: بەپێی ئەم ڕێگەیە پشت بە چەند کەناڵێك دەبەسترێت. لێرەدا کەناڵی ئامرازی جەماوەری و کەسی بەکاردەهێنرێت، کەلەلایەن دامەزراوەکانەوە و تۆڕی کۆمەڵایەتی و سەرکردەی ڕاکان و سیستمی فێرکردنی ڕەسمی و نارەسمی، لایەنی پەیوەندیدار، بە زۆری لە بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی بۆ بیرۆکەیەك بەکاردێت.

**پەیوەندی چەند ئاستێکی هەیە دەتوانین هەموویان لە سێ ئاستی سەرەکی دابنێین:**

**یەکەم/ پەیوەندی راستەوخۆ:** لە نێوان دوو کەسە، یان کۆمەڵێك تاکدا ڕوودەدات، بە گواستنەوەی پەیامی گەیاندن لە نێرەرەوە بۆ وەرگر.

پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە چالاکی پەیوەندی گشتیدا ئەمانە دەگرێتەوە[٤]:

١. پەیوەندی کەسی.
٢. پەیوەندی لە ڕێگەی کۆڕوکۆبوونەوە.
٣. پەیوەندی لە رێگەی ئاهەنگەکانەوە.
٤. پەیوەندی لە رێگەی شانۆوە.

**دووەم/ پەیوەندی ناوەندی:** پشت بە ئامرازێك دەبەستێت بۆ پەیوەندی دوو کەس، یان زیاتر لە چالاکی پەیوەندی گشتیدا دەردەکەوێت بە شێوەی:

---

[١]. فیلیب کیتشن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٩.

[٢]. محمد ناجی الجوهر، الموارد الاعلامية التقليدية والإلكترونية في العلاقات العامة(العين- دولة الامارات العربية المتحدة: دار الكتاب الجامعي، ٢٠١٣)ص ٨٠.

[٣]. محمد نجيب الصرايرة، سەرچاوەی پێشوو، لال٢٤٢، ٢٤٣

[٤]. بڕوانە:-

- فضيل ديليو، الاتصال- مفاهيمه- نظرياته — وسائله (القاهرة: دار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠٠٣) ص٢١.
- باقر موسى، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣.
- الياس سلوم، تقنية العلاقات العامة (انكلترا: دار الرضا للنشر، ٢٠٠٦) ص ص ٣٧، ٣٨

١. پەیوەندی لە ڕێگەی تەلەفون.

٢. پەیوەندی لە ڕێگەی پێشانگا.

٣. پەیوەندی لە ڕێگەی پۆست.

**سێیەم/پەیوەندی جەماوەری:** کە ئەمانە دەگرێتەوە:

١. چاپکراوەکان: وەك ڕۆژنامەی بێبەرامبەر، ڕۆژنامەی نیشتیمانی، ڕۆژنامەی ئابووری، گۆڤار، کتێبی ساڵانە، بلاٌوکراوەی خولی.

٢. کەل و پەلی جیاوازی وەك فلیمی بەلگەنامەیی، سلاید، فلیمی ڤیدیۆیی، دیسکات، ڤیدیۆ.

٣. ڕادیۆ: وێستگە و بەرنامەی جیاواز دەگرێتەوە.

٤. تەلەفزیۆن: بەرنامەی جیاواز پێشکەش دەکات.

٥. بابەتی چاپکراو وەك چاپکراوی رۆشنبیرکردن، ڕاگەیاندن.

**هەنگاوی حەوتەم/ کات**

پێویستە بۆهەموو پلان و بەرنامەیەکی پەیوەندی گشتی کاتی دەستپێك و کۆتایی هەرقۆناغێك دیاریبکرێت[١].

به شێوەیەکی ئاسایی هەڵمەتەکان بە ریکلامکردنی ئەو هەڵمەتانە دەستپیدەکات و دواتر هەواڵەکانی بلاٌودەکرێتەوەو، بۆ خستنە ڕووی ئەو ئاستەی هەڵمەتەکە پێدەگات، لەپێناو گەیشتنی بە ئامانجەکانی، کاتێك هەڵمەتەکان دەگەنە بەرزترین ئاست، بەرلەوەی ئامانجە دیاریکراوەکان بەدەستبێن، شارەزای پەیوەندی گشتی، دەتوانێت کاتی چڕکردنەوەی هەڵمەتەکان دیاریبکات، ئەویش لە ڕێگەی ئەوەی پێدەگات لەبارەی ڕای جەماوەرو پێوانی ڕای گشتیەوە، بەشێوەیەك کە لەو ڕێگەوە دەتوانێت سەرکەوتنی هەڵمەتەکە لەبەرژەوەندی دامەزراوەکە دەستەبەربکات[٢]، لەبەرئەوە هەڵمەت ئالۆزەو بە خێرایی دەگۆڕێت لە کاتی جێبەجێکردنیدا، دەکەوێتە ژێر کاریگەری کاتەوە[٣].

هەروەها بە ئەزموون سەلمێنراوە لە هەندێك کاتدا، هەڵمەتەکان ئەنجامیان نابێت، بەتایبەتی هەڵمەتەکانی کۆکردنەوەی دارایی، ئەگەر لەهەمانکاتدا هەڵمەتی هاوشێوە ئەنجامدرابێت، لەبەرئەوە دامەزراوەکان هەوڵدەدەن کاتێکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتەکان بەووردیی دیاری بکەن، زۆرجار هەڵمەتەکان پەیوەندیدار دەبن لە بۆنە ئاینیی و نەتەوەییەکان[٤].

کات، کاریگەری گەورە لەسەر دیاریکردنی ئامانج دادەنێت، ئەو هەڵمەتانەی پەیوەندییان بەبابەتی هەنوکەییەوە هەیە پێویستە ئامانجەکان ئاسان بکرێن و ڕێگەیەکی ڕاستەخۆ بگیرێتەبەر، بەلەبەرچاوگرتنی کەمی کات، بەپێچەوانەوە ئەگەر ئامانجەکە لەماوەیەکی درێژدا بەدیبێت پێویستە هەڵمەتەکە لەسەر ئەو بنەمایە دابڕێژرێت، واتە کاتێکی زۆری بۆ تەرخانبکرێت[٥].

---

[١]. بشير العلاق، تخطيط وتنظيم برامج وحملات العلاقات العامة (عمان: دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع،٢٠٠٩) ص١١١.

[٢]. مختار التهامي، ابراهيم الداقوقي، مبادئ العلاقات العامة في البلدان النامية، ١٩٨٠، ص ص١٤٣،١٤٢

[٣]. ان غريغوری، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢.

[٤]. محمد عبدالفتاح محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٥.

[٥]. جمال المجاهد، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤

بۆ گرنتی کردنی چالاکی پەیوەندیکردن دەبێت بەپێی پلانەکە بە ووردی کات دیاریبکرێت، بەشێوەیەك هەموو چالاکیەك لە کاتێکی دیاریکراودا دەستپێدەکات، گرنگە ئەوە بزانین کە تێبینیکردنی ئامانجە سەرەکیەکانی هەڵمەت کاریگەری لەسەرخشتەی کاتەکە هەیە کە بۆ هەڵمەتەکە دانراوە[١].

پێویستە کاتی گونجاو بدۆزینەوە بۆ ئەنجامدانی کارەکان و کارەکان پەیوەست بکەین بە بۆنەیەکەوە.

**هەنگاوی هەشتەم / سامانی مرۆیی**

کارگێڕی پەیوەندی گشتی بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانی پێویستی بە سامانی دارایی و مرۆیی و هونەری هەیە، پێویستە دیاریبکات چی لەبەردەستەو چی لەبەردەستدانیە، لەبەر ڕۆشنایی سامانی دارایی بەردەست کارگێڕی پەیوەندی گشتی لەو ئامانجەی دەیەوێت بێتەدی دەڕوانێت، کارگێڕی ڕەگەزی مرۆیی و توانای هونەری پێویست بۆ چالاکیەکانی پەیوەندی گشتی دیاری دەکات[٢].

**سامانی دارایی لە بەرنامەی پەیوەندی گشتی سێ تەوەر لەخۆدەگرێت[٣]:**

١) سامانی مرۆیی: ئەمانە دەگرێتەوە ( کرێکار، موچەی کارمەندان، تێچووی کار، هاوکاری خانەنشینی )
٢) تێچووی جێبەجێکردن: ئەمانە دەگرێتەوە (چاپ و بەرهەمێنان، وێنەی فۆتۆگرافی، پەیوەندی لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، کۆنفرانس)
٣) کەل و پەل (ئامێر): ئەمانە دەگرێتەوە (تەلەفون، کۆمپیوتەر، فاکس،..........هتد)

چوار ڕەگەزی سەرەکی بودجە لە پەیوەندی گشتیدا هەیە[٤]:

١- کارو کرێکار: ئەمە تەنیا موچەی کارمەندانی پەیوەندی گشتی ناگرێتەوە، بەڵکو ئەوانەی سەرمایەدارن و هەروەها یارمەتیدەرن لە کاری سکرتاریەت، کارمەندی چاپ، ژمێریار،.....هتد
٢- خەرجی نوسینگە ناراستەوخۆکان: ئەم خەرجیانە جێگرە وەکو ( کرێی نوسینگە، دڵنیایی(بیمە)، کارگوزار، هەندێك خەرجی وەکو تەلەفون و پەیوەندیکردن.
٣- کەلو پەل: هەموو ئەو کەل و پەلانەی بۆ چالاکی پەوەندی گشتی بەکاردەهێنرێت دەگرێتەوە، وەکو ( قرطاسية، پۆست، چاپەمەنی، وێنەگرتن، فلیمی بەڵگەنامەیی، سلایدات)
٤- خەرجی و تێچووی تر: هەندێك خەرجی تر دەگرێتەوە وەکو (کرێی ئوتێل و میوانداری، خەرجی تایبەت بە بۆنەکانی پەیوەندی گشتی، خواردن و خواردنەوەو کرێی گواستنەوە)

**هەنگاوی نۆیەم/ هەڵسەنگاندن:**

جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی هەڵمەت، کارێکی بەردەوام و داینامیکیە، پێویستە چاودێریی گۆڕانکارییەکان وبارودۆخی ژینگەکە بکرێت و گونجاندنی هەڵمەتەکە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا، لە جێبەجێکردنی هەڵمەتدا پێویستە چاودێریی سامانی دارایی بەردەست و ماوەی ڕوماڵکردنەکە بگونجێت بۆ بلاْوکردنەوەی پەیامەکەو ریکلامەکانی لە ئامرازەکانی گشتیدا[٥].

---

١. نظام موسى سويدان، سەرچاوەی پێشوو ،لا٢٩٧.

٢. علي عجوة، سەرچاوەی پێشوو ،لا١١٢.

٣. ان غريغوري، سەرچاوەی پێشوو،لا١٧٤-١٧٨.

٤. الياس سلوم، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٨١، .٨٢

٥. راسم محمدالجمال، خيرت معوض، التسويق السياسي والاعلام، سەرچاوەی پێشوولا ٩٠

هەڵسەنگاندن لە پەیوەندی گشتیدا لەسەرەتاوە دەستپێدەکات و، پێوانی ئەو ئامانجانە دەکرێت کە پێگەیشتوین، پێویستە پێوانەو هەڵسەنگاندن سوودی تەواوی هەبێت بۆ قۆناغی پلاندانان[١].

هەڵسەنگاندن واتە هەڵسەنگاندنی ئەنجامی بەرنامە و پێوانەی چالاکیەکانی شێوازی بەکارهاتوو لە هەڵمەتەکان و کاریگەری بەرنامەکانی پەیوەندی گشتی، هەڵسەنگاندن ئەمانە دەگرێتەوە[٢]:

١. پەیوەندی کارمەندان بە دامەزراوەکەوە.
٢. شیکردنەوەی ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن، دەربارەی دامەزراوەکەو ئەو چالاکیانەی ئەنجامی داوە.
٣. بەراوردکردنی دەستکەوتی بەدەستهاتوو، لەگەڵ ئەو ئەنجامەی لە پلانەکەدا دانراوە.
٤. تێبینیکردنی کارگێڕی ئەو هەولانە لەسەر چالاکی ئەرکەکانی تر لە دامەزراوەکە.
٥. پێوانەی ئاڕاستەی مامەڵکردن لەگەڵ دامەزراوەکە تایبەت بە سیاسەت و بەرهەمەکانی.

سێ ڕێگە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەنجامی بەرنامەی پەیوەندی گشتی بەکاردەهێنرێت:

١) تێبینی و ئەزموون
٢) ڕاپۆرتەکان و شیکردنەوەیان
٣) توێژینەوە

ڕێگەی یەکەم/ تێبینی و ئەزموون: ئەم ڕێگەیە ئاسانترین ڕێگەیە، تێچووی کەمە، دەتوانرێت پێوانەی سەرکەوتن یان شکستی ئەو بەرنامە لەڕێگەی چاودێریکردنی هەڵوێست و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی ناوچەیی لە پێش و لەکاتی جێبەجێکردن ولە دوای بەرنامەکە بکرێت، هەروەها لە ڕێگەی تێبینیکردن و بەهۆی گفتوگۆ و بەشداریکردن لە ڕووداوە گشتیەکان بۆ مامەڵکردن لەگەڵ لایەنەکاندا.

هەڵمەتی پەیوەندیکردن لەگەڵ ئامرازەکانی راگەیاندن بزانرێت ئایا سەرکەوتوو بووە؟ ئایا ڕووماڵکردنی ڕاگەیاندنە تا چەند باش بووە لە ڕووی چەندێتی و جۆرێتی؟ کە لە ڕێگەی کۆکردنەوەی سەرجەم زانیارییەکانەوە دەبێت.

ڕێگەی دووەم/ ڕاپۆرتەکان و شیکردنەوەییان: ڕاپۆرتەکان لەسەرچاوەی جۆراوجۆر وەردەگیرێت لە ناوەوە ودەرەوەی دامەزراوەکە.

ئەو سەرچاوانەش بریتین لە: بیرۆکەو پێشنیارەکان، ڕاپۆرتەکان و ڕاسپاردەکان، چیرۆکی رۆژنامەوانی، چاودێریکردنی ئامرازەکانی راگەیاندن، کتێب و ووتارو شیکردنەوەیان، ڕاپۆرتی لیژنەی بەڕێوبەرایەتی ناوچەکەو لیژنەکانی پەرلەمان، کۆبونەوەکان کارمەندی پەیوەندی گشتی پشکنین بۆ هەموو بابەتەکان دەکات کە کۆکراوەتەوە، دوای شیکردنەوە و پۆلێنکردنیان بە شێوەی ڕاپۆرت پێشکەشی بەڕێوبەرایەتی دەکات[٣].

سێیەم/ توێژینەوە: لە پێشتر توێژینەوە بە وردی باسکراوە لە هەڵسەنگاندندا جیاوازیەکەی بۆ ئامانجەکانیان دەگەڕێتەوە.

لە کاتی هەڵسەنگاندنی بەرنامەی پەیوەندی گشتی چەند پرسیارێك دەگرێت، ئەوانیش بریتین لە[٤]:

---

١. انتوني ديفيز، سەرچاوەی پێشوو،لا ٥٣ .

٢. فؤادة عبدالمنعم الكبري، سەرچاوەی پێشوو، ١٦٩.

٣. فليبس هنسلو، العلاقات العامة الطبعة العربية الثانية ( القاهرة: دار الفاروق للنشر والتوزيع، ٢٠٠٦) ص٩٣- ٩٥

٤. هناء حافظ بدوي، العلاقات العامة و الخدمة الاجتماعية - أسس نظرية و مجالات تطبيقية (الاسكندرية: المكتب الجامعي، ص٢٤٢، ٢٤٣.

- ١- ئايا پلانی بەرنامەكە شارەزاییانە دانراوە؟
- ٢- ئايا ئەوانەی كە كارەكەيان پێ سپێدراوە، لە ئەركەكانی تێگەیشتوون؟
- ٣- ئايا سەرجەم بەشەكان بۆ سەركەوتنی بەرنامەكە هاوكاری یەكترییان كردووە؟
- ٤- ئايا دەكرێت دەرئەنجامی كاریگەر بەدەستبێت، چۆن؟
- ٥- ئايا پەیامەكە بە جەماوەری مەبەستدار گەیشتووە؟
- ٦- ئايا پەیامەكە بەشێوەیەك ئامادەكراوە، بتوانێت ڕووبەرووی دۆخی چاوەڕواننەكراو بێتەوە؟
- ٧- ئايا بەرنامەكە پابەند بووە بەو بودجەیەی بۆی تەرخانكراوە؟
- ٨- ئەو ڕێكاریانەی بەر لە جێبەجێكردنی بەرنامەكە بۆ پێوانی كاریگەری ئامادەكراون چین؟

هەروەها دەتوانین شێوازەكانی هەڵسەنگاندن بەمجۆرە دیاریبكەین [١]:

١. هەڵسەنگاندن پێش ئەنجامدان: هەڵسەنگاندن بۆ بەرنامەیەك دەكرێت پێش ئەنجامدانی واتە نەچۆتە بواری جێبەجێكردنەوە.

٢. هەڵسەنگاندنی بەش یان(قۆناغ): ئەم جۆرە بۆ بەرنامە درێژخایەنەكان ئەنجامدەدرێت و لە هەرقۆناغێك لە قۆناغەكانی بەرنامەكە دەكرێت.

٣. هەڵسەنگاندنی كۆتایی یان گشتیی: ئەم جۆرە لە كۆتایی بەرنامەكە ئەنجامدەدرێت.

پێوانەكانی هەڵسەنگاندنی چالاكییەكانی پەیوەندە گشتی :

ئەو پێوانانەی بۆ چالاكییەكانی پەیوەندی گشتی بەكاردەهێنرێت[٢]:

أ. پێوانەی بڕیی: پێوانەی بڕی بە ژمارە و بڕ و ڕێژەی سەدی هەڵسەنگاندنەكان دیاریدەكات، لە هەندێك چالاكی وەكو بەرهەمهێنان و دابەشكردن بەكاردێت، دەتوانرێت لە ئامادەكردنی ڕاپۆرتدا بەژمارە بۆ ئەنجامدانی چالاكیەكانی پەیوەندی گشتی بەكاربهێنرێت ژمارە كارەكە باشتر ڕووندەكاتەوە.

ب. پێوانەی جۆریی: پێوانەی بڕی بۆ هەندێك بارودۆخ گونجاو نیە وەكو بەدەستهێنانی ناوبانگی باش بۆ دامەزراوەكە یان باشكردنی وێنەی زەینی لای جەماوەری ناوخۆ و دەرەوە، یان تێگەیشتنی جەماوەر لەو پەیامەی پێیاندەگات، لەبەرئەوە پێوانەی جۆری بۆ ئەم جۆرانە بەكاردەهێنرێت.

**چوار جۆری هەڵسەنگاندن لە هەڵمەتدا هەیە كە بریتین لە[٣] :**

١- هەڵسەنگاندنی ڕووكار: هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردنی ئەو بابەتانەی كە لە هەڵمەتەكاندا بەكاردەهێنرێت، ناوەڕۆكەكەی پێكدێت لە پلان، یان چوارچێوەی ڕاگەیەنراوێك، وەك ئەو تەكنیكی برەودانەی لە هەڵمەتەكە بەكاردەهێنرێت.

٢- كرداری هەڵسەنگاندن: واتە جێبەجێكردنی كرداری هەڵسەنگاندن لە ڕێگەی چاودێریكردنەوە، هەریەك لە قۆناغەكانی پەیوەندی هەڵدەسەنگێنرێت، ئەمەش لەپێناو زانینی ئایا هەڵمەتەكە لە كۆتایدا ئامانجەكەی دەپێكێت.

٣- هەڵسەنگاندنی ئەنجام: هەڵسەنگاندنی ئەنجامی كۆتایی هەڵمەتەكەیە.

---

١. مهدی حسن زولف، احمد القطامین، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٦.

٢. محمد عبدة حافظ، العلاقات العامة، سەرچاوەی پێشوو ل ٣٢٠،٣٢١.

٣. نظام موسى سويدان، نزار عبدالمجيد البرواري، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٩،٢٩٨.

٤- هەڵسەنگاندنی کاریگەری: کارێکی سەختە کاریگەری هەندێك لە هەڵمەتەکان لە ماوەیەکی کورتدا بپێورێت، چونکە هەندێك لە هەڵمەتەکان گرنگی دەدەن بە گۆڕینی ڕەفتار و کردەوەی تاك لە ماوەیەکی درێژدا نەبێ کاریگەرییەکانیان دەرناکەوێت.

## پێنجەم / جیاوازی نێوان هەڵمەتی پەیوەندی گشتی و هەڵمەتی ڕاگەیاندن:

هەندێك سەرچاوە هەڵمەتی پەیوەندی گشتی بە هەڵمەتی ڕاگەیاندن، یاخود هەڵمەتی پەیوەندیکردن ناودەبەن، لێرەدا هەندێك جیاوازی نێوان ئەو دوو جۆرەی هەڵمەت دەخەینە ڕوو:

چالاکیەکانی پەیوەندی گشتی پشت بە ڕاگەیاندن دەبەستێت، بۆ بلاْوکردنەوەی هەواڵ و بیروڕای جەماوەری دامەزراوەکان لە ڕێگەی ئامرازە جیاوازەکانیەوە، بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری و متمانەی جەماوەر، واتە ڕاگەیاندن یەکێکە لە ئەرکە بنەڕەتیەکانی پەیوەندی گشتی و بەشێکە لە چالاکیەکانی، پەیوەندی گشتی هەڵمەتی ڕاگەیاندن بەکاردەهێنێت، واتە هەڵمەتی ڕاگەیاندن ئامرازێکە لە ئامرازەکانی هەڵمەتی پەیوەندی گشتی.

جیاوازییەکانیان لەملایەنانەوە باسکراوە:-

١. لە لایەنی پەیوەندیەوە:

هەڵمەتی ڕاگەیاندن ئەو هەڵمەتەیە پەیوەندی گشتی ڕێکی دەخات و پلانی بۆ دادەنێت، هەڵمەتی پەیوەندی گشتی گشتگیرتر و فراوانترە، چونکە هەموو جۆرەکانی پەیوەندی و ئامرازە جیاوازەکان بەکاردەهێنێت، لە کاتێکدا هەڵمەتی ڕاگەیاندن جەخت لەسەر ئامرازێك، یان زیاتر دەکات. دەتوانین بڵێین هەڵمەتی پەیوەندی گشتی ئەو هەڵمەتەیە هەموو ئامرازە جیاوازەکانی پەیوەندی و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەکاردەهێنێت بۆ گەیشتن بە جەماوەر، بەلاْم هەڵمەتی ڕاگەیاندن تەنیا ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن بەکاردەهێنێت. بۆ نموونە هەڵمەتی هەڵبژاردن یەکێکە لە هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی چەند جۆرێکی پەیوەندی و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بەکاردەهێنێت، وەکو (پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، پێشکەشکردنی دیاری و هاوکاری، وێنەو هێڵکاری، ئینتەرنێت، بەشداریکردن لە بۆنە کۆمەلاْیەتی و ئاینی و تایبەتەکان، ڕێکخستنی ئاهەنگ و بۆنە، تەلەفون، سەردانیکردن و چاوپێکەوتن، گۆنگرە، دیبەیت، ڕێپێوان، لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی، پۆستەر، وتار و پەیام، بلاْوکراوە، شریتی کاسێت و ڤیدیۆ، تابلۆی ریکلامی، ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن)[1] لە ڕێگەی ئەم جۆرانەی پەیوەندی و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە، دەتوانن بگەن بە جەماوەر، بەلاْم هەڵمەتی ڕاگەیاندن تەنیا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەکاردەهێنن.

٢. لەلایەنی ئامانجەوە:

هەڵمەتی ڕاگەیاندن هەوڵ بۆ هێنانەدی ئامانجی دامەزراوەکە دەدات و پەیامەکانی یەك ئاڕاستەن، چونکە پێویستی وادەکات کە هەوڵەکان زیاتر بن بۆ بلاْوکردنەوەی زانیاری، یان گەشەپێدانی هۆشیاری نەتەوەیی و جەختکردنەوە لەسەر چالاکیەکانی ڕاگەیاندن، بەلاْم هەڵمەتی پەیوەندی گشتی "ئامانجی بریتەیە لە فێرکردن و ڕۆشنبیری و ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن و قەناعەتپێکردن و گەشەپێدانی هۆشیاری گشتی"[2] هەروەها مەبەستی

---

[1]. محمد منير حجاب، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٤١- ١٦٦.

[2]. سوزان القليني، سەرچاوەی پێشوو، لا ٧٣.

هەڵمەتی پەیوەندی گشتی تێپەڕاندنی قەیران و چارەسەرکردنێتی، پاشان بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانانەیە، کە ڕووبەڕووی دامەزراوەکە و چالاکیەکانیان دەبنەوە، [1].

هەروەها ئامانجی پەیوەندی گشتی تایبەت بە هەڵەت، بریتییە لەپاراستنی دامەزراوەکە لە هەر هێرشێك کە دەکرێتەسەری، هەروەها وەڵامدانەوەی دەنگۆ و هەواڵی ناڕاست و هەڵمەتی پروپاگەندە، کە لایەنی ناوخۆیی یان دەرەکی ئەنجامی دەدەن، بۆ دەرخستنی لایەنی ڕاستی زانیارییەکانی تایبەت بە بابەتەکە و ڕوونکردنەوەی بۆ ڕایگشتی.

هەروەها دامەزراوە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی جەماوەر و پشتگیریکردن لە سیاسەتەکانی پێویستی بە هەڵمەت هەیە، ئەویش بۆ ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی ڕای جەماوەر لە کاتی پلاندانان، یان ئەو سیاسەتەی لەلایەن دامەزراوەکەوە دەگیرێتەبەر[2].

**٣.لەلایەنی نێرەرەوە:**

هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی دامەزراوەی حزبی، یان سیاسی یان حکومی، یان دامەزراوەی ناحکومی و بازرگانی.... هتد ئەنجامی دەدەن[3]، واتە هەموو هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن لە لایەن پەیوەندی گشتی دامەزراوەکان ئامادە دەکرێت، پاشان لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاودەکرێتەوە.

# بەشی سێیەم

# پەیوەندی گشتی و هۆشیاری ژینگەیی

## پاڕی یەکەم: چەمك و پێناسە و جۆرو كێشە ژینگەییەکان

---

[1]. حمید جاعد محسن، ادارة الحملات الاعلامية، **الباحث الاعلامي**، مجلة علمية اكاديمية مكحمة تعني بشؤون الاعلام و المشكلات الاعلامية تصدرها: كلية الاعلام – جامعة بغداد ، العدد(٤)اذار ٢٠٠٨ ، ص ٧٣.

[2]. بڕوانە:-

- هباس رجاء الحربي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩
- ياس خضر البياتي، عبدة محمد داود، شيماء السيد السليم، سەرچاوەی پێشوو،ل٦٧.
- عبدالرزاق محمد الدليمي، سەرچاوەی پێشوو،ل ٦٨.

[3]. محمد نجيب الصرايرة، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٣.

**یەکەم: چەمك و پێناسەی ژینگە**

**دووەم: جۆرەکانی ژینگە**

**سێیەم: کێشەکانی ژینگە**

**پارێ دووەم: هۆشیاری ژینگەیی و ڕێگاکانی و تیۆری تایبەت بە هەڵمەتی هۆشیاری ژینگەیی**

**یەکەم: هۆشیاری و هۆشیاری ژینگەیی**

**دووەم: ڕێگاکانی هۆشیاری ژینگەیی**

**سێیەم: هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی**

**چوارەم: تیۆری تایبەت بە هەڵمەتی هۆشیاری ژینگەیی**

**پێنجەم: ڕۆڵی پەیوەندی گشتی لە هۆشیاری ژینگەییدا**

**شەشەم: ئامانجی پەیوەندی گشتی لە بواری ژینگەدا**

## پاری یەکەم
## چەمك، پێناسە، جۆر، کێشەکانی ژینگە

**دەستپێك:**

مرۆڤ لە ژینگەیەکی سروشتیدا ژیان لەگەڵ پێکهاتەکانیدا بەسەر دەبات، کە بریتین لە ئاو و هەوا و خاك و ڕووەك و گیانەوەراندا ئاوێتەبووە. پێکهاتەکانی ژینگەی سروشتی، کاریگەری جیاجیایان لەسەر مرۆڤایەتی هەیە و مرۆڤ بە درێژایی مێژوو، لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا، توانیویەتی سەرجەم پێکهاتەکانی ژینگە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاربێنێت. هەندێکجار وێرانکاری و پیسبوونی ژینگە ڕوودەدات و چاککردنەوەی ئاسان نییە و زیان بە هاوسەنگی ژینگە و ئایکۆلۆجی سروشتی لە ڕێگەی ڕاوی زۆر و بڕینەوەی دارستانەکان و بلاوکردنەوەی مادە کیمیاییەکان کە ژینگە پیس دەکەن، دەگەیەنێت[١].

---

١. محمد الصيرفي، السياحة والبيئة بين التأثير والتأثر(الاسكندرية: المكتب الجامعي الحديث،٢٠٠٩)ص٧١.

بێگومان ژیان له وڵاتانی جیهاندا جیاوازه، بههەمان شێوەش، ئاستی پیسبوونی ژینگه لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتیکی تر دەگۆڕێت و ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگه بەرامبەر ژینگە، ڕۆڵی بەرچاو دەبینێت. لەم چوارچێوەیەشدا له ئێستادا جیهان هەستیان بە مەترسییەکانی پیسبوونی ژینگه کردووه و بەردەوام له هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی پیسبوونی ژینگه و هۆکارەکانی ،به تایبەتی کاولکاری ژینگەیی و بەفیڕۆدانی، ژینگەیی بەوهۆیەوە مەترسی و هەڕەشه و تێکچوونی ژینگەیی لەسەر ژیان و تەندروستی و پاراستنی زیندەوەرەکان بۆ نەوەکانی ئێستاو ئاینده بوونی هەیه، ئەوانەی ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان له پاڵ ڕێکخراوه نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان و ڕێکخراوه جەماوەرییه ناحکومییەکان گرنگی پێدەدەن، هەروەها دەرکردنی یاساو ڕێسا سەبارەت بەو بابەته، تا بەربەست و ڕێگری دروست بکات لەسەر جموجوڵی ئابوری تاوەکو ئەو پیسبوونی ژینگه زیاتر نەبێت [1].

## یەکەم/ چەمك و پێناسەی ژینگە

پێویسته جیاکاری بکرێت له نێوان وشەی(Ecology) که زانستی ژینگەیه و (Environment)که زانستی ژینگەی مرۆڤ دەگرێتەوە.

(Ecology) واته ژینگەزانی، هەندێك کەس چەمکەکانی ئایکۆلۆجیا و ژینگه تێکەڵاو دەکەن، له کاتێکدا زانستی ئایکۆلۆجی دەچێته چوارچێوەی واتای ژینگەوە، واته ژینگه زانستی ئایکۆلۆجی دەگرێتەوە و زانستی ئایکۆلۆجی لقێکه له لقەکانی زانستی زیندەوەرزانی. لەبەر ڕۆشنایی ئەو جیاکارییه، زانستی ژینگه بریتییه لەو زانستەی که لەو ژینگەیه دەکۆڵێتەوە که تێیدا دەژین و به واتا بەرفراوانەکەی ئەو هۆکاره سروشتی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و مرۆییەیه، که کاریگەری لەسەر تاك و زیندەوەران دروستدەکات و شێوه و پەیوەندی و مانەوەیان دیاریدەکات[2].

- سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی دەستەواژەی ژینگه و سیستمی ژینگەیی له زانستی ژینگەدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٨٦٩)، که زانای ئەڵمانی (ئەرنست هیکل) وشەی لاتینی (oikos) به زمانی یۆنانی، واته شوێنی ژیان و وشەی logus، واته لێکۆڵینەوەی لەوشەیەکدا (Ecology) کۆکردەوە، واته لێکۆڵینەوه له شوێنی ژیانی بوونەوەره زیندووەکان و هەموو ئەوانەی دەوریانداوە. زانستی ژینگە، زانستێکه پەیوەسته به شوێنی ژیان، ناسینی ئەم زانسته هەوڵدانه بۆ وەڵامدانەوەی کۆمەڵێك پرسیاری تایبەت به توێژینەوه و چۆنێتی کاری سروشت، یان چۆنێتی کارلێکی بوونەوەره زیندووەکان بەیەکەوە[3].

یاخود ژینگه بریتییه " لەو شتانەی دەوریان داوین و کاریگەرییان لەسەر بوونی بوونەوەره زیندووەکان لەسەر ڕووی زەوی، ئاو و هەواو خاك و کانزاکان و کەش و هەواو بوونەوەران هەیه، دەتوانرێت بەوە وەسفبکرێت، که له کۆمەڵێك سیستمی تۆڕی پێکهاتووه و بەیەکەوە گرێدراون و کاریگەی لەسەر ئێمه دروست دەکەن و مانەوەمان لەم جیهانەدا دیاریدەکەن" [4].

---

[1]. محسن أحمد الخضيري، السياحة البيئية( القاهرة: مجموعة النيل العربية،٢٠٠٥) ص ٣٧٨.

[2]. نظيمة أحمد محمود سرحان، مناهج الخدمة الاجتماعية لحماية البيئة من التلوث( القاهرة: دار الفكر العربي،٢٠٠٥) ص ١٩.

[3]. كوثر محمود أبوعين، النظام البيئي و صحة المجتمع(عمان: دار مجدلاوي للنشر والتوزيع،٢٠٠٦) ص١٧.

[4]. طارق أسامة صالح، الصحة والبيئة (عمان: مكتبة المجتمع العربي للنشر و التوزيع ،٢٠٠٦)ص ١٣.

یەکەمجار لە کۆنگرەی ژینگەی مرۆیی، کە ساڵی ١٩٧٢ لە ستۆکهولم بەڕێوەچوو، ژینگە بە (هەموو ئەو شتانەی چواردەوری مرۆڤیان داوە) پێناسەکرا*

زانستی ژینگە، کە بە (Ecology)ناودەبرێت ئەو شوێنەیە مرۆڤ تێیدا دەژی، دیمەنە سروشتی و مرۆییەکان کاریگەری لەسەر دروستدەکەن و کاریگەرییان لەسەر دروستدەکات.

بنچینەی زمانەوانی وشەی ژینگە (البیئة)لە زمانی عەرەبیدا، دەگەڕێتەوە بۆ (بوأ)لە کرداری ڕابردووی (باء) وەرگیراوە.[١]

بە زمانی فەڕەنسیی Environnement واتای وشەی ژینگەیە واتە سەرجەمی ئەو شتانەی لە چواردەوری چالاکیەکانی مرۆڤن لە هۆکارە سروشتی و کۆمەڵایەتی و کلتوریە کاریگەرەکان لەسەر ژیانی مرۆڤ ، هەروەها تێکڕای ئەو شتانەی مرۆڤ لە کارگە و تەلارەکان دروستی کردون[٢].

## دووەم/ جۆرەکانی ژینگە

چەند پۆلێنێك بۆ پێکهاتەی ژینگە کراوە، لەوانە:

**یەکەم/ بەپێی سیستەم ژینگە دابەشدەبێت بۆ سێ جۆر[٣] :**

١. سیستەمی سروشتیی: هەموو ئەوانەی لە چواردەوری مرۆڤن، زەوی، ئاو، هەوا، ناواخنی زەوی لە سامان و کانزاکان و قوڵایی دەریاکان و لە ئاژەڵ و ڕووەك و بەکتریاو قەوزە... هیتر دەگرێتەوە.

٢. سیستەمی دروستکراو: تێکڕای دروستکراوەکانی دەستی مرۆڤ لە سەر ڕووی زەوی لە کارگە و تەلارەکان بە درێژایی مێژوو دەگرێتەوە. شارستانێتی نوێ، کۆمەڵێك تەکنیکی نوێی زیادکردووە، کە گۆڕانکاری لەسەر ڕووی زەوی لە ڕێگەی ئامرازە پێشکەوتووەکانەوە دروستکردووە و مرۆڤ شێوەی مادە سروشتیەکانی بۆ شێوەی نوێ و ئاڵۆز، کە پێشتر نەناسراو بوون گۆڕیوە.

٣. سیستەمی کۆمەڵایەتیی: ئەم جۆرە خۆی دەبینێتەوە لە سیستەم و پەیوەندی و ڕێسا و یاساکان، کە شێوازی ژیانی مرۆڤ دیاریدەکەن، هەموو بەها ئیتیکی و شێوازەکانی ڕەفتاری مرۆڤ دەگرێتەوە و ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان کەسەکان دیاریدەکات.

**دووەم/ بەپێی دروست بوون ژینگە دابەشدەبێت بۆ دوو جۆر[٤]:**

١. ژینگەی سروشتیی: کە لە ئاو، هەوا، زەوی، کانزاکان، سەرچاوەی وزە، زیندەوەران بە هەموو جۆرەکانیانەوە دەگرێتەوە.

٢. ژینگەی دروستکراو: پێکدێت لەو ژێرخانە بنچینەییە مادی و سیستەمە کۆمەڵایەتی و دامەزراوەییانەی مرۆڤ دروستیکردوون.

---

* بەستنی یەکەم کۆنگرەی نێودەوڵەتی لەسەر ژینگە، کە بە کۆنگرەی ژینگەی مرۆیی ناسرا، لە ستکهولم لە سوید لە ساڵی ١٩٧٢بە ئامادەبوونی ١١٣ وڵات بەرێوەچوو، بەچەندین پێشنیاری گەورە گەیشتن.

[١]. محمد الصیرفي، السیاحة والبیئة ( الاسکندریة: دار الفکر الجامعي،٢٠٠٧)ص٧- ١٠.

[٢]. فارس محمد عمران، السیاسة التشریعیة لحمایة البیئة في مصرو قطر و دور الامم المتحدة في حمایتها( مصر: المکتب الجامعي الحدیث بالاسکندریة،٢٠٠٥) ص٢٠.

[٣]. حسن أحمد شحاته، التلوث البیئي و إعاقة السیاحة ( القاهرة: دار العربیة للکتاب، ٢٠٠٦)ص ص ٢٥، ٢٦.

[٤]. محمد الصیرفي، السیاحة والبیئة، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.

**سێیەم/ ژینگەی مرۆیی**

ئەو زانیارییانەی لەبارەی ژینگەکەمانەوە دەیزانین بەبەراورد لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە زۆرەی لەم بوارەدا ڕوویداوە زۆر کەمە و بواری جیاجیا لەم زانستەدا دەرکەوتوون، کە زانستی سروشتی و جێبەجێکاری و ئابوری و مرۆیی دەگرێتەوە و لێرەوە دەتوانین بەمجۆرە ئاماژە بە جۆرەکانی ژینگەی مرۆیی بکەین[١]:

١. ژینگەی سروشتی: پێکدێت لە:

- زەوی، واتە خاك و بەرد و ڕۆڵی ئەو چالاکیانەی لە ناخ و سەر رووی زەوی ڕوودەدەن.
- کەش و هەوا و سەرجەم پێکهاتەکانی لە بارین و پلەکانی گەرما و با و.... هتد.
- بەرگە زیندوو لەگەڵ سیستمە ژینگەییە ڕووەکی و گیانەوەرییەکان.
- بەرگە ئاو، کە ئاوی سەر زەوی و ناخی زەوی دەگرێتەوە.

٢. ژینگەی دەستکرد:

- زەوی و بەکارهێنانە جیاجیاکانی.
- ژێرخان و خزمەتگوزارییەکانی وەك سیستمی تەندروستی و ئاو و ئاوەڕۆ لەڕووی جۆری و چۆنێتیەوە.
- پیسبوونی ئاو و هەوا، هەروەها پیسبوون بەهۆی ژاوەژاو و چۆنێتی چارەسەرکردنی هەریەکێکیان.

٣. ژینگەی کۆمەڵایەتی:

- خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لە خوێندنگە و شوێنە گەشتیارییەکان و ناوەندەکانی تەندروستی و بەرگری شارستانی و ئامرازەکانی گواستنەوەی گشتی دەگرێتەوە.
- چڕی دانیشتوان و هەرچی پەیوەندی پێیانەوە هەیە، لەڕووی تایبەتمەندی ڕەگەز و کۆمەڵایەتی و ئابووری.
- ژینگەی کار، کە ناوچە بازرگانی و پیشەسازییەکان دەگرێتەوە.

٤. ژینگەی جوانی:

بەشێوەیەکی گشتی سەرجەم ناوچە مێژوویی و ئاسەوار و دیمەنە سروشتی و تەلارسازییەکان دەگرێتەوە.

٥. ژینگەی ئابووریی:

پێکهاتە ئابورییەکانی ژینگەی مرۆڤ و ڕێژەی کار و بێکاری و ئاستی داهات دەگرێتەوە.

**چوارەم/ ئەم پۆلێنە ژینگە دابەشدەکات بۆ دوو بەشی سەرەکی[٢]:**

١. ژینگەی زیندوو، یان ژینگەی بایۆلۆجی: هەموو بوونەوەرێکی زیندوو دەگرێتەوە.
٢. ژینگەی مادی: ئاو و هەوا و خاك و تێکڕای رەگەزەکانی چواردەوری دەگرێتەوە.

**پۆلێنی پێنجەم/ هەندێك لە زانایان ژینگە دابەشدەکەن بۆ[٣] :**

١. ژینگەی فیزیکی: ( زەوی، ئاو، هەوا،... هتد )
٢. ژینگەی رۆشنبیری: کە لایەنی رۆشنبیری دەگرێتەوە (گۆڤار، رۆژنامە، رادیۆ، تەلەفزیۆن،..........هتد)

---

١. محمد الصيرفي، السياحة والبيئة بين التأثير والتأثر، سەرچاوەی پێشوو ،لا٢٧، ٢٨.

٢. كوثر محمود أبوعين، سەرچاوەی پێشوو،لا ١٣

٣. رشاد أحمد عبداللطيف، البيئة والانسان منظور- الاجتماعی( الاسكندرية: دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر، ٢٠٠٧)ص٨٣.

٣. ژینگەی کۆمەڵایەتی: داب و نەریت و بەها و ڕەفتار دەگرێتەوە.

ئەو ڕەفتارو چالاکیانەی مرۆ کە کاریگەرییان لەسەر ژینگە هەیە دابەشدەبن بۆ[١]:

١. ڕەفتاری تاك: سەرجەم ئەو ڕەفتارانەی تاك، یان کۆمەڵ دەگرێتەوە، کە کاریگەری لەسەر ژینگە دروست دەکەن، بۆ نموونە فڕێدانی خاشاك لە شوێنە گشتیەکان.

٢. ڕەفتاری کۆمەڵ: هەموو ڕەفتارێکی باوی کۆمەڵێك دەگرێتەوە، کە بەشداریدەکەن لە دروستکردنی کاریگەری لەسەر سیستمی ژینگەیی، وەك دوکەڵ.

٣. ڕەفتاری پیشەسازی: سەرجەم ئەو چالاکیە پیشەسازیانە دەگرێتەوە، کە کاریگەری لەسەر پێکهاتەکانی ژینگە دروست دەکات.

## سێیەم/ کێشەکانی ژینگە

چەند کێشەیەکی ژینگەیی هەیە وەك (پیسبوون، بەبیابانیبوون، کەمی خۆراك، بێکاری، زۆربوونی دانیشتوان) چەندین هۆکار بوونەتە هۆی زیادکردن یان کەمکردنی دیاریکردنی کێشە ژینگەییەکان، لەوانە سامانی سروشتی، بەهای کۆمەڵایەتی، هۆشیاری کۆمەڵگە بۆ گرنگی و پاراستنی ژینگە.[٢]

**پیسبوونی ژینگە و جۆرەکانی**

لە (فەرهەنگی وێبستەر)دا بەمشێوەیە پێناسەی پیسبوون کراوە: "بارودۆخ و نەبوونی پاراستن، یان نەبوونی خاوێنی، یان هەر کردارێك ببێتەهۆی زیانگەیاندن بە ژینگە، ئەو پیسبوونانە ئەگەر کیمیایی، یان تیشکی، یان دەنگەدەنگ، یان ڕەفتاری بن"[٣]

لە پێناسەیەکی تردا دەتوانرێت بوترێت پیسبوون "واتە گۆڕین لە برِ، یان جۆری پێکهاتەی ڕەگەزەکانی سیستمی ژینگەیی، کە دەبێتەهۆی تێکچوون لەو سیستمەدا، زیادبوون یان کەمبوونی ڕەگەزێك کە بوونی نییە لە و سیستمەدا، بە شێوەیەك لە شێوەکان دەبێتە هۆی ئەوەی سیستمی ژینگە نەتوانێت هاوسەنگی ڕەگەزەکانی بپارێزێت[٤].

بە پێی پێناسەیەکی تر پیسبوونی ژینگە بریتییە "لە هەر گۆڕانێك لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ژینگەدا، کە ببێتە هۆی تێکدانی سیستمی سروشتی، ئەوا ئەو ڕەگەزە بە پیسبوون ناودەبرێت[٥].

چەند پۆلێنێك بۆ هۆکارەکانی پیسبوون دیاریکراوە، لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین:

**سەرچاوەی هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگە دابەشدەبن بۆ[٦]:**

---

١. کوثر محمود ابوعین، سەرچاوەی پێشوو،ل٢٩.

٢. رشاد أحمد عبداللطيف، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣.

٣.عبدالرؤوف الضبع، علم الاجتماع و قضايا البيئة مداخل نظرية و دراسات واقعية( الاسكندرية: دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر،٢٠٠٤) ص١٤٥.

٤. کوثر محمود أبوعین، سەرچاوەی پێشوو،ل ٣٨.

٥. هەوراز محمد، پیسبوونی بینین و کاریگەری لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی (سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ٢٠٠٨) ل ٣١.

٦. نظيمة أحمد محمود سرحان، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠ .

أ. پیسبوونی سروشتیی: ئەم جۆرە سەرچاوەکەی ژینگە خۆیەتی، بێ ئەوەی مرۆڤ دەستی تێدا هەبێت، بۆ نموونە غازەکان و خاك و بەردی تواوە، کە بورکانەکان فڕێی دەدەنە دەرەوە، هەروەها ئوکسیدی نایترۆجین، کە لە هەوادا لە ئەنجامی بەتاڵبوونەوەی کارەبایی دروستدەبێت.

ب. پیسبوونی ناسروشتیی:

ئەو جۆرەی پیسبوون لە ئەنجامی کاری تەکنیکی و داهێنان و دۆزینەوە پیشەسازی و تەڤینەوە ناوەکی و ئامرازەکانی گواستنەوە لەلایەن مرۆڤەوە ژینگە پیس دەکرێت.

هەروەها بۆ پۆلێنکردنی پیسبوونی ژینگە بەپێی چەند پێوەرێکی دیاریکراو، ئەمانەی لێ دەخەینەڕوو:

**بە پێی تایبەتمەندی پێکهاتەکانیان بۆ سێ جۆر دابەشدەکات[١]:**

أ. پیسبوونی بایۆلۆجی: ڤایرۆسەکان و بەکتریا دەگرێتەوە، کە هۆکاری نەخۆشی هەستیارین لە هەناسەدانی مرۆڤدا.

ب. پسیبوونی کیمیایی: وەك سوتانی سوتەمەنی و گازەکانی پاشماوەی کارگەکان و لەناوبەری زیندەوەرە زیانبخشەکان.

ج. پیسبوونی فیزیایی: وەکو ژاوەژاوی کارگە و فڕۆکە و ئامرازەکانی هاتوچۆ و قەرەباڵغی ناوشار.

**پۆلێنێکی تر پیسبوون دابەشدەکات بۆ دوو جۆر[٢]:**

أ. مادیی: پیسبوونی ئاو و هەواو خاك دەگرێتەوە.

ب. نا مادیی: پیسبوون بە هۆی دەنگە دەنگ و ڕۆشنبیری و بینراو دەگرێتەوە.

# پاری دووەم

# هۆشیاری ژینگەیی و ڕێگاکانی و تیۆری تایبەت بە هەڵمەتی ژینگەیی

## یەکەم: هۆشیاری و هۆشیاری ژینگەیی

بەشێوەیەکی گشتی هۆشیاری بەرهەمی بەردەوامی چالاکی ئەو تێگەیشتنە گشتیەیە، کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات لەهەر شوێنێك بێت، نەوە دوای نەوە لەگەڵ دەرکەوتنی مرۆڤ لەسەر زەوی ئەم چالاکیە بەردەوامە و تا مرۆڤیش هەبێت بەردەوام دەبێت، هۆشیاری چوار پێکهاتەی هەیە بریتین لە:

١. پەیبردن.

٢. تێگەیشتن.

---

١. مصطفى عبدالطيف عباسى، حماية البيئة من التلوث حماية للحياة (الاسكندرية:دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر، ٢٠٠٤)ص ص١٩، ٢٠.

٢. زكريا محمد عبدالوهاب طاحون، التلوث خطر واسع الانتشار (القاهرة: دار السحاب للنشر والتوزيع، ٢٠٠٤) ص٢٦.

٣. هەڵسەنگاندن.

٤. ڕەفتار.

هۆشیاری مرۆڤ بە ئاوێتە بوونی لەگەڵ چواردەوری مادی و کۆمەڵایەتی دروست دەبێت، چونکە کاریگەری گەورە لەسەر تاك دروستدەکەن و لە ڕەفتارو وتەکانیدا ڕەنگدەداتەوە. لێرەوە دەردەکەوێت کە هۆشیاری تاك پشت دەبەستێت بەو چالاکی فێربوونەی کە دەیبینێت، تاك فێری ئەوە دەبێت، کە کۆمەڵگە داوای لێدەکات و ئەو ڕۆڵانەی داواکراون لە ڕێگەی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانی وەك خێزان و خوێندنگەو هاوڕێ و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن..... فێردەبێت[1].

ئەمڕۆ گەورەترین و مەترسیدارترین کێشە، کە ڕووبەڕووی مرۆڤ و زەوی بووەتەوە پیسبوونی ژینگەیە، مرۆڤایەتی لە نیوەی کۆتایی سەدەی رابردووەوە هەستی بە بوونی ئەم کێشەیە کردووە. نەتەوەیەکگرتووەکان و سەرجەم ڕێکخراوەکانی و زۆر لە کەسایەتیە دیارەکانی جیهان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی نێودەوڵەتی هەوڵیانداوە مرۆڤایەتی لەو کێشەیە بەئاگا بێننەوە. ئەنجومەنی وڵاتانی ئەوروپا ساڵی (١٩٧٠)کۆنگرەیەکی بە ناونیشانی (مرۆڤایەتی لەمەترسیدایە) ڕێکخست، هەروەها ڕێکخراوی پەروەردە و زانست و کەلتور (یونسکۆ) ساڵی (١٩٧٠) داوایەکی بۆ کۆبوونەوەی وڵاتان پێشکەشکرد. دواتر باسی مرۆڤ و گۆرانکارییەکانی ژینگە کرا، دواجاریش بۆئەوەی مرۆڤ ڕێزی زیاتر لە ژینگەکەی بگرێت، بڕیاری گەشەپێدانی هۆشیاری ژینگەیی درا[2].

هۆشیاری: دیاردەیەکی خودیی تایبەتییە بەشێك لە چالاکی خودی تایبەتی دەدوێنێت، کە بەعەقڵ ناودەبرێت. هۆشیاری زیاتر لەسەر بنەمای ئەرکە مەعریفیەکانی تر ڕووندەکرێتەوە، وەك زمان، یادەوەری، بەلگەهێنانەوە، ئاگاداربوون، لەکاتێکدا ئەم جۆرە ئەرکانە پێویستن بۆ ئاستە بەرزەکانی هۆشیاری. هۆشیاری پێویستە بۆ مانەوەی خۆمان و نەهێشتنی ئەو هەڕەشانەی لێمان دەکرێن[3].

- فەرهەنگی کۆمەڵایەتی بەمشێوەیە هۆشیاری ناساندووە"پەیبردنێکی خودیە بۆ دەوروبەر، پەیبردنێکی ڕاستەوخۆیە، بنەمای هەموو زانینێکە، هۆشیاری سێ ڕەگەز دەگەڕێتەوە:-

١. پەیبردن.

٢. زانین.

٣. ویژدان.

ئەم ڕەگەزانە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، هەموو پەیوەندیەك و کارلێك کردنێك دەبێتە هۆی هێنانەدی هۆشیاری تەواو لەسەر ژینگە و پێکهاتە تایبەتەکانی[4].

(بات جاکسون) نموونەیەکی بۆ پەیوەندی گشتی لە بارەی ڕەفتارو هەڵسوکەوتەوە داناوە، بەم شێوەیە:

هۆشیاری ______ ئامادەیی شاراوە بۆ کارکردن______ڕووداوی دەستپێکردن________هەڵسوکەوت

ئەوە ڕووندەکاتەوە کە پرۆسەی هۆشیاری پەیوەندی بە خودەوە هەیە، هەروەها پڕوپاگەندەو ریکلام و بڵاوکراوەو ئامرازە هاوشێوەکانی لە پەیوەندیدا، هاریکاری خوڵقاندنی هۆشیاری دەکەن. پێویستە ئامادەکاری

---

١. علی موفق فليح، دور العلاقات العامة في نشر الوعي المروري في العراق، رسالة الماجستير غير منشورة، جامعة بغداد،٢٠٠٥، ص ٥٦-٥٧.

٢. هەوراز محمد، سەرچاوەی پێشوو،لا ٥٩،٦٠.

٣. أنطونيو داماسيو، الشعور بما يحدث دور الجسد و العاطفة في صنع الوعي، ترجمة: رفيف كامل غدار( لبنان: دار العربية للعلوم ناشرون،٢٠١٠) ص ص ٢٠،٢٥،٣١.

٤. رشاد أحمد عبداللطيف، سەرچاوەی پێشوو، لا١٠٠.

بكرێت، تاوەكو پەیوەندییەكانی نێوان پەیام و هەڵوێستە هەنوكەییەكانی خەڵك پێكەوە ببەسترێنەوە، هەروەها هەوڵەكانی هۆشیاركردنەوە دەكرێت لەسەر بنەمای توێژینەوەی مۆدێرن بكرێت، لەپێناو دیاریكردنی هەڵوێست و لێكتێگەیشتەكان، كە بە بنەمای هەڵسوكەوتی گشتی دادەنرێت[1].

هۆشیاری ژینگەیی پەیوەندییەكی بەهێزی بە رۆشنبیرییەوە هەیە، هۆشیاری بەشێكە لە رۆشنبیری باو، كە كار بۆ ئاراستەكردنی گشتی لە رەفتاری مرۆڤ دەكات. مرۆڤ لە ژینگەی كۆمەڵایەتی گوندنشینیدا تارادەیەك لە رۆشنبیری تەقلیدیدا ژیان بەسەردەبات، بەپێچەوانەوە مرۆڤ لە ژینگەی شارستانیدا لە سێبەری رۆشنبیری خێرا و گۆڕاودا دەژی، لە رۆشنبیریدا پلەی تێگەیشتنی هاووڵاتیان بۆ گرنگی پاراستنی ژینگە رەنگدەداتەوە، چونكە پارێزگاری لێكردنی دەبێتە پاراستنی تەندروستی مرۆڤ و سەلامەتی[2].

بەشێكی گەورەی كێشەی ژینگە دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی هۆشیاری ژینگەیی لای مرۆڤ، بە تایبەتی لای بەرپرسان و بڕیاربەدەستان، لاوازی هۆشیاری ژینگەیی هۆكاری یەكەمە بۆ تێكچوونی ژینگە.

مرۆڤ هەستی بەو تێكدان و خراپكردنە كردووە، كە بەرامبەر ژینگە ئەنجامیداوە، لێرەوە چەمكێك دەركەوت كە لە ئێستادا زۆر لەبارەیەوە دەدوێن و كاری بۆ دەكرێت، ئەویش (هۆشیاری ژینگەیی)ە. رێكخراوەكانی پارێزگاری لە ژینگە و پارتە سەوزەكان و لە بەرنامەی كاری نەتەوە یەكگرتووەكانیشدا هۆشیاری ژینگەیی گرنگی پێدراوە و هەوڵدەدرێت مرۆڤ لەم چەمكە ئاگادار بكرێتەوە.

- هۆشیاری ژینگەیی بریتییە لە (درككردنی مرۆڤ بە گرنگی و پاراستنی ژینگە، ئەنجامی رەفتاری ئەرێنیانە بۆ مامەڵەكردن لەگەڵیدا و تێگەیشتن لە پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەكانی نێوان ڕەگەزە پێكهێنەرەكانی ژینگە) هۆشیاری ژینگەیی ئیرادەی مرۆڤە بۆ بەردەوامبوونی ژیان[3].

لە كۆنگرەی تبلیسی ساڵی (١٩٧٧) دا پێناسەی هۆشیاری ژینگەیی كراوە بەوەی "كاركردنە بۆ ئاراستەكردن و بەستنەوەی بە لقە جیاوازەكانی زانین و شارەزایی پەروەردەیی بۆ تێگەیشتن لە كێشەكانی، هەروەها بەشداریكردن لە بەرپرسیارێتی بۆ دووركەوتنەوە لە كێشە ژینگەییەكان[4].

- دەتوانین بڵێین هۆشیاری ژینگەیی، هەموو ئەو بەرنامە، یان چالاكیانەیە، كە ئاراستەی خەڵك دەكرێت، یان توێژێكی دیاریكراو بە ئامانجی روونكردنەوە و ناساندنی ژینگە، یان كێشەی ژینگەیی، بۆ دروستكردنی هەستی بەرپرسیارێتی و دواتر گۆڕانی ئاراستە و تێڕوانینیان و بەشدارییپێكردنیان بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو[5].

- هەروەها هۆشیاری ژینگەیی: بە واتای بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاری ژینگەیی و بڵاوكردنەوەی رۆشنبیری ژینگەیی بۆ سەرجەم گروپەكانی كۆمەڵگە، كە بگونجێت لەگەڵ تەمەنی مرۆڤ و چواردەورەكەی و

---

1. لوري ج. ویلسون، سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٦.

2. عبدالرؤوف الضبع، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢١٤

3. هەوراز محمد، سەرچاوەی پێشوو، لا ٧٣، ٧٤.

4. عادل مشعان ربیع، التوعیة البیئیة( عمان: مكتبة المجتمع العربي، ٢٠٠٩) ص٦٤.

5. هەمان سەرچاوە ،لا ٦١.

رۆشنبیرییەکەی و سروشتی کارەکەی، لە ڕێگەی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن و پەروەردەی ڕێکخراو بە ئامانجی برەودان بە بیرۆکەی خۆشویستنی سەرجەم رەگەزەکانی سروشت[1].

جیاوازی سەرەکی لە نێوان چەمکی هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی و هۆشیاری ژینگەیی هەیە، هۆشیاری ژینگەیی ئەنجامی هۆشیارکردنەوەی ژینگەییە، هۆشیارکردنەوە ئەوپەڕی هەوڵدانە، هۆشیاری بەرهەمی ئەو هەوڵەیە[2].

هۆشیاری ژینگەیی: لێکدانی چەمکی هۆشیاری و ژینگەیە، یاخود بەوە پێناسە دەکرێت کە (تێگەیشتنی تاکە بۆ ڕۆڵی لە بەرەنگاربوونەوەی پیسبوونی ژینگە)[3]

یان هۆشیاری ژینگەیی (ئەو چەمکەیە گرنگی دەدان بە زیادکردنی زانیاری ژینگەیی بنچینەیی و شارەزایی و ئاڕاستەی ژینگەیی خوازراو لای تاك، تا بتوانێت کارلێك لەگەڵ ئەو ژینگەی تێدا دەژی بکات، لە چوارچێوەی هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی ژینگەیی، کە گرنتی پاراستنی ژینگە دەکات، لە پێناو ژیانی ئێستاو داهاتوودا[4]

کەسەکان هۆشیارییان جیاوازە لە بارەی ژینگەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك وەك( تەمەن، ڕەگەز، ئاستی خوێندەواری و شارەزایی، داهات،....)

- **گرنگی هۆشیاری ژینگەیی**

گرنگی و ڕۆڵی هۆشیاری ژینگەیی بۆ دروستکردنی هۆشیارییە لای تاك و کۆمەڵ و بەدەستهێنانی زانیاری پاشان گۆڕینی ئاڕاستە و رەفتار یان، بەمەبەستی بەشداریکردن لە چارەسەری کێشە ژینگەییەکان، هەروەها لە ڕێگەی گەشەپێدان و شارەزایی لە چاودێریکردنی بابەتە ژینگەیەکانەوە کاردەکات بۆ دیاریکردنی کێشەکان و ڕێگریکردن لە مەترسیە ژینگەییەکان[5].

**ئامانجی هۆشیاری ژینگەیی :**

هۆشیاری ژینگەیی بۆ هێنانەدی کۆمەڵێك ئامانج هەوڵدەدات، گرنگترینیان بریتین[6]:

- پێدانی هەلی تەواو بە تاك بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و شارەزایی و پابەندبوون بۆ باشکردنی ژینگە و پاراستنی، بەمەبەستی گرەنتی کردنی هاتنەدی گەشە پێدانی بەردەوام.
- باشکردنی جۆری ژیانی مرۆڤ لە ڕێگەی کەمکردنەوەی شوێنەواری پیسبوون لەسەر تەندروستیان.
- گەشەپێدان بە ئیتیکی ژینگەیی، تا ببێتە چاودێر بەسەر مرۆڤەوە لەکاتی مامەڵەکردنی لەگەڵ ژینگەدا.
- کاراکردنی ڕۆڵی کۆمەڵگە بۆ بەشداریکردن لە دەرکردنی بڕیار بۆ چاودێریکردنی ژینگە.
- یارمەتی تاك دەدات بۆ ئاشکراکردنی کێشەکانی ژینگە و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو.
- پشتگیری کردن لە رەفتاری ئەرێنی لای تاك بۆ مامەڵکردنی لەگەڵ ڕەگەزەکانی ژینگە.
- گرنگیدانی جیهانی بە هۆشیاری ژینگەیی.

---

1. أيوب أبو دية، البيئة في مئتي سؤال( بيروت: دار الفارابي، ٢٠١٠)ص ص ٢٤،٢٥.
2. محمد إبراهيم خاطر، الاعلام والتوعية البيئية(عمان: دارأسامة للنشر،٢٠١٥) ص٥٧.
3. احمد محمد موسى، الخدمة الاجتماعية وحماية البيئة( القاهرة: المكتبة العصرية، ٢٠٠٧) ص٣٠٢
4. محب محمود كامل الرفاعي، وماهر اسماعيل صبري محمد، ادارة الموارد البشرية (القاهرة: المركز القومي للبحوث التربوية والتنمية، ٢٠٠٤)ص٣٠٤.
5. عادل مشعان ربيع، سەرچاوی پێشوو، ل٦١.
6. أحمد محمد ربيع وأخران، التربية البيئية( عمان: دار عالم الثقافة، ٢٠٠٧) ص ٢٠٥.

- چاندنی بەهای ژینگەیی بە ئامانجی پاراستنی ژینگە لەو مەترسیانەی هەڕەشەی لێدەکەن.

**دوو جۆر هۆشیاری ژینگەیی هەیە:**

هۆشیاری پاراستن و هۆشیاری چارەسەرکردن: -

هۆشیاری ژینگەیی تەواو، هۆشیاری پاراستنە کە ڕێگری لە ڕوودانی تێکچوون یان کێشە دەکات، بەڵام هۆشیاری چارەسەری ئاڕاستەی تاك دەکرێت و ئاماژە بە بوونی کێشەیەك دەکات، سێ پایە بۆ هۆشیاری ژینگەیی هەیە حکومەت و کۆمەڵگە بە هەموو دەستە و دامەزراوەکانیەوە، ئەو تاکانەی ڕۆڵیان لە پاراستنی ژینگەدا بەدابینکردنی زانیاری و پەیبردن و تێگەیشتنی دروستیان بۆ ڕۆڵی ژینگە هەیە[1].

**پێکهاتەی هۆشیاری ژینگەیی : -**

چەند هۆکارێك بەشدارن لە پێکهێنانی هۆشیاری ژینگەیی لای مرۆڤ، کە بریتین لە[2]:

١. فێرکردنی ژینگەیی: مەبەست لێی دۆزینەوەی توانا و وزەی سیاسی و ئابوری و هونەری و زانستی، کە دەتوانن لە ڕێگەی شێوازی زانستی جۆراوجۆرەوە مامەڵە لەگەڵ کێشە ژینگەییەکاندا بکەن.
٢. ڕۆشنبیری ژینگەیی: دروستکردنی هۆشیاری گشتی لەسەر ئاستی میللەت، بەزۆری ئاڕاستەی چینی ڕۆشنبیر دەکرێت، لە ڕێگەی کتێب و بلاۆکراوە و ڕاپۆرتی زانستییەوە هەوڵدەدەن.
٣. ڕاگەیاندنی ژینگەیی: هەموو چینەکانی میللەت و دەستەکانی کۆمەڵ دەگرێتەوە بە پێشنیار کردنی ڕەفتاری دیاریکراو.

## دووەم: ڕێگاکانی هۆشیاری ژینگەیی

چەند ڕێگایەك دەگیرێتەبەر بۆ بلاۆکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی ئەوانیش[3]:

١. پەروەردەی ژینگەیی.
٢. خێزان.
٣. خوێندنگە و پرۆگرامی خوێندن.
٤. زانکۆ.
٥. ئامرازەکانی ڕاگەیاندن.
٦. ڕێکخراوە ژینگەییەکان.
٧. کۆنگرە و چاوپێکەوتنی نێودەوڵەتی.

---

[1]. جمال الدين السيد صالح، الإعلام البيئي بين النظرية والتطبيق( مركز الاسكندرية للكتاب، ٢٠٠٣) ص٩٢

[2]. http:archive.al-watan.com. ٧ march ٢٠١٥

عبداللة بدران، أبعاد الوعي البيئي، ڕۆژی سەردانیکردن١١/١٢/٢٠١٦، کاتی سەردانیکردن٩:٠٠.

[3]. عادل مشعان ربيع، سەرچاوی پێشوو، لا٦٥

ئەوەی لەم توێژینەوەدا تیشکی دەخەینەسەر بریتییە لە (فێرکردن و پەروەردەی ژینگەیی و ئامرازەکانی راگەیاندن، رێکخراوەکان)

**١- فێرکردن و پەروەردەی ژینگەیی ئەمانە دەگرێتەوە:**

**أ. پەروەردە:**

تاك بەپێی داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتیەکان پەروەردە دەکرێت، ئەم بارودۆخە کۆمەڵایەتییانەش وابەستەی بارودۆخە سیاسی و ئابوری و تەندروستی و..هتد کۆمەڵگەن. لێرەوە دەکرێت هۆشیاری تاك بچوککراوەی هۆشیاری کۆمەڵگە بێت و رەفتاری تاك بەرهەمی کۆمەڵگە بێت، ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکدا هۆشیاری ژینگەیی هۆشیارییەکی لاواز بێت ئەوا هۆشیاری تاکیش سەبارەت بە ژینگە لاواز دەبێت.[١]

کارەکانی خێزان بەرفراوان بوون و لە ئێستادا خێزان ناتوانێت منداڵ لەسەر خۆگونجاندن و داب و نەریت و بەها و سیستم و باوەڕ و رەفتارە مرۆییەکان، کە کۆمەڵگە لێیان رازییە، پەروەردە بکات، لێرەوە خوێندنگە وەك دامەزراوەیەکی پەروەردەی کۆمەڵایەتی، هاوشانی خێزان ڕۆڵی پەروەردەکردن دەگێرێت. ژینگە بەشێکە لە پێکهاتەی خوێندن، تەندروستی ژینگەی خوێندنگە گرنگترین هۆکاری کەمکردنەوەی ئاستی بلاوبوونەوەی نەخۆشییە.[٢]

مرۆڤ لە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبووندا هۆشیاری وەردەگرێت، لە ولاتانی پێشکەوتووی جیهان لە قۆناغی سەرەتای منداڵییەوە لە رێزگرتن و پاك و خاوێنی و خۆشەویستی ژینگە ئاگاداری دەکەنەوە، بە ئاگادەهێنرێتەوە لە مەترسی پیسبوونی ژینگە، بەلام لە ولاتانی جیهانی سێ و تازە پێگەیشتووەکان هۆشیاری ژینگەیی لاوازەو تاکەکان و گروپ و کۆمەڵەکان کەمتر هەست بە گرنگی دەکەن، ئەگەر شارە گەورەکانی ولاتە پێشکەتووەکان بەهۆی پیشەسازی و قەرەباڵغی زۆرەوە توشی پیسبوون بووبن، ئەوا شارەکان و ژینگەی ولاتانی خۆرهەلات بەهۆی ناهۆشیاری ژینگەییەوە توشی پیسبوون دەبن.[٣]

هەروەها پەروەردەی ژینگەیی بە واتای ئامادەکردنی تاك بۆ مامەڵەکردنی سەرکەوتوو لەگەڵ ژینگە و سوودوەرگرتن لێی و پارێزگاری لێکردنی و پیسنەکردنی، هەروەها بەستنەوەی شارەزایی پەروەردەیی بە بابەتی خوێندن بۆ پەیبردن بە کێشەکانی ژینگە، کە بە دوو شێوە دەردەکەوێت:

١) پەروەردەی ژینگەیی رێکخراو: لە خوێندنگاکان و لە هەموو قۆناغەکانی فێرکردن بخوێندرێت.

٢) پەروەردەی ژینگەیی رێکنەخراو: وەکو ئامرازەکانی راگەیاندن کە بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵە[٤].

پەروەردە بە ئامرازێك دادەنرێت، کە کاریگەری دوورمەودای هەیە لە گەشەکردن و ئامادەکردنی نەوەکان و چەند چەمکێکیان پێدەگەیەنێت، وەك ڕێزگرتن لە ژینگە، پەروەردە هاوتای دامەزراوە پەروەردەییەکانە وەك (خوێندنگە، زانکۆ، مزگەوت).

پەروەردەی ژینگەیی: کرداری پێکهێنانی بەها و ئاڕاستە و شارەزایی و پەیبردنی پێویستە بۆ تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی پەیوەندییە ئالۆزەکان و بەستنەوەی مرۆڤ و شارستانیەتەکەی بە دەروبەریەوەیەتی، بە

---

١. هەوراز محمد، سەرچاوەی پێشوو، لا٨٧.

٢. هشام سبع، دور المجتمع المحلي في المحافظة على البيئة من التلوث(عمان، دار و مكتبة الحامد للنشر والتوزيع،٢٠١٥) ص٩٤.

٣. هەوراز محمد، سەرچاوەی پێشوو، لا ٧٤–٧٦ .

٤. مختار محمد كامل، البيئة و عوامل التلوث البيئي وطرق إنقاذ البشرية( الاسكندرية: مركز الاسكندرية لكتاب، ٢٠٠٥)ص ٦٩.

مەبەستی  پاراستنی سەرچاوەی سروشتی ژینگە، هەروەها پێویستی بە وەگەڕخستنی لۆژیکی لە بەرژەوەندی خەڵك و پاراستنی ژیانی و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوییەوە هەیە.

پەروەردەی ژینگەیی ئامانجی پەروەردەکردنی تاك و کۆمەڵە بۆ بەدەستهێنانی[١]:

١) هۆشیار بێت بەرامبەر ڕۆڵی هاوڵاتی و بەرپرسیارێتی بەرامبەر پێکهاتەکانی ژینگە و ئەو کێشانەی پەیوەندی پێیانەوە هەیە.

٢) بەهای کۆمەڵایەتی و هەستکردن بە گرنگیدان بە ژینگە و ئەنجامدانی چالاکی و بەشداریکردن لە پارێزگاری کردن لە ژینگە و باشکردنی.

٣) شارەزایی لە چارەسەری کێشەکانی ژینگە.

٤) پەروەردەی ژینگەیی بەشدارە لە سنوردانان بۆ کێشەکانی پیسبوونی ژینگە، لە ڕێگەی بلاَوکردنەوەی هۆشیاری، یارمەتی تاك و کۆمەڵ دەدات بۆ بەدەستهێنانی هۆشیاری و کارلێکی لەگەڵ ژینگە و کێشەکانیدا و بونیادنانی هاوڵاتیەکی ئەرێنی و هۆشیار بە کێشەکانی ژینگە.

قۆناغی باخچە باشترین قۆناغە بۆ چاندنی بەهای ژینگەیی لە دەروونی منداڵدا، دەتوانرێت منداڵ فێری گرنگیدان بە ژینگە و کاریگەرییەکانی لەسەر مرۆڤ بکرێت.

هەروەها پەروەردەی ژینگەیی پێویستی بە پاڵپشتی زیاتر لەلایەن راگەیاندنەکانەوە هەیە، بۆ بلاَوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی، بەشێوەیەك کە بەرنامە رادیۆیی و تەلەفزیۆنییەکان بە شێوەیەك پێشکەش بکرێن، کە لەگەڵ کێشە ژینگەییەکاندا بگونجێن[٢].

**ئامانجی پەروەردەی ژینگەیی:**

پەروەردەی ژینگەیی هەوڵدەدات بۆ هێنانەدی چەند ئامانجێك، کە هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، لە لایەنی سیاسی، رۆشنبیری، کۆمەلاّیەتی، فیزیکی کە بۆ هێنانەدی هەوڵدەدات [٣]:

١. دەرفەتدان بە هەموو تاکێك بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و بەها و شارەزایی سەرەکی بۆ پاراستنی ژینگە و باشکردنی.

٢. گەشەپێدانی هۆشیاری ژینگەیی، و گرنگیدا بە زانینی هەموو ئەو هۆکارانەی پەیوەندیدارە بە کێشەکانی ئابووری و کۆمەلاّیەتی و سیاسی و ژینگەیی لە ناوچە جیاوازەکان.

**ب. خێزان**

فێرکاران سێ ئەرکی سەرەکی، کە گرنگیان بۆ خێزان هەیە لە کۆمەڵگەدا دیاریکردووە، کە بریتین لە:

١- خستنەوەی منداڵ و ئاشناکردنیان بە ژینگەی پاك بۆ بەدیهێنانی پێداویستیە بایۆلۆژی و کۆمەلاّیەتەکانیان.

---

١. عادل شعبان ربیع، سەرچاوەی پێشوو، لا ٨٧-لا٩٤لا ٩٨.

٢. رشاد أحمد عبداللطیف، سەرچاوەی پێشوو، لا٩٢

٣. رشاد أحمد عبداللطیف، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٨٩.

٢- ئامادەکردنیان بۆ بەشداری لە ژیانی کۆمەڵگە و ناساندنی بەها و داب و نەریت.

٣- دابینکردنی ئەو ئامرازانەی دەتوانن لە کۆمەڵگەدا خۆیانی پێبپارێزن.

هەروەها خێزان بەشداریدەکات لە دامەزراندنی ئاراستە ئەرێنییەکان بەرامبەر ژینگە و پێهاتەکانی لای منداڵەکانیان. زۆرێك لە چەمکەکانی پەروەردەی ژینگەیی منداڵان لە خێزاندا لەسەری رادەهێنرێن، کاتێك باوانیان فێریان دەکەن، چۆن پاشەڕۆ فڕێبدەن و بەرامبەر ئاگرکەوتنەوەکان بەرگری بکەن، یان چۆن گرنگی بە باخچە بدەن، یان گرنگی بە گیانەوەرە ماڵیەکان بدەن، یان چۆن پارێزگاری لە کارەبا بکەن، لەبەرئەوە دایکان و باوکان گرنگی ژینگە بۆ منداڵەکانیان روونده‌کەنەوە بۆ ئەوەی ژینگە بپارێزن.[١]

هەروەها ڕۆڵی خێزان لە پاراستنی ژینگە لە رێگەی روونکردنەوەیەتی بۆبەرەنگاربوونەوەی لەکێشە سەرەکیە ژینگەییەکان لە دوو لایەنی سەرەکیدا ڕۆڵی هەیە لایەنی خۆپارێزی و لایەنی چارەسەر[٢].

دەتوانین بڵێین خێزان بۆ بەدەستهێنانی کارلێکی ئەرێنی لەگەڵ ژینگەدا ڕۆڵی گرنگی لەبەدەستهێنان و گەشەکردنی داب و نەریت و ئاراستە و بەها و ئیتیکە ژینگەییەکاندا هەیە، لەبەرئەوە گرنگیپێدانی خێزان واتە گرنگیدان بە نەوەی داهاتوو لەکۆمەڵگەدا و ئەو دامەزراوە یەکەمەیە کە گرنگی بەگەشەپێدانی ژینگە دەدات[٣].

**ج. زانکۆ:**

زانکۆ دەتوانێت بەشدار بێت لە پاراستنی ژینگەو مەترسیەکانی پیسبوونی ئاشکرا بکات و رێگە چارەکانی بخاتە ڕوو، گرنگترین ئەرکەکانیشی بریتین لە پەروەردە و توێژینەوەی زانستی و خزمەتکردنی کۆمەڵگە.[٤]

زانکۆ، دەتوانێت بەهۆی ئەو چالاکیانەی ئەنجامیدەدات بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی راگەیاندن و پێشکەشکردنی بەرنامەی تایبەت و بەستنی کۆڕ و وانەوتنەوە و کۆنگرە و پێشکەشکردنی بەرنامەی ڕاهێنان بۆ خوێندکاران و هاووڵاتیان، لە ڕێگەی هۆشیارکردنەوەوە لە پاراستنی ژینگەدا بەشدار بێت [٥].

**د. دامەزراوەی ئاینی:**

بیروباوەڕ و پابەندی ئاینی لە لایەنە گرنگەکانە بۆ چارەسەری کێشە ژینگەییەکان و پاراستنی ژینگە لە پیسبوون و لەناوچوون.

پێویستە راگەیاندنی ئاینی گرنگی بە هۆشیاری و رێنمایی و ئاراستەکردن بە پشتبەستن بە قورئان و فەرموودە بدات، لە ڕێگەی وتاری هەینی، وانە وتنەوەی مزگەوتەکان، وانەی ئاینی، بێگومان مزگەوت کاریگەری گەورە لەسەر عەقڵی موسلمانان دادەنێت [٦].

**٢. ئامرازەکانی راگەیاندن :**

لەم سەردەمەدا بڵاوبوونەوەی ئامرازەکانی بەدەستهێنانی زانیاری و هۆشیاری بەرفراوان بوون، بۆنموونە تەلەفزیۆن یەکێك لە پێکهێنەرەکانی ماڵە و ڕۆڵی لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەییدا هەیە، ئەمەش لەڕێگەی بەرنامە و زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان و ریکلام و کەناڵە تایبەتمەندەکانی ژینگەوە کاریگەری ئەرێنی و خوازراوی

---

١. هشام سبع، سەرچاوەی پێشوو، لا٩٢، ٩٣.

٢. عادل مشعان ربيع، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٠٥.

٣. نظيمة أحمد محمود سرحان، سەرچاوەی پێشوو، لا٥٠.

٤. هشام سبع، سەرچاوەی پێشوو،لا٩٦.

٥. عادل شعبان ربيع، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٣٨.

٦. يوسف القرضاوي، رعاية البيئة في شريعة الإسلام ( القاهرة: دار الشروق، ٢٠٠١)ص٢٣٦.

لەسەر بڵاوکردنەوەی زانیاری ژینگەیی و هۆشیاری هەیە. لەم ڕێگەیەوە ئامانجەکەی دێتەدی، ئەویش گۆڕینی ڕەفتاری تاکەکانە دوای ئەوەی لە کێشەکە و کاریگەری لەسەر ژیانی ئێستا و داهاتوویان تێدەگەن.

دەکرێت ئاڕاستە ئەرێنییەکان بەرامبەر کێشە ژینگەیییەکان لە ڕێگەی ئەم ئامانجانەوە بێنە دی :

- بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری بینەران و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی.
- سەرنجڕاکێشانی هاوڵاتی بەرەو ژینگەی دەروروبەر.
- خستنە ڕووی رەفتارە هەڵەکان لە ژیانی رۆژانەی تاکەکاندا، بەمەبەستی دوورکەوتنەوە لێیان.
- بڵاوکردنەوەی ئەو هۆشیاری و زانیاریانەی کاریگەریان لەسەر هاوڵاتیان دەبێت و دەبێتە هۆی گۆڕینی ڕەفتارە هەڵەکانیان.[١]

**گرنگی راگەیاندن لە هۆشیاری ژینگەییدا:**

راگەیاندن لە بواری ژینگەدا یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی پاراستنی ژینگە و دۆزینەوەی هۆشیاری ژینگەیی و گواستنەوەی شارەزایی و ناسین و بەهای تازەی تایبەت بە پاراستنی ژینگە، دوورکەوتنەوە لە ڕەفتارە زیانبەخشەکان، واتە ئاڕاستەکردنی میدیا بەرەو جەماوەر، لە پێناو پێکهێنانی ئەو هێزانەی کە فشار بۆ هاندانی بڕیاربەدەست دروست دەکەن، لەسەر پەیڕەوکردن لەسیاسەتی گەشەپێدانی هاوسەنگ، کە ڕێز لە ژینگە بگیرێت و سەرچاوە سروشتیەکان بپارێزێت، ئەمەش زانایان و بیرمەندان و ڕۆشنبیران دەگرێتەوە و هانیان دەدات توانای داهێنەرانەیان بەگەڕبخەن بۆ پاراستنی ژینگە، پێویستە گرنگی بدرێت بە گۆڕینەوەی شارەزایی بەدەستهاتوو لە بواری هۆشیاری و راگەیاندنی ژینگەیی لە نێوان لایەنی بەرپرس لە هۆشیاری و راگەیاندنی ژینگەیی لە کەرتی گشتی و تایبەت، بۆ گەشەپێدانی لێهاتوویی لە راگەیاندنی ژینگەییدا[٢].

بەشێوەیەکی گشتی راگەیاندن بە بەراورد لەگەڵ بابەتە وەرزشی و تاوان و هونەرییەکان، رووبەرێکی تەواوی بۆ بابەتە ژینگەییەکان تەرخان نەکردووە[٣].

**ڕەهەندەکانی راگەیاندن ئامانجیان بریتی یە لە [٤]:**

١- گەشەپێدانی هۆشیاری ژینگەیی لای هاووڵاتیان و وەرگرتنی پشتگیری جەماوەر بۆ گرنگیدان بە دەستەواژە ژینگەییەکان و پاڵپشتی لە چالاکیەکانی.

٢- پێکهێنانی رایگشتی بەهێز بۆ دەرکردنی ڕێسای پێویست و بڕیاری گونجاو لە بارەی ژینگەوە.

٣- دەستەبەرکردنی زانیاری بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە، هەروەها زانیارییپێدان دەربارەی هەموو ئەو بڕیارانەی دەرکراون لە وەزارەت و فەرمانگە حکومییەکانی تایبەت بە ژینگە، وەکو (وەزارەتەکانی پلاندانان، کارەبا، سامانی سروشتی، پیشەسازی، کشتوکاڵ، نیشتەجێبوون، تەندروستی) بێجگە لە دەستەکانی دەرکردنی یاسادانان و یاسا ژینگەییەکان.

یاسادانان و یاساکانی ژینگە پێویستە بەردەوام گەشەیان پێبدرێت و هەموار بکرێنەوە و پێویست ناکات، کات بۆ جێبەجێکردنیان دابنرێت، چونکە بابەت و کێشەکانی ژینگە زۆرن و ڕۆژ دوای ڕۆژ دەردەکەون.

---

١. هشام سبع، سەرچاوەی پێشوو، لا٩٠،٩١.

٢. عادل مشعان ربيع، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٤٧- ١٥١.

٣. محمد إبراهيم خاطر، سەرچاوەی پێشوو، لا١١٧.

٤. محمد مرسي، الإسلام والبيئة ( الرياض: أكاديمية نايف للعلوم الأمنية ، ١٩٩٩) ص ص ٢١٩،٢٢٠ .

**ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە گەشەپێدانی هۆشیاری ژینگەیی:**

بێگومان ڕاگەیاندن چەند ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پاراستنی ژینگەدا و لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە چەند ڕۆڵێکی بکەین[1]:

١. بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر بابەتی ژینگەیی بۆ پێکهێنانی ڕایگشتی و فراوانبوونی زانیاری تاك.

٢. پێکهێنانی ڕا لەبارەی بابەتە ژینگەییەکان، ئەگەر نوێش بوون.

٣. پاڵپشتی ئاڕاستە ئەرێنییەکانی هۆشیارکردنەوە بۆ پاراستنی ژینگە.

٤. گۆڕینی ئاڕاستەی نەرێنی بەرامبەر پاراستنی سەلامەتی ژینگە.

٥. پێکهێنانی وێنەیەکی زەینی ئەرێنی بەرامبەر بابەتە ژینگەییەکان.

٦. ڕێکخستنی هەڵمەتی ڕاگەیاندن تایبەت بە لایەنی ژینگەیی، بە شێوەیەکی بەردەوام و شێوازی جۆراوجۆر.

٧. بەکارهێنانی هەموو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ هۆشیارکردنەوەی مرۆڤ و ڕێنمایی کردنیان، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرپرسیارێتیان بۆ پارێزگاری لە ژینگە.

**ئامرازەکانی ڕاگەیاندن شێوازی جیاواز بۆ پاراستنی ژینگە بەکاردێنن، لەوانە[2]:**

١- جێبەجێکردنی وانەوتنەوەی تایبەت و کۆڕ و توێژینەوە بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی.

٢- پێشکەشکردنی بەرنامەی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی بۆ خستنەڕووی ڕاستیە ژینگەییەکان بۆ هاوڵاتیان.

٣- ڕۆژنامەکان بخرێنە ژێرباری بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی لە ڕێگەی ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوە و هێڵکاری و وێنەوە.

٤- هاندانی تاك بۆ سەردانی مۆزەخانە و پێشانگا و باخچەی ئاژەڵان.

٥- هاندانی تاك بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەی پیشەیی و دەستەی ئەهلی.

٦- سەرکەوتنی بەرنامەی هۆشیاری تەندروستی و بەرنامەی ڕۆشنبیری، کە دامەزراوە حکومیەکان جێبەجێی دەکەن.

**چەند شێوازێك بۆ پارێزگاری لە ژینگە و پاراستنی هەیە ئەوانیش[3]:**

١. هۆشیارکرنەوەی ژینگەیی بۆ هاووڵاتیان و گرنگیدان بە بەرنامەی پەروەردەی ژینگەیی، بۆئەوەی تاك بەرپرسیارێتی زیاتر هەڵگرێت.

٢. کەمکردنەوەی لەناوچوونی سامانی سروشتی، لە ڕێگەی دۆزینەوەی ئامرازی تەکنیکی نوێوە.

٣. چارەسەری پیسبوون لە ئەنجامی چالاکیە جیاوازەکانی مرۆڤەوە و ڕزگاربوون لەو پیسبوونە لە ڕێگەی تەکنیکی خودییەوە.

٤. بەرزکردنەوەی بەرهەمی زەوی کشتوکاڵی و پارێزگاری لە ئاژەڵ و ڕوەکەکان.

---

[1]. بڕوانە:-

- سناء محمد الجبر، الإعلام البيئي(عمان: دار أسامة للنشر و التوزيع، ٢٠١١) ص١٢١
- محمود يوسف مصطفى، العلاقات العامة في المجال التطبيقي (القاهرة: الدار العربية للنشر و التوزيع، ٢٠٠٨)ص ص٨٥،٨٦.

[2]. عادل شعبان ربيع، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٨

[3]. بشير عربيات، أيمن مزاهرة، التربية البيئية( عمان: دار المناهج للنشرو التوزيع، ٢٠٠٩) ص ٧٦.

٥. سەپاندنی چارەسەری پیسیبوون بەسەر ئەو لایەنانەی بەرپرسیارن لە پیسبوون، پشتبەستن بە شێوازی پلاندانانی ژینگەیی بۆ هەموو چالاکیەکانی مرۆڤ، هاوکاری و گۆڕینەوەی زانیاری و شارەزایی زیاتر لە بواری ژینگەدا لە نێوان وڵاتاندا هەبێت.

### ٣. ڕێکخراوەکان:

ڕێکخراوەکانی ژینگە یەکێکن لە ڕێکخراوە قازانج نەویستەکان، ئەو دامەزراوانەن بۆ برەودان بە زیادکردنی خزمەتکردن و پاراستنی ژینگە و پاراستنی لەپیسبوون وهۆشیاری ژینگەیی و تەندروستی و پاراستنی ئاژەڵ و سامانی سروشتی،.....هتد دامەزراون[١].

هەندێك لە ڕێکخراوە ژینگەییەکان لە ڕێگەی ئەو شارەزایی و پێگە زانستی و مەعریفیەی هەیانە هەوڵی بەدەستهێنانی پاڵپشتی زانستی و تەکنیکی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەبواری ژینگەدا دەدەن، بەمەبەستی یارمەتیدان و ئاڕاستەکردنی بۆ هەڵبژاردن و لەخۆگرتنی باشترین چارەسەر و سیاسەتی گونجاو و پێویست بۆ بەردەوامی سامان و سیستمی سروشتی و پاراستنیان. زۆرێك لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ناوچەیی و ناحکومیەکان لەو بوارانەی ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر ژینگە هەیە، وەك پیشەسازی و ووزە، هەڵمەتی بەرفراوان ئەنجامدەدەن بۆئەوەی بڕیاربەدەستانی ڕێکخراو و ئۆرگانە حکومی و تایبەتیەکان بەرەو سیاسەتی وزەی گونجاو لەگەڵ ژینگەدا (دۆستی ژینگە) هانبدەن. ئەمجۆرە هەڵمەتانە پشت بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی دەبەستن بۆ ئەوەی جەخت لەسەر داواکارییەکانیان بکەنەوە.

دەستە ئەهلیەکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان ڕۆڵیان لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر لە ناوچەو هەرێمی جیاوازدا هەیە. بەشدارن لە بلاْوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی لای بڕیاربەدەستان و سەرکردە سیاسیەکان، وەك کردنەوەی دامەزراوەی حکومی تایبەت بە کاروباری ژینگە. دەوڵەتە پێشکەوتوو و داواکەتووەکانیش لە وەزارەتەکانیاندا بەشی تایبەت بە ژینگەیان هەیە. ژمارەیەکی زۆر دەستەو ڕێکخراوی ناحکومی هەن، کە تایبەتمەندی و ئامانجەکانیان پەلیهاویشتووە. ڕێکخراوە ژینگەییەکان ئامانجەکانیان بۆ سێ ئاڕاستە دابەشدەبێت[٢]:

١- ئاڕاستەی یەکەم: داوا لە شوێنکەوتوانی دەکات، یاسا ژینگەییەکان جێگیربکرێن و چارەسەری تەکنەلۆجی بۆ کێشەکانیان بدۆزرێتەوە.

٢- ئاڕاستەی دووەم: شوێنکەوتوانی ئاگاداردەکاتەوە لە گرنگی هاندانی گروپەکانی فشار بۆ کاریگەری دروستکردن لەسەر کەسانی خاوەن بڕیار بۆ گرتنەبەری ئەو سیاسەتانەی ژینگە لە مەترسیەکان دەپارێزێت.

٣- ئاڕاستەی سێیەم: داوای تەکنەلۆجیای جێگرەوە و پێویستی پشتبەستن بە خود دەکەن.

- **ڕێکخراوە ئەهلی و ڕێکخراوە ناحکومیەکان:**

هەوڵە بەردەوامەکانی مرۆڤ بۆ پێشکەوتن پیسکردنی ژینگە و لەناوبردنی سەرچاوە سروشتییەکانی بەدوای خۆیدا هێناوە، ئەمەش بۆتەهۆی دەرکەوتنی کۆمەڵە و ڕێکخراوە ناحکومیەکان، کە بەرنامەی دژایەتی ئەم

---

[١]. نظام موسی سویدان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٧.

[٢]. رضوان سلامن، الاعلام و البيئة، رسالة ماجستيرغير منشورة، مقدمة الى جامعة الجزائر، كلية العلوم و السياسية و الاعلام، قسم علوم الاعلام و الاتصال، ٢٠٠٦،ص ١٣٥.

کێشانەیان لەخۆگرتووە، هەروەها هەوڵدەدەن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو کاریگەرییە نەرێنیانەی گەشەی ئابوری لەسەر ژینگەی سروشتی بەجێهێشتووە. لەو ڕێکخراوە ژینگەییانەی لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە گرنگی زۆریان هەیە بریتین لە (ڕێکخراوی ئاشتی سەوز، ڕێکخراوی هاوڕێیانی زەوی)، کە سەرجەمیان ڕێکخراوی فشارن بۆ ڕێگری کردن لە کێشە ژینگەییە نێودەوڵەتیەکانی وەك پاشماوەی مەترسیدار، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و تێکچوونی هاوسەنگی بایۆلۆجی زەوی[1].

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پشت بە هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی وەك ئامرازێك بۆ پاڵپشتی ستراتیژ و پلانە ژینگەییەکانیان دەبەستن، ئەویش لە ڕێگەی ئاگادارکردنەوەی ڕایگشتی و هاندانیان بۆ بەشداری و پاراستنی[2].

- **هەڵمەتی ڕاگەیاندنی ژینگەیی:**

پێویستە ئامانجی سەرەکی بە بازاڕکردنی بیری کارکردن بێت بۆ پاراستنی ژینگە. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵی چالاکیان لە هۆشیارکردنەوەی ژینگەییدا هەیە، ئەو هەڵمەتانەی ئەو ڕێکخراوانە ئەنجامی دەدەن، بوونە ئامرازێکی فشار لەسەر کۆمپانیا و حکومەتەکان و لە زۆر باردا ناچاریان دەکەن، کۆمەڵێك کار بۆ پاراستنی ژینگە بگرنەبەر و ڕێگری لە دەستدرێژی کردنە سەر ژینگە بکەن. هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن لە ڕۆژئاوا لەبەرزکردنەوەی هۆشیاری ژینگەییدا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، بوونە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی جگەرەکێشان بۆ کەمتر لە ١٥٪ی ژمارەی دانیشتوان، بەڵام کەمی هۆشیاری ژینگەیی و تەندروستی هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی جگەرەکێشانە لە وڵاتە عەرەبیەکاندا و لە هەندێك وڵات گەیشتۆتە ٦٠٪[3].

## سێیەم: هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی

هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە بە یەکێك لە شێوازەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، بە ئامانجی دانانی کاریگەری دیاریکراو لەسەر جەماوەر، ئەویش بەبەکارهێنانی هەموو ئامرازەکانی پەیوەندی جەماوەری بە ئامانجی قەناعەتپێکردنی جەماوەر بە بیرۆکەیەکی نوێ یان پێکهێنانی وێنەیەکی زەینی بۆ بیرۆکەیەکی نوێ[4].

**هەڵمەتەکانی هۆشیاری تایبەت بە ژینگە:**

واتە تێگەیشتن لە چوارچێوەی هۆشیاری و هەستیاری بۆ دامەزراندنی ڕایگشتی هۆشیار و تێگەیشتوو لە گرنگی لایەنی ژینگەیی لە ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا. ڕێکخراوە مەدەنییەکان لەو بوارەدا لە ڕێگەی هەڵمەتەکانی هەستیاری ژینگەیی چڕ یان تایبەتمەند هەوڵدەدەن سوود لەو ئامرازانە وەربگرن کە کاریگەری

---

١. مجاهد عبدالحليم، دور مؤسسات المجتمع المدني في نشر الثقافة في المناطق الحضرية، رسالة ماجستير غير منشورة، مقدمة الى جامعة منتوري، قسم الاجتماع، قسطينة، الجزائر، ٢٠١٠، ص٩١.

★ڕێکخراوی ئاشتی: ڕێکخراوێکی ژینگەیی جیهانی قازانج نەویستە، لە (٤٠) وڵات نوسینگەییان هەیە، ئامانجی ئەم ڕێکخراوە گرەنتی توانای زەوی بۆ ژیانی سەرجەم بوونەوەرە زیندووەکانە، هەروەها جەختدەکاتەوە لەسەر ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی ژینگە، کە گرنگی جیهانیان هەیە.

★★ ڕێکخراوی هاوڕێیانی زەوی: تۆڕێکی جیهانی ڕێکخراوی ژینگەییە لە (٧٧) وڵات بوونی هەیە، لە ساڵی ١٩٦٩دامەزراوە، گەورەترین تۆڕی ژینگەییە کار دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان.

٢. بركات كريم، مساهمة المجتمع المدني في حماية البيئة، اطروحة دكتوراه، مقدمت الى جامعة مولود معمري، كلية الحقوق والعلوم السياسية، قسم الحقوق، ٢٠١٤، ص١٦٩.

٣. محمد إبراهيم خاطر، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٠- ٤٣

٤. سوزان القليني، التخطيط للحملات الاعلامية والاعلانية (القاهرة:دار الكتب، الطبعة الثانية،٢٠٠٧)ص ١١١.

خێرایان لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری مرۆڤایەتی هەیە، وەك ئەو بابەتە ژینگەییانەی کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر تاك و کۆمەڵ بە گشتی دەبێت. ئەم هەڵمەتانە لە ڕووی زانستیەوە پەیوەندییان بە بابەتە ژینگەییە تایبەت و هەستیارەکانەوە هەیە، ئەگەر لەڕووی کاریگەری، یان مەترسیەوە بێت، پێویستی بە هەوڵدان بۆ هۆشیارکردنەوە هەیە، بەجۆرێك کە کاریگەریی هەنوکەیی خێرا لەسەر ڕایگشتی دروستبکات [١].

سەرجەم لایەنە دیاریکراوەکانی تایبەت بە ژینگە خوازیارن هەڵمەتی هۆشیاری لە بوارە جیاوازەکانی ڕاگەیاندندا ئەنجامبدرێت[٢].

هەڵمەتی ڕاگەیاندن بۆ بڵاوکردنەوەی بەها و هۆشیاری گشتی لە ڕێگەی ئامرازە جیاجیاکانی ڕاگەیاندنەوەیە، ئەویش بۆ دەرخستنی ئەو زیانانەی مەترسی لەسەر تەندروستی دروستدەکەن، هەروەها کاریگەریان لەسەر لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی هەیە[٣].

**بوارەکانی کاری تایبەت بە هۆشیاری ژینگەیی:**

ئەو بوارانەی هۆشیاری ژینگەیی، دەتوانێت کاریان لەسەر بکات بریتین لە[٤]:

١- زیادبوونی هۆشیاری لە بارەی بابەتە ژینگەییە گرنگەکان، لە ڕێگەی هەڵمەتی هۆشیاریەوە، لەگەڵ پێدانی هەلی گەورە بە ئامرازەکانی فێرکردنی وەك دراما و هۆنراوە و گۆرانی.

٢- هاندانی هەموو چینەکانی کۆمەڵ بۆ بەشداریکردن لە چالاکی و بەرنامەکان و بڕیارە پەیوەندیدارەکان بە بابەتە ژینگەییەکانەوە.

٣- مەشقپێکردن بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ژینگەیی لای سەرجەم چینەکانی کۆمەڵ.

گرنگی و ڕۆڵی هۆشیاری لای تاك و کۆمەڵەکان بەدەستهێنانی زانیارییە، دواتر گۆڕانی ئاڕاستە و رەفتاریان بەرامبەر ژینگە لە ڕێگەی بەشداریان لە چارەسەری کێشە ژینگەییەکاندا[٥].

دوو جۆر گوتار لە ئامانجی هەڵمەتە ژینگەییەکاندا هەن. هەندێکجار واپێناسە دەکرێت، کە ستراتیژێك بێت بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵکی، هەندێکجاریش واپێناسە دەکرێت، ستراتیژێك بێت بۆ هۆشیارکردنەوە و خستنەڕووی زانیاری. هەرچۆنێك بێت ستراتیژ بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری پێویستە جیاوازبێت لەو ستراتیژانەی تایبەتن بە هۆشیارکردنەوە، بۆئەوەی جۆری ستراتیژەکە بۆ مەبەستی هۆشیارکردنەوە بێت، گرنگە خودی ستراتیژەکە لە چوارچێوەیەکی کرداریدابێت، هەروەها ئەگەر بڕیار بێت مەبەستی ستراتیژەکە بۆ بەرزکردنەوە ئاستی زانیاری بێت، ئەوا پێویستە پشت بە بنچینەیەك ببەستێت[٦].

---

١. برکات کریم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨.

٢. عادل مشعان ربیع، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥.

٣. عبد الإله الحسين الصطوف، التلوث البيئي وأزمة العصر( سوريا: دار عين الزهور للنشر والتوزيع، ٢٠٠٦) ص١١٢

٤. الحسين بن طلال، الاستراتيجية الوطنية للتعليم و التوعية والاتصال البيئي( عمان: المملكة الاردنية الهاشمية المؤسسة العامة لحماية البيئة،١٩٩٩) ص٢٥.

٥. كاظم المقدادي، التربية البيئية، النسخة الالكترونية،٢٠٠٦، ص٨٧.

٦.Ana Carolina، The discourse behind an Environmental Campaign- case study: The Earth Hour،Swedish University of Agricultural sciences Department of Urban and Development Unit of Environmental Communication master thesis ،٢٠١١ ،p١٦.

**گرنگی هەڵمەتی ڕاگەیاندن**

(کۆنگرەی تبلیسی نێودەوڵەتی) بۆ پەروەردەی ژینگەی ساڵی (١٩٧٧)بەسترا، کە تێیدا گرنگی تایبەت بە بەرنامە و ستراتیژی راگەیاندنی ژینگەیی درا. ولأتانی ئەندام گەیشتن بەوەی کە ڕێکخستنی هەڵمەتی راگەیاندن دەربارەی کێشە ژینگەییەکان لەسەر ئاستی نیشتمانی و هەرێمی گرنگی بۆ پشتگیری هۆشیارکردنەوەی گشتی جەماوەر هەیە، هەروەها حکومەتەکان داوای پشتگیریان بۆ چالاکی فێربوونی ژینگەیی نارەسمی و دانانی بەرنامە بۆ پەروەردەی ژینگەیی و هاندانیان بۆ فێربوون لەسەر ئاستی رەسمی و نارەسمی کرد، هەروەها پشتبەستن بە کۆمەڵە و ڕێکخراوی پەیوەندیدارەکانەوە[١].

تەنیا لە ڕێگەی هەڵمەتەکانی هۆشیاری بەرفراوانەوە دەتوانرێت هەڵمەتە کۆمەڵأیەتییەکان دابەشبکرێن، بۆ ئەوەی جەماوەری بە ئامانجکراو ئامادەبێت بۆ وەرگرتنی و گەڕان بەدوایدا[٢].

**قۆستنەوەی بۆنەکان و ڕێکخستنی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن:**

قۆستنەوە و ڕێکخستنی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندنی هەستپێکراو و دوورکەوتنەوە لەو بەرنامانەی پەیوەندییان بەیەکترەوە نییە زۆر پێویستن. سروشتییە لە کاتی ڕوودانی کارەساتەکاندا گرنگی زیاتری پێبدرێت، دەکرێت راگەیاندن چڕبکرێتەوە و لە کاتی بۆنەکاندا، یاخود لە کاتی ڕێکخستنی چاوپێکەوتنە گرنگەکاندا لەسەر ئاستی ناوخۆیی و جیهانی جاڕی بۆ بدرێت، هەروەها لە بۆنە و ئاهەنگەکانی ڕۆژی ژینگەی نیشتیمانی، نەتەوەیی و ناوچەیی، یاخود لە بۆنە و ئاهەنگە تایبەتییەکانی، وەك جەژنی دار و درەخت، ڕۆژی پاك و خاوێنی، ڕۆژی قەڵاچۆککردنی جگەرەکێشان و ڕۆژی تەندروستی لەگەڵ چەندین بۆنەو ئاهەنگی تردا، کە تواناکانی بۆ وەگەڕ دەخرێن و ڕووداوەکان زەق دەکرێنەوە و دەکرێنە سەرباس، هەروەها ڕۆژنامەکان ستونی بۆ تەرخاندەکەن و ڕادیۆ و تۆڕە کۆمەڵأیەتیەکان و تەلەفزیۆنەکانیش بەرنامەی بۆ دادەنێن، قوتابخانەکان بەرنامەی تایبەتی بۆ ڕێکدەخەن و ڕێکخراوەکانیش ئەندامەکانیان هۆشیاردەکەنەوە، و مزگەوتەکانیش گوتاری بۆ تەرخاندەکەن لەگەڵ فەرمانگە بەرپرسەکانی تردا، بانگەشەی بۆ دەکرێت. پلانی راگەیاندنی ژینگەیی پێویستی بە توانای میدیایی و پسپۆڕی لە بواری ژینگەدا هەیە، لەبەرئەوە گرنگە میدیاکارە پسپۆڕەکان لەو بوارەدا کار بکەن و ئەرکەکە بدرێتە پەیمانگەی راگەیاندن و پەیوەندی. توانا و وزەکان لەڕێگەی زەمینەخۆشکردن و کردنەوەی بوار بۆ پیادەکردن و پراکتیك وەگەڕبخرێن، بەلأم ئەمەش پەیوەستی بە چەندین فاکتەرە و زۆربەشیان لەسەر ویستی سەرکردە سیاسی و راگەیاندنەکان و بڕیاربەدەستەکان و ئاستی گرنگی پێدانیان وەستاوەتەوە[٣].

لەمڕۆدا زۆربەری چالاکوانە ژینگەییەکان و ڕێکخراوەکان هەوڵدەدەن ڕاگەیاندن بۆ کرداری هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی بەکاربێنن. هەڵمەتەکان بەردەوام دووبارە دەکرێنەوە بۆ دروستکردنی هۆشیاری لەبارەی ژینگەوە[٤].

---

[١]. كاظم المقدادي، المشكلات البيئية المعاصرة في العالم(الاكاديمية العربية المفتوحة في الدانمارك - كلية الادارة والاقتصاد – قسم إدارة البيئة،٢٠٠٧) ص٦٣.

[٢]. ردينة عثمان يوسف، التسويق الصحي و الاجتماعي (عمان: دار المناهج للنشر و التوزيع،٢٠٠٨)ص ١٩٩.

[٣]. بلقاسم بن روان، الاعلام و البيئة، رسالة ماجيستير غير منشورة ،جامعة الجزائر كلية علوم الإعلام والاتصال،٢٠٠٦، ص١٥٣.

[٤]. PAZ H. DIAZ، PLANNING THE PUBLIC AWARENESS CAMPAIGN، MASTERS OF ARTS In the subject GEOGRAPHY UNIVERSITY OF SOUTH AFRICA،٢٠١٣،p٣٠.

ئەوكارانەی دەتوانرێت لەبواری پاراستنی ژینگە و زیادكردنی ئاستی هۆشیاری بۆ پاراستنی ژینگە بگیرێنەبەر زۆرن، لەوانە مافە یاساییەكانی پاراستنی ژینگە و بەرپرسیارێتیەكان و سزاكانی پەیوەست بەوبەشە. لەزۆربەی پایەكانی كۆمەڵگە زانیاری گرنگ سەبارەت بە پێشخستن و بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاك بلاَّودەكرێنەوە، كە خۆی لە فەرمانگە حكومیەكان لەسەر ئاستی هەرێمی و نیشتیمانی و ناوخۆیی و ناوەندە ئەهلیەكان، لەبەشەكانی ڕاگەیاندن و ناودارەكان و سەرجەم ڕێكخراوەكاندا دەبینێتەوە.هەڵمەتی زیادكردنی ئاستی هۆشیاری سەرجەم تاكەكانی كۆمەڵگا لەهەموو پلەو پایەكاندا دەگرێتەوە، یان دەتوانرێت لەڕێگەی ئەم هەڵمەتانەوە تیشك بخرێتە سەر ئاستێكی دیاریكراو، یان ژمارەیەك كەسی بەشداربوو بۆ زیادبونی ئاستی هۆشیاری دەربارەی بابەتێكی دیاریكراو، هەروەها بەشداریكردنی ڕێكخراوە ناوخۆییەكان دەتوانێت سودی زۆری لەهاندانی خەڵك بۆ پاراستنی ژینگە هەبێت و هەستی دڵسۆزی لەخەڵكیدا دروستبكات[1].

## چوارەم: تیۆری تایبەت بە هەڵمەتی هۆشیاری ژینگەیی

لە گرنگترین تیۆرەكانی ناسەوانی و ڕەفتار بریتین لە :

١. تیۆری كۆكردنەوەی كار

٢. تیۆری فێركردنی كۆمەلاَیەتی

ئەوەی زیاتر لەگەڵ ئەم توێژینەوەدا دەگونجێت بریتییە لە تیۆری فێركردنی كۆمەلاَیەتی، هەروەها تیۆری بەبازاڕكردنی كۆمەلاَیەتی لە هەڵمەتەكانی هۆشیاری ژینگەییدا بەكاردێت.

**تیۆری ناسەوانی و ڕەفتار:**

كاریگەری دروستكردن بەهۆی بەرنامەكانی پەیوەندیكردنەوە یەكێك لە گرنگیپێدانە سەرەكییەكانی كادری پەیوەندی گشتییەكانە، یەكێك لەو كاریگەرییە گرنگانەی كادری پەیوەندی گشتی هەوڵی بەدیهێنانی دەدات، گۆڕینی مەعریفەی تاك یان رەفتارەكانیەتی. لەم چوارچێوەیەدا تیۆرەكانی ناسەوانی و ڕەفتار بۆ كادرانی پەیوەندی گشتی گرنگن، تیۆرەكانی ناسەوانی گرنگی بە ناسەوانی دەدەن و تیۆرە ڕەفتارییەكان گرنگی بە كردەوەكان دەدەن. زۆربەی ئەم تیۆرانە پەیوەندییان بە هێزی پەیام، یان پەیوەندیكردنەوە بۆ ڤایلكردن و دروستكردنی كاریگەری لەسەر مەعریفە و ئاڕاستە و ڕەفتاری تاكەكان بە تایبەتی لە كورت مەودادا هەیە.

كادرانی پەیوەندی گشتی ڤایلكردن نەك تەنیا لەچوارچێوەی برەودان بە سیاسەتەكانی دامەزراوەكە، بەڵكو لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتی، یان جەماوەر بەكاردێنن. دامەزراوە بە ڕێژەی ئەوەی هەوڵی خزمەتكردن بەبەرژەوەنییەكانی دەدات، بەهەمان ڕێژەش هەوڵی راكێشانی جەماوەر دەدات. لەم چوارچێوەیەشدا پێویستە پلاندانەرانی هەڵمەتەكانی پەیوەندی گشتی جۆری ئەو كاریگەرییەی دەیانەوێت دیاریبكەن.

**تیۆری فێركردنی كۆمەلاَیەتی :**

ئەم تیۆرە روانگەیەكی نوێ بۆ ئاوێتە بوون لەگەڵ پەیامەكانی پەیوەندیكردن دەخاتە ڕوو، ئەم تیۆرە جەخت لەسەر گرنگی تێبینیكردنی فێركردنی رەفتاری نوێ، یان دووركەوتنەوە لە رەفتاری نەشیاو دەكاتەوە.

---

[1] www.unep.org. كاتژمێر٩:٣٢، ڕێكەوتی ٢٠١٦/٩/١٨،

ئەم تیۆرە گریمانەی ئەوە دەکات، کە تاك رەفتاری نویٚ لە رِیٚگەی دەرەنجامی ئەرێنی رەفتاری کەسانی ترەوە فێر دەبێت، چونکە کاتێك تاکەکان سەرنج لە دەرەنجامی رەفتاری کەسانی تر دەدەن لە مێشکی خۆیاندا لێکیدەدەنەوە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو رەفتارانەیان بەلاوە گرنگ بێت[1].

هەروەها تیۆری بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتیش بەکاردێت، کە هەڵمەتی بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی لە بابەتەکانی (توشبوون بە ڤایرۆسی ئایدز، مەترسییەکانی جگەرە کێشان، لێخوڕینی ئوتۆمبیل لەژێر کاریگەری کحول، پیسبوون، ئیتیکی کارکردن، بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر و کحولیەکان) بەکاردەهێنرێت[2].

بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی: ئەم تیۆرە لەسەر یەك بنەمای فکری دانەنراوە، بەڵکو کۆی تیۆرەکانی تایبەت بە بەبازاڕکردنی زانیاری یان ئەو مەعریفەیەیە کە گروپێك بۆ بەدەستهێنانی بەهای کۆمەڵایەتی لەخۆی دەگرن. تیۆری بازاڕکردنی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای مۆدێلی کاریگەری پەیوەندی کاردەکات، چونکە سەرەتا کاریگەری لەسەر ژمارەیەکی سنوردار لە تاکەکان دروست دەبێت، دواتر کات و کۆششی زیاتری بۆ ڤایلکردنی کەسانی تر دەوێت.

ئەم تیۆرە درێژکراوەی لۆجیکی تیۆرەکانی ڤایلکردن و بلاْوکردنەوەی زانیارییە، چونکە گرنگی بە هەوڵی جۆراوجۆر بۆ زیادکردنی کاریگەری ئامرِازەکانی راگەیاندن لە بواری هەڵمەتەکانی راگەیاندندا دەدات[3].

نەبوونی مەعریفە بەرامبەر بابەتە ژینگەییەکان، یەکێك لەو پێکهاتە سەرەکیانەیە، کە تاك بەرەو رەفتاری زیانبەخش بە ژینگە دەبات و لەسەر رەفتارەکانیان بەردەوام دەبن. ئەمەش پێویستە لەرِێگەی هاوئاهەنگی و هاوکاری لە نێوان شارەزایانی بواری بازاڕاندنی کۆمەڵایەتی و رێکخراوە حکومی و ناحکومیەکانەوە، هەروەها کۆمەڵە ژینگەییەکان و ئەوانەی لە بواری بەرهەمهێنان و بەبازاڕکردن کاردەکەن چارەسەر بکرێت، ئەمەش لە پێناو بەرنامەیەکی کاریگەر و چالاك لەسەر رەفتاری تاکەکان دەبێت، بۆئەوەی لە رەفتاری هەڵەی خۆیان تێبگەن، هەڵمەتەکانی هۆشیاری رۆڵی چالاك لە هاوکاری تاکەکان بۆبرِیاردانی گونجاو و رەفتاری کۆمەڵایەتی دەنوێنن[4].

**پێکهێنانی هۆشیاری ژینگەیی:**

هەندێك لە پسپۆڕان پەروەردەکردنی ژینگەیی دەربارەی پێکهێنانی هۆشیاری ژینگەیی چەند خاڵێکیان دیاریکردووە، ئەوانیش[5]:

١- هۆشیاری: یارمەتی تاك دەدات بۆ بەدەستهێنانی هۆشیاری لەبارەی ژینگە و کێشەکانی.

٢- زانین(معارف): یارمەتی تاك دەدات بۆ بەدەستهێنانی شارەزایی جۆراوجۆری پەیوەندیدار بە ژینگە و کێشەکانی.

٣- ئاراستەکان: یارمەتی تاك دەدات بۆ گەشەپێدانی بەها و هەستی گرنگیدان بە ژینگەو هاندانی بۆ بەشداریکردنی چالاك بۆ پاراستنی ژینگە.

٤- لێهاتوویی: یارمەتی تاك دەدات بۆ بەدەستهێنانی لێهاتوویی بۆ زانینی کێشەکانی ژینگە و رێگەچارەکانیان.

---

[1]. راسم محمد الجمال، خیرت معوض عیاد، ادراة العلاقات العامة المدخل الاستراتیجي، سەرچاوەی پێشوو ، ل٧٩-٨١.

[2]. نظام موسى سويدان، نزار عبدالمجيد البرواري، سەرچاوەی پێشوو،ل٢٧٢.

[3]. فواد عبدالمنعم البكري، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢.

[4]. ردینة عثمان یوسف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٤،ل٢٢٦.

[5]. محمد إبراهیم خاطر،سەرچاوەی پێشوو،ل٧١،٧٠.

٥- بەشداریکردن: زیادکردنی شارەزایی ژینگەیی لای تاك، بەمەبەستی بەشداریکردنی چالاکانە له ئاسته جیاوازەکان بەمەبەستی کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان.

## پێنجەم: ڕۆڵی پەیوەندی گشتی لە هۆشیاری ژینگەییدا:

بە هۆی گرنگیەکەی و ڕەنگدانەوەی لەسەر سەرجەم لایەنەکانی ژیان، دۆزی ژینگەیی بووەتە گرنگترین بابەتی سیاسی لەسەر ئاستی جیهانی. حکومەتەکان لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان کاردەکەن، لەسەر دەرکردنی بڕیارەکانی پەیوەندیدار بە پاراستنی ژینگە لە پیسبوون، هەروەها هەوڵی زۆر بۆ هۆشیارکردنەوە لەبارەی دۆزە ژینگەییەکان و ئەو مەترسیانەی لە ئەنجامی پیسبوونەوە ڕووبەرووی دەبنەوە، دەدەن. پەیوەندی گشتی لە ڕێگەی دانانی ستراتیژە کورت و مامناوەند و درێژمەوداکانەوە ڕۆڵێکی سەرەکی لەو هەوڵانەدا، بەمەبەستی هۆشیارکردنەوە بەرامبەر بابەتە ژینگەییەکان دەگێڕێت [١].

بەرەنگاربوونەوەی کێشەکانی ژینگە بوارێکی هاوبەشە لە نێوان دامەزراوە حکومی و ناحکومیەکان، هەروەها جەماوەر بە هەموو جۆر و چینێکەوە، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرە جیاوازەکانیانەوە، کە پەیوەندی گشتی لە ڕێگەی ئەم دامەزراوانەوە دەتوانێت کاری زۆر ئەنجامبدات، هەروەها ڕۆڵی چالاکی لە بەرەنگاربوونەوەی کێشە ژینگەییەکان و دۆزینەوەی چارەسەر هەیە. پەیوەندی گشتی لە ڕێگەی هونەرەکانی ڕاگەیاندن و ریکلام و پروپاگەندەی سپییەوە دەتوانێت ئامرازێکی گونجاو بێت لە دەستی ئەوکەسانەی کاروباری دامەزراوەکەیان لە ئەستۆیە.

ڕۆڵی پەیوەندی گشتی لە کەمکردنەوەی دووری نێوان ئامانجەکانی دامەزراوەکە و پێویستییەکانی کۆمەڵگەدا بەرجەستە دەبێت، ئەویش لە ڕێگەی تێگەیشتن لە کێشەکانی کۆمەڵگە و بە ووردی خستنەبەرچاوی بەشی کارگێڕی دامەزراوە و بەشداری کردن لە دانانی ئەو سیاسەتەی، کە دەتوانرێت بەهۆیەوە کۆمەڵێك بەرنامەی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی جێبەجێبکرێن[٢].

هەڵمەتی پەیوەندی گشتی پرۆژەیەکە لە بنەڕەتدا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی تاکەکانی کۆمەڵگە و گۆڕینی هەڵسوکەوتیان بەرەوگەشەسەندنێکی دیار و بەرچاو داڕێژراوە، لەبەرئەوە لێرەدا ئامانجی بریتییە لە هێنانەکایەی هەڵمەتێکی پەیوەندی کاریگەر، کە تێیدا زانیاری سەرەکی بە تاکەکانی هەر کۆمەڵگەیەك سەبارەت بەو ڕۆڵە گرنگەی دەیگێڕن لە پاراستنی ژینگەو کەش و هەوادا دەبەخشێت[٣].

پەیوەندی گشتی هەوڵدەدات هاونیشتیمانیان بۆ کاروباری نیشتیمانەکەیان لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئامانج و ئاڕاستە گشتیەکانی دەوڵەت و بەشداریکردنیان لە گفتوگۆ و پلانی حکومەت و پرۆژەکانی هانبدات، لەبەرئەوە پێویستە هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە ئەنجامبدات، بۆئەوەی هاونیشتیمانیان هەست بە بوونی کێشەکانی وڵاتەکەیان بکەن و گرنگییان پێبدەن[٤].

---

١. محمد نجیب الصرایرة، سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٨١،١٨٠.

٢. محمود یوسف مصطفی، سەرچاوەی پێشوو، لا ٧٦، ٧٧.

٣. Bielsko Biata،chroni klimat،PR CAMPAIGN PLAN،Coordinator organization :Energie-cit ، ،٢٠١٢ P٥.

٤. محمد عبدالفتاح محمد، سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٢.

## شەشەم/ ئامانجی پەیوەندی گشتی لە بواری ژینگەدا :

پەیوەندی گشتی لەڕێگەی هێنانەدی چەند ئامانجێکەوە دەتوانێت سود بە کۆمەڵگەی هاوچەرخ بگەیەنێت، ئەوانیش[١]:

١. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە: ئەنجامدانی توێژینەوە لە بواری هۆشیاری جەماوەری بۆ کێشەکانی ژینگە و تێگەیاندنی پیسبوون و هۆکارەکانی. ئامادەیی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو کێشانە. لێکۆڵینەوە لە کاریگەری و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنی تایبەت بە ژینگە.

٢. پێویستە پەیوەندی گشتی هانی ڕێکخراوەکان بدات بۆ بەشداریکردن لە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لەبارەی کێشەکانی ژینگە و بابەتی پیسبوون.

٣. هاندانی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو کێشەیە: پەیوەندی گشتی دەتوانێت لە ڕێگەی ئامڕازەکانی راگەیاندنەوە کێشەکانی ژینگە زیاتر بناسێنێت و جەماوەر قایل بکات بۆ ئەوەی رووبەڕووی ببنەوە.

٤. پەیوەندی گشتی بانگهێشتی دامەزراوەکان، یان ڕێکخراوەکانی بەرهەمهێنانی ڕاگەیاندن بکات بۆ بەرهەمهێنانی بابەتی میدیایی و هانیان بدات بەشێك لە هەوڵەکانیان بۆ بەرهەمهێنانی بابەتی راگەیاندنی تایبەت بە کێشەی ژینگە وەك (دراما، ریکلام، فلیم، کتێب، پۆستەر،.....) تەرخانبکەن.

٥. هاوکاری لەگەڵ سەرکردەی راکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشەکان: سەرکردەی راکان کلیلی پەیوەندیکردنن، پەیوەندی گشتی لە ڕێکخراوە حکومی و تایبەتیەکاندا دەتوانێت بەهاوکاری لەگەڵ سەرکردەی راکان شێوازێك بۆ قەناعەتپێکردنی جەماوەر بە بیرۆکەیەك یان بابەتێك بدۆزێتەوە.

٦. پێشکەشکردنی شێواز و نمونەی گۆڕینی رەفتار یان رەفتاری نوێ: پەیوەندی گشتی پێویستە هەوڵبدات بۆ گۆڕینی ئەو رەفتارانەی زیان بە ژینگە دەگەیەنن و هۆکاری پیسبونن.

### پەیوەندی گشتی لە دامەزراوە ژینگەییەکاندا ئەمکارانە ئەنجامدەدات[٢]:-

١. پێشوازیکردن لە پسپۆڕانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، بەتایبەتی بواری ژینگەیی، یان گەشەپێدان.

٢. پەیوەندیکردن لە ڕێگەی وەزارەتی دەرەوە بۆ دیاریکردنی لایەن و دیاریکردنی سیفەتی یاسایی شارەزاکە.

٣. دابینکردنی پێداویستی پسپۆڕەکان بەپێی ئەو کاتەی دەمێنێتەوە.

٤. دانانی ئەو بەرنامانەی لەگەڵ پسپۆڕیەکەدا دەگونجێن.

٥. بوونی زانیاری لەسەر وانە وتنەوەی تایبەت بە ژینگە یان چالاکیەکانی.

٦. سازدانی وۆرکشۆپی راگەیاندن و هۆشیاری بۆ هاوکاری بلاّوکردنەوە.

٧. دواتر ڕاسپاردەو پێشنیارەکان دابەشدەکرێت بەسەر لایەنی بەرپرس بۆ کارکردن لەسەری.

---

١. محمود یوسف مصطفی، سەرچاوەی پێشوو، لا٧٧-٨١.

٢. منير الجبان، العلاقات العامة في سورية (دمشق: دار الرضا للنشر،٢٠٠٣)ص٩٩.

**پەیوەندی گشتی بۆ هێنانەدی ئامانجەکەی لە بواری ژینگەدا پێویستە لەسەر ئەم ئاستانە کاربکات(١):**

١. لەسەر ئاستی بڕیاردەر: پەیوەندی گشتی لە ڕێگەی توێژینەوە و کۆکردنەوەی زانیارییەوە دەتوانێت بڕیاردەر لە کێشە و بابەتە ژینگەییەکان ئاگادار بکاتەوە، ئەمەش یارمەتیان دەدات بۆ دیاریکردنی گرنگترین بابەت.

٢. لەسەر ئاستی پلاندانان بۆ بەرنامە و هەڵمەتەکانی ژینگە: پەیوەندی گشتی ڕۆڵی گەورەی لە دیاریکردنی ئامانجی بەرنامەکان لە بواری ژینگەدا هەیە، هەروەها دیاریکردنی کەرتی مەبەستدار و ئامرازی راگەیاندن بۆ گواستنەوەی پەیامی راگەیاندن لە بواری ژینگەدا، کە پەیوەندی گشتی دەتوانێت بودجەی تایبەت بۆ هەڵمەتەکانی راگەیاندن دیاریبکات، لەگەڵ هەڵسەنگاندنی کاریگەری هەڵمەتەکان و زانینی ئاستی کاریگەرییان و هاتنەدی ئامانجە دیاریکراوەکان.

٣. لەسەر ئاستی نێرەر: پێویستە پشت بە پسپۆڕانی تایبەتمەند لە بواری ئامادەکردن و جێبەجێکردنی بەرنامە و هەڵمەتەکان لە بواری ژینگەدا ببەستێت. پەیوەندی گشتی ڕۆڵی لە دڵنیا بوون لە گونجانی ئەم بەرنامانە لەگەڵ بنەما زانستیەکان هەیە.

بۆئەوەی کاریگەری نموونەیی ئامرازە جیاجیاکانی راگەیاندن و لایەنی پەیوەندی گشتی لە سەر ئاستی کۆمپانیاو دامەزراوە تایبەتی و گشتیەکان بێتەدی، پێویستە هاوئاهەنگی تەواو لە نێوان ئەو ئامراز و دەستانەدا هەبێت، بۆئەوەی خۆیان لە هەوڵی دژ یەك، یان پێچەوان بپارێزن و کار لەسەر خاڵە لە پێشینەکان بکەن، واتە ئەو خاڵانەی لە بابەتە ژینگەییەکاندا گرنگ و هەنووکەین و پێویستیان بەسەرجەم هەوڵەکان هەیە، بۆئەوەی بەشێوەیەکی چالاکانە ڕووبەڕووی ببنەوە، ئەمەش پێویستی بە پلاندانانی زانستی لەسەر ئەم بنەمایانە دەبێت[٢]:

١- زیادکردنی هێزی ئەم ئامراز و لایانانە بۆ کاریگەری و قایلکردن بە شێوازی رەفتاری نوێ و گۆڕینی رەفتارە کۆنەکان، ئەمەش پێویستی بە بەکارهێنانی ڕێگەی قایلکردن لە چوارچێوەی پلانی زانستی تەواو هەیە، کە سوود وەرگرێت لە تیۆرەکانی پەیوەندی و کاریگەری.

٢- دابینکردنی توانای مادی و تەکنیکی پێویست بۆ لەخۆگرتنی شێوازی رەفتاری نوێ و گۆڕینی ئەو ڕەفتارانەی زیان بە ژینگە دەگەیەنن.

٣- خستنەڕووی مۆدێلی سەرکەوتوو و سەرمەشقی باش لەلایەن بەرپرسانەوە، بەمەبەستی بەرگرتن لە پیسکردنی ژینگە و پشتگیریکردنی ئەو هەولانەی بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەو دیاردانەی دەبنەهۆی پیسبوونی ژینگە، دەدرێن.

٤- جێبەجێکردنی یاسای تایبەت بە پاراستنی ژینگە و دانانی یاسای پێویستی نوێ، یان توندکردنی سزاکان، ئەمەش لەپێناو دابینکردنی یاسای چالاك بۆ هێنانەدی پابەندبوونی ژینگەیی لەوبوارانەدا کە قایلکردن ناتوانێت ئامانجەکان بێنێتەدی.

٥- پێویستی بەشداری ڕێکخستنی سیاسی لە سەرجەم ئەو هەولانەی بۆ پاراستنی ژینگە دەدرێن و پشتیوانی کردنی لایەنی رەسمی لەم بوارانە.

---

١. محمود يوسف مصطفى، سەرچاوەی پێشوو ،لا ٩١.

٢. على عجوة، الاعلام و قضايا التنمية (القاهرة: عالم الكتيب،٢٠٠٤)ص ١٣٠-١٣٢.

# بەشی چوارەم

# لایەنی مەیدانی

## شیکردنەوەی فۆڕمی ڕا پرسی  دامەزراوە ژینگەییەکان

- پاری یەکەم: ڕێوشوێنی میتۆدی توێژینەوە

- **پاری دووەم: ئەنجامی فۆرمی ڕاپرسی دامەزراوە ژینگەییەکان**

## پاری یەکەم
## ڕێوشوێنی میتۆدی توێژینەوە

ئەم پارە بریتییە لەو هەنگاوانەی، کە پێویستن بۆ دەرهێنانی ئەنجامی ڕاپرسی و وەلامی بەشداربووان لەسەر سەرجەم پرسیارەکانی فۆڕمەکە، بەمەبەستی زانینی ئاستی کارکردنی دامەزراوە حکومی و ناحکومیە ژینگەییەکانی پارێزگای سلێمانی، سەبارەت بە ڕۆڵی هەڵمەتی پەیوەندی گشتی لە پێکهێنانی هۆشیاری ژینگەدا:-

### یەکەم: دیاریکردنی کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە

#### ١. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە سەرجەم ئەو پێکهاتانەی توێژەر هەوڵدەدات ئەو دەرئەنجامانەی پەیوەندییان بە کێشەی توێژینەوەکە هەیە بەسەریاندا بیگشتێنێت[1].

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە دامەزراوەی فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی، کە دامەزراوەیەکی حکومیە، لەگەڵ (٢٣) ڕێکخراوی تایبەت بە کاری ژینگەیی لە سنوری پارێزگای سلێمانی وەرگرتووە.

---

[1]. كامل حسون القيم، مناهج و أساليب كتابة البحث العلمي في الدراسات الانسانية ( بغداد: السيماء للتصاميم و الطباعة،٢٠٠٦) ص ١٣٦.

پاشان به شێوەی فۆڕم کە لە (٣٥) پرسیار پێکهاتبوو، بەسەر هەریەك لە بەڕێوبەری ڕێکخراوەکان و (٨) کەس لە فەرمانگەی ژینگەی شاری سلێمانی دابەشکراوە. ڕێکخراوەکان زۆربەی کاروچالاکی و بەرنامە و پلانیان خودی بەڕیوبەرەکان سەرپەرشتی دەکەن، بەڵام لە دامەزراوەی فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی سەرەڕای بەڕێوبەر بەشەکانی تری دامەزراوەکە پلان بۆ کار و چالاکی هەڵمەتەکان دادەنێن و سەرپەرشتی دەکەن، لەبەرئەوە بە پێویستم زانی فۆڕم بەسەر ئەو کەسە شارەزاییانەدا دابەش بکەم. بە گشتی (٣١) کەس لە کۆی فەرمانگەی ژینگە و ڕێکخراوەکان وەرگیراون.

## ٢. سامپڵی توێژینەوەکە :

سامپڵ بریتییە لە بەشێك لەو کۆمەڵگەیەی، کە خەسڵەتی هاوبەشی تێدایەو نوێنەرایەتی کۆمەڵگە دەکات[1].

سامپڵی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیە کۆکردنەوەی گشتگیر (حصر شامل)ی بۆ کراوە لە سەرجەم ڕێکخراوەکانی تایبەت بە بواری ژینگە لە پارێزگای سلێمانی.

فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی ساڵی (٢٠٠٧) لە شاری سلێمانی دامەزراوەو ئەم فەرمانگەیە بەشێکی بە ناوی ڕاگەیاندن و هۆشیاری جەماوەرییەوە هەیە، پاشان (٤٩) ڕێکخراوی ژینگەیی بەڕەسمی لەم فەرمانگەیە مۆڵەتیان وەرگرتووە، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە زۆر لەم ڕێکخراوانە کارو چالاکیەکانیان ئەنجامنادەن و کارناکەن[*].

تەنیا (٢٣) ڕێکخراو لەکۆی هەموویان کاروچالاکی ئەنجامدەدەن، وەك سامپڵ بۆ ئەم توێژینەوەیە وەرگیراوە[**].

---

[1]. سابیر بۆکانی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٢٦.

[*]. **چاوپێکەوتن لەگەڵ** (شوان مەعروف حسێن) بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن و هۆشیاری جەماوەری، کاتژمێر٩:٠٠، لە فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی، ڕێکەوتی ٢٠١٦/٨/١٦، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆی توێژەر.

ئەو ڕێکخراوە ژینگەییانەی مۆڵەتیان لە فەرمانگەی ژینگەی شاری سلێمانی وەرگرتووە ئەمانەن:-

بریتین لە (ڕێکخراوی ژینگە پارێزی بازیان، خاوێن دۆستی ژینگە، سروشتی کوردستان، ژینگەی سەوز، کوردژین، سروشت، ژینگەی تەندروست، هۆشیاری ژینگە پارێزی، نیشتمانی سەوز، ئاینده بۆ پاراستنی ژینگە، شەن بۆ بنیادنانی ژینگەیەکی تەندروست، ڕێکخراوی نوێ بۆ پاراستنی ژینگە و مافەکانی ژنان، دەستی سەوز بۆ پاراستنی ژینگە، ژینگەپارێزی پشدەر، نەمام بۆ گەشەپێدانی سەوزایی، ژینگەپارێزی کوردستان، ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی کوردستان، ژینگەپارێزی قەندیل، ئارامی هەلەبجە بۆ پاراستنی مرۆڤ و ژینگە، هاوکاری قەزای ماوەت، پاراستنی ژینگە و کەلەپور و جوانی کوردستان، ژینگە دۆستانی شارەزوور، ئەستێرەی نوێ، فاوندەیشنی ڕووەکی کوردستان، پاراستنی ژینگە و زیندەوەران، گەرمەسێر بۆ پاراستنی سروشتی کوردستان، زەیتون بۆ بەرنگاربوونەوەی بەبیابان بوون، ژینگەپارێزی قەڵادزە، داستان بۆ پرسی ژینگە، ڕۆشنبیری تەندروستی و ژینگە، نیشتمانی سەوز بۆ هۆشیاری و پەرەپێدانی ژینگەیی، بەڕوو بۆ پەرەپێدانی سەوزایی، سروشتی عێراق، هاوڕێیانی سروشت، تۆڕی هاوڕێیانی ژینگە، دۆستانی زەوی، لالەزار بۆ پرسی ژینگە، ڤاله بۆ بەکولتورکردنی ژینگەپارێزی، دەربەندیخان بۆ پرسی ئاو، ژینگەپارێزی دەربەندیخان، کاژ بۆ پاك ڕاگرتن و سەوزکردنی ژینگە، پارێزەرانی پەلەوەر و ئاژەڵی کێوی، ژینگە پارێزی هەڵەبجە، ژین گەش بۆ پرسی ژینگە، چاودێرە ژینگە، میر بۆ ڕزگاربوون لە کاریگەری مین و تەقەمەنی، ئاژەڵپارێزانی کوردستان، کۆمەڵی دەواری سەربەخۆ ( مافی مرۆڤ - کولتور - ژینگە) ، هۆشیارکردنەوە لە پاشماوە جەنگیەکان)

[**]. کۆی ئەو ڕێکخراوانەی بۆ ئەم توێژینەوە وەرگیراون، بریتین لە ئەمانە کە بەپێی ساڵی دامەزراندنیان لە کۆنەوە بۆ نوێ دانراوە:-

١. ڕێکخراوی ئارامی هەڵەبجە بۆ پاراستنی مرۆڤ و ژینگە لە هەڵەبجە ساڵی ١٩٩٤ دامەزراوە.

## دووەم/ فۆڕمی ڕا پرسی

ئامرازێکی ڕاستەوخۆیە بۆ پرسیارکردن لە تاکەکان بەمەبەستی زانینی ڕاستیەکان و باوەڕو هەڵسەنگاندنەکان، واتا بەشداری تاکەکان لە هەڵسەنگاندن یان بەمەبەستی ئەنجامدانی کارێك[١].

## سێیەم/ هەنگاوەکانی ئامادەکردنی فۆڕمی ڕا پرسی

بۆ ئامادەکردنی فۆڕمی ڕاپرسی توێژەر ئەم ڕێگایانەی گرتۆتەبەر:

١- خوێندنەوەی ئەو توێژینەوانەی نزیکن لەم توێژینەوەیەوە هەڵبژاردنی هەندێك بیرۆکەو تەوەر، کە لەگەڵ ئامانجی ئەم توێژینەوەیە یەکیدەگرێتەوە.

---

٢. ڕێکخراوی خاوێن دۆستی ژینگە لە سەیدصادق ساڵی ٢٠٠٦ دامەزراوە.

٣. ڕێکخراوی میر بۆ ڕزگاربوون لە کاریگەریەکانی مین و تەقەمەن لە سلێمانی ساڵی ٢٠٠٩ دامەزراوە.

٤. ڕێکخراوی ژینگەپارێزی هەڵەبجە لە هەڵەبجە ساڵی ٢٠٠٩ دامەزراوە.

٥. ڕێکخراوی ژینگەی سەوز لە سلێمانی ساڵی ٢٠١٠ دامەزراوە.

٦. ڕێکخراوی ژینگەو کەلەپوورو جوانی کوردستان لە سلێمانی ساڵی ٢٠١١ دامەزراوە.

٧. ڕێکخراوی ئاژەڵ پارێزانی کوردستان لە سلێمانی ساڵی ٢٠١١ دامەزراوە.

٨. ڕێکخراوی ژینگەپارێزی بازیان لە بازیان ساڵی ٢٠١٢ دامەزراوە.

٩. ڕێکخراوی سروشتی کوردستان لە دەربەندیخان ساڵی ٢٠١٢ دامەزراوە.

١٠. ڕێکخراوی کۆمەڵی دەواری سەربەخۆ(مافی مرۆڤ - کولتور — ژینگە) لە سلێمانی ساڵی٢٠١٢ دامەزراوە.

١١. ڕێکخراوی سروشت لە سلێمانی ساڵی ٢٠١٣ دامەزراوە.

١٢. ڕێکخراوی هاوڕێیانی سروشت لە سلێمانی ساڵی ٢٠١٣ دامەزراوە.

١٣. ڕێکخراوی کاژ بۆ پاك ڕاگرتن و سەوزکردنی ژینگە لە قەلادزێ ساڵی ٢٠١٣ دامەزراوە.

١٤. ڕێکخراوی ڤالە بۆ بە کەلتوورکردنی ژینگە پارێزی لە سلێمانی ساڵی ٢٠١٣ دامەزراوە.

١٥. ڕێکخراوی ژین گەش بۆ پرسی ژینگە لە  بازیان ساڵی ٢٠١٣ دامەزراوە.

١٦. ڕێکخراوی هۆشیاری ژینگە پارێزی لە قەلادزێ ساڵی ٢٠١٣ دامەزراوە.

١٧. ڕێکخراوی نیشتمانی سەوز لە سلێمانی ساڵی ٢٠١٣ دامەزراوە.

١٨. ڕێکخراوی ڕایەڵی ژینگە پارێزی قەندیل لە ڕانییە ساڵی ٢٠١٣ دامەزراوە.

١٩. ڕێکخراوی لالەزار بۆ پرسی ژینگە لە سلێمانی ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

٢٠. ڕێکخراوی دەستی سەوز بۆ پاراستنی ژینگە لە سلێمانی ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

٢١. ڕێکخراوی هۆشیارکردنەوە لە پاشماوە جەنگیەکان لە سلێمانی ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

٢٢. ڕۆشنبیری تەندروستی و ژینگە لە سلێمانی ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

٢٣. ڕێکخراوی ژینگە پارێزی دەرەبەندیخان لە دەربەندیخان ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

سەرنج/ ڕێکخراوەکانی (ژینگەپارێزی بازیان، داستان بۆ پرسی ژینگە، تۆڕی هاوڕێیانی ژینگە) تەنیا یەك بەڕێوبەریی هەیە، هەروەها ڕێکخراوەکانی (سروشتی کوردستان، ژینگەدۆستانی شارەزوور) یەك بەڕێوبەرییان هەیە.

١. مى العبدالله، البحث فى علوم الإعلام والإتصال من الأطر المعرفية إلى الإشكاليات البحثية (بيروت: دار النهضة العربية،٢٠١١) ص٢٥٨.

٢- ئەنجامدانی چاوپێکەتن لەگەڵ کەسانی پسپۆر، بەمەبەستی سوودوەرگرتن لە ئەزمونیان لەم بوارەدا.
٣- دارِشتنەوەی پرسیارەکان و تەوەرەکان و دابەشکردنی بەسەر چەند بەشێکی دیاریکراو، وەك هەنگاوی یەکەم.
٤- دارِشتنەوەی شێوازی کۆتایی فۆرِمەکە و دابەشکردنی بەسەر بەشداربووواندا.
٥- لەسەر ئەو بنەمایانەی سەرەوە راپرسیەکە بەم شێوەی خوارەوە بوو:-
أ. پرسیاری دیموگرافی کە بریتی بوو لە (٤) پرسیار.
ب. پرسیاری تایبەت بە توێژینەوەکە بریتی بوو لە (٣٠) پرسیار.

## چوارەم/ راستی

مەبەست لەم هەنگاوە بۆ دڵنیابوونە لە ئاستی زانستی و ئەکادیمیانەی فۆرِمی راپرسی وەك ئامرِازێکی لێکۆڵینەوە، توێژەر بەم هەنگاوانە راستی فۆرِمەکەی هەڵسەنگاندووە:

راستی: تاقیکردنەوەی راستی رِواڵەتی ئامرِازی توێژینەوە، واتە ئایا ئامرِازەکە لە رِووکەش و رِواڵەتدا تاچەند دیاردەکە دەپێوێت[1].

بۆ ئەم مەبەستە برگەو پرسیارەکان پیشانی چەند کەسێکی پسپۆر[*] و شارەزای بوارەکە دەدرێت.

توێژەر لە فۆرِمی راپرسیدا (٤) پرسیاری زانیاری گشتی و (٣٠) برگەو پرسیاری پەیوەست بە بابەتی لێکۆڵینەوەکە داناوە.

هاوکێشەی راستی = برگە راستەکان/کۆی برگەکان×١٠٠ کەواتە راستی =
١٦٣١٣,٥٩/ ١٧١×100= ٩٥,٤٠% بوو، واتە رِێژەیەکی زانستی گونجاوە[**]

---

[1]. سابیر بۆکانی، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، سەرچاوەی پێشوو، لا١٧٤.
[*]. پسپۆرِەکان:-

١. پ.د. علی جبار الشمري - کۆلێژی راگەیاندن - پەیوەندی گشتی - زانکۆی بەغداد.
٢. پ.ی.د. باقر موسی - کۆلێژی راگەیاندن - پەیوەندی گشتی - زانکۆی بەغداد.
٣. پ.ی.د. فواد علی أحمد - کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان - بەشی راگەیاندن - زانکۆی سلێمانی.
٤. پ.ی.د. هێمن مجید - کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان - بەشی راگەیاندن - زانکۆی سلێمانی.
٥. پ.ی.د. ابراهیم سعید فتح الله - کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان - بەشی راگەیاندن - زانکۆی سلێمانی.
٦. پ.ی.د. هاورِێ یاسین - کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان - بەشی جوگرافیا (ژینگە) - زانکۆی سلێمانی.
٧. د. فاطمة عبدالکاظم - کۆلێژی راگەیاندن - پەیوەندی گشتی - زانکۆی بەغداد.
٨. د. لانە صابر قرەداغی - کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان - بەشی راگەیاندن - زانکۆی سلێمانی.
٩. د. لقمان صالح کریم- کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان - بەشی کاری کۆمەلأیەتی (ژینگە)- زانکۆی سلێمانی.

### پێنجەم/ جێگیری

بۆ دەرهێنانی جێگیری فۆڕمەکە، توێژەر پشتی بە دوبارە دابەشکردنەوەی فۆڕمەکان بەست، بەجۆرێك لە کۆی (٣١) فۆڕم، توێژەر (٥) فۆڕمی بەسەر کەسانی دیاریکراودا دابەشکردۆتەوە و لە ئەنجامدا ١٧١×٥=٨٥٥ لە ئەنجامی دووبارە دابەشکردنەوەی فۆڕمەکان (٨٣) گۆڕانکاری لە بڕگەگاندا هەبوو واتە ٨٥٥- ٨٣= ٧٧٢

٨٥٥/٧٧٢×١٠٠= ٩٠.٢٩٪ لە ڕووی زانستیەوە ڕێژەیەکی گونجاوە.

## پاری دووەم

## ئە نجامی فۆڕمی ڕا پرسی دامەزراوە حکومی و ڕێکخراوە ژینگەییەکان

ئەم پارە بریتییە لە پێشکەشکردنی ئەنجامی وەڵامدانەوەی بەشداربووان لەسەر پرسیارەکانی فۆڕمی ڕاپرسیەکە و شرۆڤەکردنی ئەو ئەنجامانە، لەپێناو دەرخستنی ڕۆڵی پەیوەندی گشتی لە پێکهێنانی هۆشیاری ژینگەییدا.

### یەکەم:- تایبەتمەندی دیمۆگرافی (زانیاری گشتی)

#### ١- ڕەگەزی بەشداربووان:

ئەنجامی خشتەی (١) دەیسەلمێنێت، بەشداربووان لە کۆی (٣١) بەشداربوو (٢٥) لە بەشداربووان کە دەکاتە (٨١٪) بریتی بوون لە ڕەگەزی نێر و (٦) بەشداربوو دەکاتە (١٩٪) مێن، جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ڕەگەزەکاندا هەیە و زۆربەی بەڕێوبەر و کارمەندەکان لە ڕەگەزی نێرن و ڕەگەزی مێ بەشدارییان لە کاری ژینگەییدا کەمە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زاڵ بوونی بیری پیاو سالاری و کەم متمانەیی بە مێینە، لە کاتی دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسیەکەدا توێژەر تێبینیکرد، کە کەمتەرخەمی ڕەگەزی مێینە بۆ گرتنەئەستۆی ئەو ئەرکە یەکێکی ترە لە هۆکارەکان، هەروەها ئەو کەسانەی لە ڕێکخراوەکان کاردەکەن پاش ئەنجامدانی کاری یەکەمیان کاری ژینگەیی ئەنجامدەدەن واتە کاری سەرەکییان نییە.

خشتەی (١)

دیاریکردنی ڕێژەی بەشداربووان بەپێی ڕەگەز

---

* * . بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٣)

| پلە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | ڕەگەز |
|---|---|---|---|
| یەکەم | ٪٨١ | ٢٥ | نێر |
| دووەم | ٪١٩ | ٦ | مێ |
| | ٪١٠٠ | ٣١ | کۆی گشتی |

**٢- تەمەنی بەشداربووان:**

بەشداربووان بەپێی تەمەن بەجۆرێکە (٩) بەشداربوو بەڕێژەی (٪٢٩) تەمەنیان لە نێوان (٢٠-٣٠) ساڵدایە و (١١) بەشداربوو ڕێژەیان دەکاتە (٪٣٥) تەمەنیان لە نێوان (٣١-٤٠) ساڵدایە، (٨) بەشداربوو بەڕێژەی (٪٢٦) تەمەنیان لە نێوان (٤١-٥٠) ساڵدایە، (١) بەشداربوو ڕێژەکەی دەکاتە (٪٣) تەمەنی لە نێوان (٥١-٦٠) ساڵدایە، (٢) بەشداربوو بەڕێژەی (٪٧) لە تەمەنی ٦٠ بەرەو سەرەوەیە، ئەو کەسانەی لە بواری ژینگەدا کاردەکەن لە تەمەنی نێوان (٣١- ٤٠) ساڵیدا بە پلەی یەکەم هاتووە.

**خشتەی (٢)**

**دیاریکردنی تەمەنی بەشداربووان**

| پلە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | تەمەن |
|---|---|---|---|
| دووەم | ٪٢٩ | ٩ | ٢٠- ٣٠ |
| یەکەم | ٪٣٥ | ١١ | ٣١- ٤٠ |
| سێیەم | ٪٢٦ | ٨ | ٤١- ٥٠ |
| پێنجەم | ٪٣ | ١ | ٥١- ٦٠ |
| چوارەم | ٪٧ | ٢ | ٦٠- بەرەوسەر |
| | ٪١٠٠ | ٣١ | کۆی گشتی |

**٣- ئاستی خوێندنی بەشداربووان:**

ئاستی خوێندنی بەشداربووان جیاوازە، بەشێوەیەك کە (٢) کەس لە بەشداربووان کە ڕێژەیان دەکاتە (٪٦) هەڵگری بڕوانامەی ناوەندی (٤) بەشداربوو بەڕێژەی (٪١٣) بڕوانامەی ئامادەیی و (٧) بەشداربوو بەڕێژەی (٪٢٣) بڕوانامەی دبلۆم، (١٥) بەشداربوو بەڕێژەی (٪٤٨) بڕوانامەی بەکالۆریۆس، (٣) بەشداربوو بەڕێژەی (٪١٠) بڕوانامەی خوێندنی باڵایان هەیە. ڕێژەی هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەرزترینە و نزمترینیش هەڵگرانی بڕوانامەی ناوەندین، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە زۆربەیان لە ئاستێکی زانستی باشدان.

خشتەی (٣)

دیاریکردنی ئاستی خوێندنی بەشداربووان

| ئاستی خوێندن | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| ناوەندی | ٢ | ٦٪ | پێنجەم |
| ئامادەیی | ٤ | ١٣٪ | سێیەم |
| دبلۆم | ٧ | ٢٣٪ | دووەم |
| بەکالۆریۆس | ١٥ | ٤٨٪ | یەکەم |
| خوێندنی باڵا | ٣ | ١٠٪ | چوارەم |
| کۆی گشتی | ٣١ | ١٠٠٪ | |

**٤- پسپۆری زانستی:**

**بەشداربووان بەپێی پسپۆڕی زانستی (٣) بەشداربوو بەڕێژەی (١٠٪) خاوەنی پسپۆڕی ڕاگەیاندن، (٥) بەشداربوو بەڕێژەی (١٦٪) خاوەنی پسپۆڕی کشتوکاڵ، (٣)بەشداربوو بەڕێژەی (١٠٪) خاوەنی پسپۆڕی جوگرافیا، (١) بەشداربوو بەڕێژەی (٣٪) خاوەنی پسپۆڕی جیۆلۆجی، (١٩) بەشداربوو بەڕێژەی (٦١٪) خاوەنی پسپۆڕی ترن وەکو پسپۆڕییەکانی (ژینگە، ئەندازیاری، یاسا، تەندروستی، مامۆستا، زانستی سیاسی و یاسا) ئەنجامی خشتەی پسپۆڕی زانستی ئەوە دەردەخات، کە بەرزترین ئاست ئەو کەسانەن، کە خاوەنی پسپۆڕی جۆراوجۆرن و لە بواری ژینگەدا کاردەکەن و هەریەکەیان خاوەنی پسپۆڕی دیاریکراون. هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زۆربەی ئەو کەسانەی کاری ژینگەیی دەکەن خۆبەخشانە کار لە ڕێکخراوەکان دەکەن و گرنگی بە پسپۆری زانستی نادەن، بەڵام لە فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی کارمەندەکانیان خاوەنی پسپۆری تایبەت بە بوارەکەن.**

خشتەی (٤)

دیاریکردنی پسپۆری زانستی بەشداربووان

| پسپۆری زانستی | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| ڕاگەیاندن | ٣ | ١٠٪ | سێیەم |
| کشتوکاڵ | ٥ | ١٦٪ | دووەم |
| جوگرافیا | ٣ | ١٠٪ | سێیەم |
| جیۆلۆجی | ١ | ٣٪ | چوارەم |
| پسپۆڕی تر | ١٩ | ٦١٪ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٣١ | ١٠٠٪ | |

**دووەم:- پرسیاری تایبەت بە بواری ژینگەو هەڵمەتی پەیوەندی گشتی:-**

**١- ئاستی پیسبوونی ژینگەی سلێمانی:-**

**لە خشتەی ژمارە (٥) ئەوە دەردەخات، کە (١٤) لە بەشداربووان بە ڕێژەی (٤٥.٢٪) پێیانوایە ژینگەی سلێمانی زۆر پیسبووە، هاوکات (١٥) بەشداربووی تریان بە ڕێژەی (٤٨.٤٪) ئاماژەیان بەوە کردووە تاڕادەیەك**

ژینگەی سلێمانی پیسبووە، بەڵام تەنیا (٢)بەشداربوو واتە (٦.٥٪) پێیانوایە ژینگەی سلێمانی بەکەمی پیسبووە. لێرەوە بەپێی ئەو ئەنجامەی بەدەستهاتووە ژینگەی سلێمانی تاڕادەیەك پیسبووە.

خشتەی (٥)

ئاستی پیسبوونی ژینگەی سلێمانی

| ئاستی پیسبوونی ژینگە | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| زۆر | ١٤ | ٤٥.٢٪ | دووەم |
| تاڕادەیەك | ١٥ | ٤٨.٤٪ | یەکەم |
| کەم | ٢ | ٦.٥٪ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ٣١ | ١٠٠٪ | |

٢- **هۆکاری پیسبوونی ژینگە:-**

خشتەی (٦) دەریدەخات، کە زۆربەی هۆکاری پیسبوون لە هەرێمی کوردستان زۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل و نەبوونی ریسایکل بینە و هەریەکێکیان ڕێژەی (١٠.٥٪) پێکدێنێت، دوای ئەو کەمی هۆشیاری ژینگەیی یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگەی کوردستان ڕێژەکەی، بریتییە لە (٩.٤٪)، دوای ئەم هۆکارانە پاشەڕۆی کارگەکان و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان هەریەکێکیان بە ڕێژەی (٨.٧٪) لە هۆکارەکانی تری پیسبوونی ژینگەن، بە پلەی چوارەم هەریەکە لە بەکارهێنانی زیاد لە پێویستی مادەی پلاستیك و لەناوبردنی زەویە کشتوکاڵیەکان کە ڕێژەکەیان دەکاتە (٨٪) هۆکاری پیسبوونن، هەروەها بەپێی ئەو ئەنجامەی لەم ڕاپرسیەدا بەدەستهاتووە پاڵاوگە نەوتیەکان و پاشماوەی ماڵان کە هەریەکەیان ڕێژەکەی (٧.٦٪)ە، هەروەها لەناوچوونی دارستانەکان و هەژاری هەریەکەیان بە (٦.٩٪) لە هۆکارەکانی تری پیسبوونی ژینگەن، لە هەمانکاتدا (٦.٩٪) بەشداربووان سەرجەمی ئەو هۆکارانەی لەسەرەوە ناوبراون بە هۆکاری پیسبوونی ژینگەی هەرێمی کوردستان دەزانن.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە:- پیسبوونی ژینگە بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە لەوانە پیسبوونی سروشتی و ناسروشتی، بەڵام ئەوەی زیاتر لێرەدا دیاریکراوە و هۆکارە بۆ پیسبوونی ژینگە، هۆکارە ناسروشتییەکەیە، کە لە ئەنجامی کاری تەکنیکی و داهێنان و دۆزینەوەی پیشەسازی و گواستنەوە لە لایەن مرۆڤەوە دروست دەبن.

خشتەی (٦)

هۆکاری پیسبوونی ژینگە

| هۆکارەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| زۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل | ٢٩ | ١٠.٥٪ | یەکەم |
| نەبوونی ریسایکل بین | ٢٩ | ١٠.٥٪ | یەکەم |
| کەمی هۆشیار ژینگەیی | ٢٦ | ٩.٤٪ | دووەم |
| پاشەڕۆی کارگەکان | ٢٤ | ٨.٧٪ | سێیەم |
| زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان | ٢٤ | ٨.٧٪ | سێیەم |
| لەناوبردنی زەویە کشتوکاڵیەکان | ٢٢ | ٨٪ | چوارەم |
| بەکارهێنانی زیاد لە پێویستی مادەی پلاستیك | ٢٢ | ٨٪ | چوارەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| پاڵاوگە نەوتیەکان | ٢١ | ٧.٦٪ | پێنجەم |
| پاشماوەی ماڵان | ٢١ | ٧.٦٪ | پێنجەم |
| هەژاری | ١٩ | ٦.٩٪ | شەشەم |
| لەناوچوونی دارستانەکان | ١٩ | ٦.٩٪ | شەشەم |
| هەموویان | ١٩ | 6.9٪ | شەشەم |
| کۆی گشتی | ٢٧٥* | ١٠٠٪ | |

**٣- ئەو بەش و کەسانەی کاری پەیوەندی گشتی دەکەن:-**

ئەو دەستە و ڕێکخراوە ژینگەییانەی بۆ ئەم توێژینەوە وەك سامپڵ وەرگیراون هیچ یەکێکیان بەشی پەیوەندی گشتییان نەبووە. لە خشتەی ژمارە (٧) ئاماژەی پێکراوە کە (٣٢٪) دامەزراوەکان بەڕێوبەری گشتی کارەکانی ئەم بەشە ئەنجامدەدات، هەروەها (١٩٪) دامەزراوەکان لیژنەی تایبەت بۆ کارەکانی پەیوەندی گشتی پێکدێنن، ژمارەیەکی زۆر کەم لە دامەزراوەکان پشت بە ڕاوێژکاری دەرەکی دەبەستن و دەکاتە (١٠٪) دامەزراوەکان، بەڕێژەی (٣٩٪) کارەکان لەلایەن بەشە جیاوازەکانی ترەوە ئەنجامدەدرێن، هیچ دامەزراوەیەك پشت بە جێگیری بەڕێوبەر نابەستێت بۆ ئەنجامدانی کاری پەیوەندی گشتی.

**خشتەی (٧)**

**ئەو بەش و کەسانەی کاری پەیوەندی گشتی دەکەن**

| ئەو بەش و کەسانەی کاری پەیوەندی گشتی دەکەن | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| بەڕێوبەری گشتی دامەزراوەکە | ١٠ | ٣٢٪ | دووەم |
| جێگیری بەڕێوبەر | ٠ | ٠ | |
| پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بۆ کارەکانی پەیوەندی گشتی | ٦ | ١٩٪ | سێیەم |
| ڕاوێژکاری دەرەکی | ٣ | ١٠٪ | چوارەم |
| دابەشکردنی کارەکان بەسەر بەشە جیاوازەکان | ١٢ | ٣٩٪ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٣١ | ١٠٠٪ | |

**٤- دیاریکردنی کارەکانی پەیوەندی گشتی:-**

لە خشتەی ژمارە (٨)دا ئەو بەشانە بەو شێوەیەی لە ڕێژەکاندا دەردەکەوێت کارەکانی پەیوەندی گشتییان ئەنجامداوە. بەڕێژەی (٣٢.٣٪) پلاندانان بۆ بەرنامە و هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتیە، (٣٢.٣٪) شیکردنەوەی ڕای جەماوەرە، (٦.٥٪) ئەنجامدانی چالاکی وەرزشی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، هەروەها (٦.٥٪)دەرکردنی بڵاوکراوەو کتێب، (٩.٧٪) ڕێکخستنی کۆنفرانس و کۆڕو کۆبونەوە و چاوپێکەوتنی تایبەت بە ژینگە، (٣.٢٪) پەیوەندیکردن بە دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکان و دەستەبەرکردنی زانیاری بۆ دامەزراوەکە، هیچ کام لە دامەزراوە ژینگەییەکان چاودێریکردنی ئەو زانیارییانەی لەبارەی دامەزراوەکەوە کە لە ڕاگەیاندنەکانەوە

---

*. بەشداربووان بۆیان هەبووە زیاتر لە وەڵامێك دیاری بکەن.

بلاَودەكرێتەوە هەڵنەبژاردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەشەی كاری پەیوەندی گشتی ڕاپەڕاندووە (٣٨.٧٪) تێكڕای كارەكانی ئەو بەشەی ئەنجامداوە.

**خشتەی (٨)**

**دیاریكردنی كارەكانی پەیوەندی گشتی**

| كارەكانی پەیوەندی گشتی | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| پلاندانان بۆ بەرنامە و هەڵمەتەكانی پەیوەندی گشتی | ١٠ | ٣٢.٣٪ | دووەم |
| شیكردنەوەی ڕای جەماوەر | ١ | ٣.٢٪ | پێنجەم |
| ئەنجامدانی چالاكی وەرزشی و كۆمەلاَیەتی و ڕۆشنبیری | ٢ | ٦.٥٪ | چوارەم |
| دەركردنی بلاَوكراوە و كتێب | ٢ | ٦.٥٪ | چوراەم |
| ڕێكخستنی كۆنفرانس و كۆڕو كۆبونەوەو چاوپێكەوتنی تایبەت بە ژینگە | ٣ | ٩.٧٪ | سێیەم |
| پەیوەندیكردن بە دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەكان و دەستەبەركردنی زانیاری بۆ دامەزراوەكە | ١ | ٣.٢٪ | پێنجەم |
| چاودێریكردنی ئەو زانیارییانەی لەبارەی دامەزراوەكەوە لە ڕاگەیاندنەكانەوە بلاَودەكرێتەوە | ٠ | ٠ | |
| هەموویان | ١٢ | ٣٨.٧٪ | یەكەم |
| كۆی گشتی | ٣١ | ١٠٠٪ | |

**٥- دیاریكردنی هێنانەدی ئامانجی دامەزراوەكە:-**

لە خشتەی (٩) دەریدەخات (٧) بەشداربوو بەڕێژەی (٢٢.٦٪) پێیانوایە بەشێوەیەكی زۆر توانیویەتی ئامانجەكانی دامەزراوەكە بێنێتەدی، هەروەها (١٥) بەشداربوو كە بەرزترین ئاستە و دەكاتە (٤٨.٤٪) پێیانوایە تاڕادەیەك و لەبەرامبەردا (٩) بەشداربوو كە دەكاتە (٢٩.٠٪) پێیانوایە بەكەمی توانیویەتی ئامانجەكان بهێنێتەدی، هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ئەو دامەزراوانە بەشی تایبەت بە پەیوەندی گشتیان نیە و شارەزاییان لەسەر ئەرك و ئامانجەكانی پەیوەندی گشتی نیە.

**خشتەی (٩)**

**دیاریكردنی هێنانەدی ئامانجی دامەزراوەكە**

| وەلاَم | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| زۆر | ٧ | ٢٢.٦٪ | سێیەم |
| تاڕادەیەك | ١٥ | ٤٨.٤٪ | یەكەم |
| كەم | ٩ | ٢٩.٠٪ | دووەم |
| كۆی گشتی | ٣١ | ١٠٠٪ | |

**٦- پشت بەستن بە توێژینەوەی زانستی لە هەڵمەتەكانی هۆشیاری ژینگەییدا:-**

خشتەی ژمارە (١٠) ئەوە ڕووندەکاتەوە، (٢٩٪)ی بەشداربووان بە بەڵێ وەڵامیانداوەتەوە کە پشت بە توێژینەوە دەبەستن، هەروەها بەڕێژەی (٥٨٪) دامەزراوە ژینگەییەکان تاڕادەیەك پشت بە توێژینەوە دەبەستن لەبەرامبەردا (١٣٪) بەشداربووان ئاماژەیان بەوە کردووە، کە پشت بە توێژینەوەی زانستی نابەستن، لێرەوە بۆماندەردەکەوێت کە بەڕێژەیەکی زۆر دامەزراوەکان پشت بە توێژینەوەی زانستی نابەستن، چونکە وەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت تاڕادەیەك بەرزترین ئاستە، ئەمەش لەکاتێکدایە بە شێوە زانستیەکەی پێویستە لە هەموو قۆناغە جیاوازەکانی هەڵمەتدا توێژینەوە ئەنجامبدرێت.

خشتەی (١٠)

پشت بەستن بە توێژینەوەی زانستی لە هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەییدا

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ٩ | ٢٩٪ | دووەم |
| تاڕادەیەك | ١٨ | ٥٨٪ | یەکەم |
| نەخێر | ٤ | ١٣٪ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ٣١ | ١٠٠٪ | |

**٧- هۆکارەکانی ئەنجامنەدانی توێژینەوەی زانستی:-**

لە خشتەی ژمارە (١١) ڕوونکراوەتەوە، (٢) بەشداربوو بەڕێژەی (٥٠٪) بۆ نەبوونی توانای (١) بەشداربوو بەڕێژەی (٢٥٪) هۆکارەکە دەگێڕێتەوە بۆ نەبوونی کارمەندی تایبەت بە ئەنجامدانی توێژینەوە، (١) کەسیش بەڕێژەی (٢٥٪) هۆکارەکە بۆ نەبوونی تێگەیشتن بۆ گرنگی نەدان بە توێژینەوە دەگێڕنەوە. ئەنجامنەدانی توێژینەوە یەکێکە هۆکارەکانی نەبوونی زانیاری پێویست لە ئاست کێشە ژینگەییەکان و دواتر ناتوانرێت پلانێکی سەرکەوتوو بۆ هەڵمەتەکان دابنرێت، ئەمەش بە لەنگیەك بۆ دامەزراوە ژینگەییەکان دادەنرێت، پاشان هەر پرۆژەیەك بودجەی تایبەتی خۆی هەیە دەکرێت لەو بودجەیە ڕەچاوی توێژینەوە بکرێت، واتە توانای مادی پاساو نیە بۆ ئەنجامنەدانی توێژینەوەی زانستی.

خشتەی (١١)

هۆکارەکانی ئەنجامنەدانی توێژینەوەی زانستی

| هۆکارەکانی ئەنجامنەدانی توێژینەوەی زانستی | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| نەبووونی توانای مادی | ٢ | ٥٠٪ | یەکەم |
| نەبوونی کارمەندی تایبەت بە ئەنجامدانی توێژینەوە | ١ | ٢٥٪ | دووەم |
| نەبوونی تێگەیشتن و گرنگی نەدان بە توێژینەوە | ١ | ٢٥٪ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ٤ | ١٠٠% | |

**٨- دیاریکردنی ئەو کەسانەی توێژینەوە ئەنجامدەدەن:-**

لە خشتەی ژمارە (١٢)دا ئاماژە بەوەکراوە کە (٨) بەشداربوو بەڕێژەی (٢٩.٦٪) وەڵامیانداوەتەوە کە ڕاوێژکاری دەرەکی و (١٩) بەشداربوو بەڕێژەی (٧٠.٣٪) وەڵامیانداوەتەوە کە بەشەکانی تری دامەزراوەکە

توێژینەوەکان ئەنجامدەدەن لە دامەزراوە ژینگەییەکان بەشی تایبەت بە توێژینەوە و پەیوەندی گشتی نیە، لەبەرئەوە ئەگەر توێژینەوە ئەنجامبدەن چەند لایەنێکی تر توێژینەوە ئەنجام دەدەن، یان پشت بەبەشە جیاوازەکانی دامەزراوەکە دەبەستن، یان کەسێکی تر لە دەرەوەی دامەزراوەکە بۆ ئەو کارە ڕادەسپێرن، لێرەدا بەشی زۆری دامەزراوەکان پشت بە بەشە جیاوازەکان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە دەبەستن.

خشتەی (١٢)

دیاریکردنی ئەو کەسانەی توێژینەوە ئەنجامدەدەن

| ئەو کەسانەی توێژینەوە ئەنجامدەدەن | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| ڕاوێژکاری دەرەکی | ٨ | ٪٢٩.٦ | دووەم |
| بەشەکانی تری دامەزراوەکە | ١٩ | ٪٧٠.٣ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٢٧ | ٪١٠٠ | |

**٩- دیاریکردنی کاتی ئەنجامدانی توێژینەوە لە هەڵمەتەکاندا:-**

لەخشتەی ژمارە (١٣)دا خراوەتەڕوو، کە تایبەتە بە (٢٧) بەشداربوو، (١٣) بەشداربوو بە ڕێژەی (٤٨٪) پێش هەڵمەتەکان و (١٠) بەشداربوو بەڕێژەی (٣٧٪) دوای هەڵمەتەکان و لەبەرامبەردا تەنیا (٤) بەشداربوو کە دەکاتە ڕێژەی (١٥٪) وەڵامیانداوەتەوە، کە پێش و دوای هەڵمەتەکان توێژینەوە ئەنجامدەدەن، بەپێی سەرچاوە زاستیەکان پێویستە پێش و دوای هەڵمەتەکان توێژینەوەی زانستی ئەنجامبدرێت، لە کاتی پلاندانان و پێش جێبەجێکردنی هەڵمەتەکان پێویستە لە ڕێگەی توێژینەوەوە تێگەیشتن لە تێڕوانینی جەماوەر بزانرێت.

خشتەی (١٣)

کاتی ئەنجامدانی توێژینەوە لە هەڵمەتەکاندا

| کات | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| پێش هەڵمەتەکان | ١٣ | ٪٤٨ | یەکەم |
| دوای هەڵمەتەکان | ١٠ | ٪٣٧ | دووەم |
| هەردووکیان | ٤ | ٪١٥ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ٢٧ | ٪١٠٠ | |

**١٠- دیاریکردنی ئامراز و شێوازی توێژینەوە:-**

خشتەی ژمارە (١٤) ئەوە ڕوووندەکاتەوە بەپێی ڕیزبەندییان لە زۆرەوە بۆ کەم بەکاردەهێنرێن. ڕێژەکان بەمشێوەیەن، (١٦) بەشداربوو بە ڕێژەی (٢٠.٥٪) فۆڕمی ڕاپرسی، (١٤) بەشداربوو بەڕێژەی (١٧.٩٪) چاوپێکەوتن، (١٢) بەشدار بوو کە ڕێژەیان دەکاتە ( ١٥.٤٪) ئینتەرنێت، (١٠) بەشداربوو بە ڕێژەی (١٢.٨٪) توێژینەوەی ڕێکخراوەکانی تری ژینگە، (٩) بەشداربوو بە ڕێژەی (١١.٥٪) هەریەکە لە شیکردنەوەی ئەو بابەتانەی لە

ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنەوە بلاّودەکرێنەوە و ڕاپۆرتی سالآنی پێشوو، (٨) بەشداربوو کە دەکاتە (١٠.٣٪) تێبینی تایبەتی دامەزراوەکە، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکاردەهێنن.

کەواتە بۆماندەردەکەوێت کە فۆڕمی ڕاپرسی بەرزترینە و بە پلەی یەکەم دێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوە، نزمترینیش تێبینی تایبەتی دامەزراوەکەیە، کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت دامەزراوەکان ڕێژەی پشت بە ستن بە تێبینییەکانی خۆیان لاوازە، یان بایەخ بە توانای تێبینیکردنی هەڵسەنگاندنی خۆیان لاوازە.

خشتەی (١٤)

دیاریکردنی ئامڕاز و شێوازی توێژینەوە

| ئامڕاز و شێوازی توێژینەوە | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| فۆڕمی ڕاپرسی | ١٦ | ٢٠.٥٪ | یەکەم |
| چاوپێکەوتن | ١٤ | ١٧.٩٪ | دووەم |
| ئینتەرنێت | ١٢ | ١٥.٤٪ | سێیەم |
| توێژینەوەی ڕێکخراوەکانی تری ژینگە | ١٠ | ١٢.٨٪ | چوارەم |
| شیکردنەوەی ئەو بابەتانەی لە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنەوە بلاّودەکرێنەوە | ٩ | ١١.٥٪ | پێنجەم |
| ڕاپۆرتی سالآنی پێشوو | ٩ | ١١.٥٪ | پێنجەم |
| تێبینی تایبەتی دامەزراوەکە | ٨ | ١٠.٣٪ | شەشەم |
| کۆی گشتی | * ٧٨ | ١٠٠٪ | |

١١- **دیاریکردنی ئامانج لە ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی:-**

خشتەی ژمارە (١٥) ئاماژە دەدات بەوەی ئەو ئەنجامەی بەدەستهاتووە دەریدەخات کە (٢٠) بەشداربوو بە ڕێژەی (٦٤.٥٪) کە وەلاّمەکانیان بۆ بلاّوکردنەوەی زانیارییە لە پێناو گەشەدان بە هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی و بە پلەی یەکەم دێت، هەروەها (٧) بەشداربوو بە ڕێژەی (٢٢.٦٪) ئامانجەکە بۆ هۆشیارکردنەوەی هاوولاّتیان لە هەندێك داب و نەریت کە زیانی بۆ ژینگە هەیە دەگێڕنەوە، دروستکردنی کاریگەری لەسەر ڕەفتاری جەماوەر و پێکهێنانی ڕایگشتی بۆ جێبەجێکردنی یاسای پێویست وبڕیاری گونجاو لەبارەی ژینگەوە دوو ئامانجی ترن کە هەریەکەیان (٢) بەشداربوو بە ڕێژەی (٦.٥٪) دیارییان کردوون بۆ ئامانجی هەڵمەتەکان، بەلاّم هیچ یەکێك لە بەشداربووان پێکهێنانی ئاڕاستەیەکی دیاریکراو و دروستکردنی وێنەیەکی زەینی باش بۆ چالاکییەکانی دامەزراوە ژینگەییەکان و بۆ بەشداریکردن لە هەڵمەتەکان و دابینکردنی زانیاری بۆ بڕیاربەدەستان لە کۆمەڵگە دەربارەی ژینگە هەڵنەبژاردووە، ئەمەش لەکاتێکدایە کە پێویستە هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی ئاڕاستەیەکی دیاریکراو پێکبهێنن بەمەبەستی پاراستنی ژینگە بۆ ئەمەش پێویستە یەکێك لە ئامانجەکانی هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی دروستکردنی کاریگەری بێت لەسەر ڕەفتاری جەماوەر بەرەو ئەو ئاڕاستە دیاریکراوەی پێویستە بۆ پاراستنی ژینگە، هەروەها ئەرکی دامەزراوەکانە بۆ دروستکردنی وێنەی زەینی باش لای جەماوەر تا لە ڕێگایەوە بتوانرێت ناوبانگی دامەزراوەکەی بپارێزێت و کاروچالاکییەکانی بەزۆرترین کەس بگەیەنێت، بەلاّم

---

* بەشداربووان زیاتر لە بژاردەیەکیان هەڵبژاردووە.

وەك دەبینین هیچ لە دامەزراوە ژینگەییەكان هەوڵیان بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە نەداوە، لەگەڵ ئەوەشدا دابینكردنی زانیاری بۆ بڕیاربەدەستان لە كۆمەڵگە دەربارەی ژینگە ئامانجی دامەزراوە ژینگەییەكان نەبووە لەكاتێكدا ئەركی ئەم دامەزراوانەیە زانیاری دروست بگەیەنن بە بڕیاربەدەستان بۆ چارەسەركردنی كێشە ژینگەییەكان و گرتنەبەری ڕشێوشوێنی پێویست لەبارەی ژینگەوە.

لێرەدا بەو ئەنجامە دەگەین كە بڵاوكردنەوەی زانیاری لەپێناو گەشەدان بە هۆشیاری ژینگەیی لە بەرزترین ئاستی هەڵمەتەكانی هۆشیاری ژینگەییدایە، بەشێكی گەورەی كێشەی ژینگە نەبوونی هۆشیاری ژینگەییە لای تاك، نەبوونی هۆشیاری ژینگەیی هۆكاری یەكەمە بۆ تێكچوونی ژینگە، لەبەرئەوە هەڵمەتە ژینگەییەكان زیاتر ئامانجیان بڵاوكردنەوە و گەشەدانە بە هۆشیاری ژینگەیی، هۆشیاری ژینگەیی بەدەستهێنانی زانیارییە لەسەر ژینگە و چارەسەركردنی كێشە ژینگەییەكان.

**خشتەی (١٥)**

**دیاریكردنی ئامانج لە ئەنجامدانی هەڵمەتەكانی هۆشیاری ژینگەیی**

| ئامانجەكان | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| بڵاوكردنەوەی زانیاری لەپێناو گەشەدان بە هۆشیاری ژینگەیی | ٢٠ | ٦٤.٥٪ | یەكەم |
| پێكهێنانی ئاڕاستەیەكی دیاریكراو | ٠ | ٠ | |
| هۆشیاركردنەوەی هاووڵاتیان لە هەندێك داب و نەریت كە زیانی بۆ ژینگە هەیە | ٧ | ٢٢.٦٪ | دووەم |
| دروستكردنی كاریگەری لەسەر ڕەفتاری جەماوەر | ٢ | ٦.٥٪ | سێیەم |
| دروستكردنی وێنەیەكی زەینی باش بۆ چالاكییەكانی دامەزراوە ژینگەییەكان و بۆ بەشداریكردن لە هەڵمەتەكان | ٠ | ٠ | |
| دابینكردنی زانیاری بۆ بڕیاربەدەستان لە كۆمەڵگە دەربارەی ژینگە | ٠ | ٠ | |
| پێكهێنانی ڕایگشتی بۆ جێبەجێكردنی یاسای پێویست وبڕیاری گونجاو لەبارەی ژینگەوە | ٢ | ٦.٥٪ | سێیەم |
| كۆی گشتی | ٣١ | ١٠٠٪ | |

**١٢- دیاریکردنی ئەو بەرنامانەی لە هەڵمەتی پەیوەندی گشتی ژینگەیی بەکاردێن:-**

لە خشتەی ژمارە (١٦) دا هاتووە زۆرینەی بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە لە کۆی (٣١) بەشداربوو (٢٤) بەشداربوو بە ڕێژەی (٧٧.٤٪) پێیانوایە هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی لە بواری ژینگەدا زیاتر بۆ هەردوو لایەنی خۆپارێزی و چارەسەرە، لەبەرامبەریشدا (٤) بەشداربوو بەڕێژەی (١٢.٩٪) خۆپارێزی و (٣) بەشداربوو بەڕێژەی (٩.٧٪) چارەسەرییان هەڵبژاردووە و پێیانوایە هەڵمەتەکان دەچنە چوارچێوەی ئەو بەرنامانەوە، خاڵێکی ئیجابیە دامەزراوە ژینگەییەکان گرنگی بە هەردوو بەرنامەکە دەدەن، واتە ئامانجیان تەنیا چارەسەری کێشە ژینگەییەکان نیە، بەڵکو هەوڵدەدەن جەماوەر هۆشیاربکەنەوە و خۆیان بپارێزن، بەرنامەی خۆپارێزی ڕێگری لە ڕوودانی تێکچوونی ژینگە دەکات، بەلاَم لە چارەسەرکردندا هەوڵدەدرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان.

**خشتەی (١٦)**

**دیاریکردنی ئەو بەرنامانەی لە هەڵمەتی پەیوەندی گشتی ژینگەیی بەکاردێن**

| بەرنامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| خۆپارێزی | ٤ | ١٢.٩٪ | دووەم |
| چارەسەر | ٣ | ٩.٧٪ | سێیەم |
| هەردووکیان | ٢٤ | ٧٧.٤٪ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٣١ | ١٠٠٪ | |

**١٣- دیاریکردنی جۆری ئەو هەڵمەتانەی ئەنجام دەدرێت:-**

بەو پێیەی لە خشتەی ژمارە (١٧)دا ڕوونکراوەتەوە زۆربەی ئەو هەڵمەتانەی ئەنجامدەدرێن زیاتر بواری هۆشیاری گشتی دەگرنەوە (٢٤) بەشداربوو کە دەکاتە (٧٧.٤٪) ئاماژەییان بەوە کردووە کە هەڵمەتەکانیان زیاتر ئەو بوارە دەگرێتەوە، لە پلەی دووەمدا (٤) بەشداربوو بە ڕێژەی (١٢.٩٪) فێرکاری گشتی و (٢) بەشداربوو (٦.٥٪) گۆڕینی ئاڕاستەکان و (١) بەشداربوو (٣.٢٪) کە کەمترینە پشتگیریکردنی ئاڕاستەو ڕەفتارەکان لە هەڵمەتەکانیاندا گرتۆتەبەر، هەڵمەتەکان خۆیان لەم جۆرانەدا دەبیننەوە (هۆشیاری گشتی، فێرکاری گشتی، گۆڕینی ئاڕاستەکان، زانیاری لەگەڵ هۆشیاری، پشتگیریکردنی ئاڕاستە ورەفتار، گۆڕینی بەکارهێنەر) لێرەوە بەو ئەنجامە دەگەین کە هەڵمەتەکانی ژینگەیی زیاتر هۆشیاری گشتی دەگرنەوە.

**خشتەی (١٧)**

**جۆری ئەو هەڵمەتانەی ئەنجام دەدرێن**

| جۆرەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| هۆشیاری گشتی | ٢٤ | ٧٧.٤٪ | یەکەم |
| فێرکاری گشتی | ٤ | ١٢.٩٪ | دووەم |
| گۆڕینی ئاڕاستە | ٢ | ٦.٥٪ | سێیەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| پشتگیریکردنی ئاڕاستەو ڕەفتار | ١ | ٣.٢ ٪ | چوارەم |
| کۆی گشتی | ٣١ | ٪١٠٠ | |

**١٤- شێوازی بەشداریکردنی جەماوەر لە هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەییدا:-**

لە خشتەی ژمارە (١٨) دا هاتووە تەنیا (١) بەشداربوو کە دەکاتە (٣.٢٪) بەشداری جەماوەر بە شێوازی مادیی هەڵبژاردووە، لە بەرامبەردا (٣٠) بەشداربوو کە ڕێژەیان دەکاتە (٩٦.٨٪) رایانگەیاندووە، کە جەماوەر لە بلاوکردنەوەی هۆشیاری و ڕێنماییدا بەشدارییان کردووە.

خشتەی (١٨)

شێوازی بەشداریکردنی جەماوەر لە هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی

| | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| بەشداری مادی | ١ | ٪٣.٢ | دووەم |
| بەشداری لە بلاوکردنەوەی هۆشیاری و ڕێنمایی | ٣٠ | ٪٩٦.٨ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٣١ | ٪١٠٠ | |

**١٥- ئامانجی پەیوەندیکردن بە جەماوەرەوە لە هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی:-**

بەپێی ئەو ئامارەی لە خشتەی ژمارە (١٩)دا بەدەستهاتووە، تەنیا گەیاندنی پەیام بە جەماوەر بە پلەی سێیەم دێت و (٩) بەشداربوو بە ڕێژەی (١٨.٣٪) ئەو وەلامەیان دەستنیشانکردووە، هەروەها لەپلەی دووەمدا (١٣) بەشداربوو بە ڕێژەی (٢٦.٥٪) ئاماژەیان بەوە کردووە کە بۆ تێگەیشتنە لە پەیامەکە و بیرهێنانەوەیان، (٥) بەشداربوو بەڕێژەی (١٠.٢٪) قبوڵکردنی ناوەرۆکی پەیامەکانیان هەڵبژاردووە، ئەمەش لەکاتێکدایەکە دەبوو قبوڵکردنی ناوەرۆکی پەیام بەرزترین ئاست بێت. گرنگە پەیامەکان لە لایەن جەماوەرەوە قبوڵ بکرێن و کاریگەری دروستبکەن، نەك تەنیا ناردنی پەیام بێت. زۆربەی بەشداربووان کە ژمارەیان (٢٢) بەشداربووە و ڕێژەیان (٤٥٪)ە پێیانوایە ئەو پەیوەندییە بۆ تێگەیشتن و ئاڵوگۆڕی پەیوەندی بەمەبەستی دروستکردنی ئاڕاستەیەکی دیاریکراوە،

خشتەی (١٩)

ئامانجی پەیوەندیکردن بە جەماوەرەوە لە هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی

| ئامانجەکانی پەیوەندیکردن | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| تەنیا گەیاندنی پەیامە بە جەماوەر | ٩ | ٪١٨.٣ | سێیەم |
| بۆ تێگەیشتن لە پەیامەکەو بیرهێنانەوەیان | ١٣ | ٪٢٦.٥ | دووەم |
| قبوڵکردنی ناوەرۆکی پەیامەکان | ٥ | ٪١٠.٢ | چوارەم |
| بۆ تێگەیشتن و ئاڵوگۆی پەیوەندی بەمەبەستی پێکهێنان یان گۆڕینی ئاڕاستە | ٢٢ | ٪٤٥.٠ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٤٩* | ٪١٠٠ | |

* بەشداربووان زیاتر لە بژاردەیەکیان هەڵبژاردووە.

**١٦- دیاریکردنی ئەو ئامرازەی بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر لە هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی ژینگەییدا بەکاردێن:-**

بەپێی خشتەی ژمارە (٢٠) زۆربەی بەشداربووان، کە ژمارەیان (٢٤) بەشداربووە بەڕێژەی (٧٧.٤٪) پێیانوایە ئامرازەکانی بینراو و بیستراو و نوسراو ڕۆڵیان لە سەرنجڕاکێشانی جەماوەردا هەیە، لە هەمانکاتدا (٥)بەشداربوو بەڕێژەی (١٦.١٪) پێیان وایە تەنیا بینراو و بیستراو ئەو ڕۆڵە دەگێڕن، هەروەها بینراو بە تەنیا و نوسراو بەتەنیا بۆ هەریەکەیان یەك بەشداربوو بەڕێژەی (٣.٢٪) پێیانوایە سەرنجی جەماوەر ڕادەکێشن. هەڵبژاردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەپێی جۆری هەڵمەتەکان و جەماوەر دەگۆڕێت، بەلاَم بەشێوەیەکی گشتی ئامرأزەکان لە بینراو، بیستراو، بینراوبیستراودا، دەردەکەوێت.

لێرەوە بۆماندەردەکەوێت کە ئامرازەکانی بینراو، بیستراو، نوسراو بەیەکەوە سەرنجی جەماوەر ڕادەکێشن لە هەڵمەتەکاندا، بەلاَم هیچ یەکێك لە بەشداربووان پێیان وانییە کە ئامرازی بیستراو بەتەنیایی سەرنجڕاکێشە، کە ڕادیۆ ئامرازێکی کاریگەرە بۆ بلاَوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی.

خشتەی (٢٠)

دیاریکردنی ئەو ئامرازانەی بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر لە هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی ژینگەییدا بەکاردێن

| ئامرازەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| بینراو | ١ | ٣.٢٪ | سێیەم |
| بینراو بیستراو | ٥ | ١٦.١٪ | دووەم |
| نوسراو | ١ | ٣.٢٪ | سێیەم |
| بیستراو | ٠ | ٠ | |
| هەموویان | ٢٤ | ٧٧.٤٪ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٣١ | ١٠٠٪ | |

**١٧- دیاریکردنی ئەو لایەنانەی لە پەیامەکاندا پیشتیان پێ دەبەسترێت:-**

لە خشتەی ژمارە (٢١)دا ڕوونکراوەتەوە، (١٣) بەشداربوو بە ڕێژەی (٣٨.٧٪) لایەنی هونەرییان دیاریکردووە، (١٤) بەشداربوو بەڕێژەی (٤٥.٢٪) ئاماژەیان بەوە کردووە کە پشت بە شێوازی داڕشتنی پەیامەکان دەبەستن (٥) بەشداربوو، کە دەکاتە (١٦.١٪) و کەمترینە کە پشت بە دووبارەکردنەوە لە پەیامەکانیاندا دەبەستن، دامەزراوە ژینگەییەکان گرنگیان داوە بە شێوازی داڕشتنی پەیامەکان، بەلاَم گرنگیان نەداوە بە دووبارەکردنەوەی پەیامەکان لەگەڵ ئەوەی خاڵێکی سەرەکیە بۆ گەیاندنی پەیامەکان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بەشی پەیوەندی گشتی لە دامەزراوەکان.

خشتەی (٢١)

ئەو لایەنانەی لە پەیامەکاندا پشتیان پێ دەبەسترێت

| پەیام | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| لایەنی هونەری | ١٢ | ٣٨.٧٪ | دووەم |
| شێوازی داڕشتنی پەیامەکان | ١٤ | ٤٥.٢٪ | یەکەم |
| دووبارکردنەوەی پەیامەکان | ٥ | ١٦.١٪ | سێیەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ٪١٠٠ | ٣١ | کۆی گشتی |

**١٨- ئەو ناوەڕۆکەی لە پەیامەکاندا ڕەچاو دەکرێت:-**

خشتەی ژمارە (٢٢) ڕوونیکردووەتەوە کە (٨) بەشداربوو بەڕێژەی (٪٢٥.٨) جۆری جەماوەریان هەڵبژاردووە، هەروەها زۆرینەی بەشداربووان کە ژمارەیان (١٩) بەشداربووە و ڕێژەیان (٪٦١.٣)یە لە پەیامەکانیاندا ئاستی ڕۆشنبیری جەماوەر لەبەرچاودەگرن (٣) بەشداربوو بە ڕێژەی (٪٩.٧) تەمەن و (١) بەشداربوو بە ڕێژەی (٪٣.٢) ڕەگەز لەپەیامەکانیاندا لەبەرچاو دەگرن. بە پێچەوانەی ئاستی ڕۆشنبیرییەوە کە زۆرینەیە، ڕەگەز کەمترینە کەلەبەر چاو گیراوە.

**خشتەی (٢٢)**

**ئەو ناوەڕۆکەی لە پەیامەکاندا ڕەچاو دەکرێت**

| پلە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | ناوەڕۆکی پەیامەکان |
|---|---|---|---|
| دووەم | ٪٢٥.٨ | ٨ | جۆری جەماوەر |
| یەکەم | ٪٦١.٣ | ١٩ | ئاستی ڕۆشنبیری |
| سێیەم | ٪٩.٧ | ٣ | تەمەن |
| چوارەم | ٪٣.٢ | ١ | ڕەگەز |
| | ٪١٠٠ | ٣١ | کۆی گشتی |

**١٩- دیاریکردنی ئەو توێژەی هەڵمەتەکانیان بۆ ئەنجامدەدرێت:-**

خشتەی ژمارە (٢٣) دەریدەخات (١٠) لە بەشداربووان بەڕێژەی (٪٢٣.٣) هەڵمەتەکان بۆ منداڵان و (٢١) بەشداربوو بە ڕێژەی (٪٦٧.٧) بۆ گەنجان ئەنجامدەدەن، لێرەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە کە زۆربەی هەڵمەتەکان بۆ گەنجان ئەنجامدەدرێت.

**خشتەی (٢٣)**

**دیاریکردنی ئەو توێژەی هەڵمەتەکانیان بۆ ئەنجامدەدرێت**

| پلە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | وەڵام |
|---|---|---|---|
| دووەم | ٪٣٢.٣ | ١٠ | منداڵ |
| یەکەم | ٪٦٧.٧ | ٢١ | گەنج |
| | ٠ | ٠ | بەتەمەن |
| | ٪١٠٠ | ٣١ | کۆی گشتی |

**٢٠- دیاریکردنی وورووژاندنی غەریزەکانی مرۆڤ لە پەیامەکاندا:-**

خشتەی ژمارە (٢٤) ئاماژە بەوە دەکات کە لە پەیامەکاندا زیاتر هەوڵی وورووژاندنی خۆشەویستی نیشتمان دەدرێت کە (١٤) بەشداربوو بەرێژەی (٤٥.٢٪) ئەم بژاردەیەیان هەڵبژاردووە، دوای ئەو (١٣) بەشداربوو بەرێژەی (٤١.٩٪) پێیان وایە لە پەیامەکاندا هەوڵی وورووژاندنی غەریزەی لەبەرچاوگرتنی داهاتووی نەوەکان دەوروژێنرێت، کەمترینیان واتە (٤) بەشداربوو بە رێژەی (١٣.٠٪) بژاردەی ترسیان هەڵبژاردووە.

خشتەی (٢٤)

دیاریکردنی وروژاندنی غەریزەکانی مرۆڤ لە پەیامەکاندا

| غەریزەکان | ژمارە | رێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| خۆشەویستی نیشتمان | ١٤ | ٪٤٥.٢ | یەکەم |
| لەبەرچاوگرتنی داهاتووی نەوەکان | ١٣ | ٪٤١.٩ | دووەم |
| ترس | ٤ | ٪١٢.٩ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ٣١ | ٪١٠٠ | |

٢١- دیاریکردنی هەماهەنگی دامەزراوە ژینگەییەکان و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن:-

خشتەی ژمارە (٢٥) ئەوە ڕوونداکاتەوە زۆربەی بەشداربووان کە ژمارەیان (١٩) بەشداربووە بەرێژەی (٦١.٣٥٪) پێیانوایە هەماهەنگی دامەزراوە ژینگەییەکان لەگەڵ دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەییدا هەیە، هەروەها (١١) لە بەشداربووان بەرێژەی (٣٥.٥٪) پێیانوایە هەندێکجار ئەو هەماهەنگیە هەیە، تەنیا یەك بەشداربوو بە رێژەی (٣.٢٪) پێیوایە هەماهەنگی نییە.

ئەگەر بەشداربوو وەڵامی نەخێری هەڵبژاردایە یەکێك لەم هۆکارانەی دیاری دەکرد (بۆ گرنگی پێنەدانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، یان نەبوونی پەیوەندی لە نێوان دامەزراوە ژینگەییەکان و ڕاگەیاندنەکان، یان گرنگی نەدانی دامەزراوە ژینگەییەکان بە ڕاگەیاندن) تەنیا یەك بەشداربوو وەڵامەکەی نەخێر بووە، ئەویش هۆکارەکەی گەڕاندۆتەوە بۆ گرنگی نەدانی دامەزراوە ژینگەییەکان بە راگەیاندنەکان.

خشتەی (٢٥)

دیاریکردنی هەماهەنگی دامەزراوە ژینگەییەکان و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن

| وەڵام | ژمارە | رێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ١٩ | ٪٦١.٣ | یەکەم |
| هەندێکجار | ١١ | ٪٣٥.٥ | دووەم |
| نەخێر | ١ | ٪٣.٢ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ٣١ | ٪١٠٠ | |

٢٢- ئەو ڕێگا و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کە لە هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتیدا بەکاریدەهێن:-

خشتەی ژمارە (٢٦) ڕوونیدەکاتەوە، لێرەدا بەشداربووان زیاد لە بژاردەیەکیان هەڵبژاردووە و زۆرترینیان کە ژمارەییان (٢٦) بەشداربووە بەرێژەی (٩.٧٪) تەلەفزیۆن و دوای ئەویش ئینتەرنێت دێت کە (٢٥) بەشداربوو بەرێژەی (٩.٤٪) بەکاریدێنن، هەروەها بە پلەی سێیەمیش (٢٤) بەشداربوو بەرێژەی (٩٪) سوود لە سەردانیکردنی خوێندنگەو دامەزراوەکان وەردەگرن، لە هەمانکاتدا (٢٣) بەشداربوو کە رێژەیان دەکاتە (٨.٦٪)

وتار و وانەوتنەوە، هەروەها (کۆڕ و کۆبونەوە) و (پۆستەر) بە پلەی پێنجەم دێن و هەر یەکەیان (٢٢) بەشداربوو بە ڕێژەی (٨.٢٪) بەکاری دێنن، دوای ئەمانیش بە پلەی شەشەم رادیۆ دێت کە (١٩) بەشداربوو بە ڕێژەی (٧.١٪) سودی لێوەردەگرن، لە پلەی حەوتەمدا (١٨) بەشداربوو بە رێژەی (٦.٧٪) پێشانگەیان هەڵبژاردووە، دوای ئەمیش درامای بەڵگەنامەیی لەسەر ژینگە (١٥) بەشداربووە کە ڕێەکەی دەکاتە (٥.٦٪) بەکارییان هێناوە، دواتر (رۆژنامە) و (بۆنە و بانگهێشتەکان) بە پلەی نۆیەم دێن کە (١٤) بەشدار بوو بە رێژەی (٥.٢٪) هەریەکێکیان بەکاردێنن. بەکارهێنانی گۆڤار بژاردەی دەیەمە و (١٢) بەشداربوو بە ڕێژەی (٤.٥٪) سودی لێوەردەگرن. بە پلەی یانزدە و کۆتایی (کورتە فلیم) و (کورتە نامە لە ڕێگەی تەلەفون sms) دێن کە بۆ هەریکێکیان (١١) بەشداربوو بە ڕێژەی (٤.١٪) بەکاری دێنن.

لەم داتایانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە تەلەفزیۆن بەرزترین پلەیە و (کورتە فلیم) و (کورتە نامە لە ڕێگەی تەلەفون sms)ەوە نزمترین پلەیان گرتووە لە کاتێکدا ئامڕازێکی تەکنەلۆجیای نوێیەو بە ئاسانی بەردەستە لە بەکارهێنانیان لە هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتیدا.

**خشتەی (٢٦)**

**ئەو ڕێگا و ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن کە لە هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتیدا بەکاریدەهێن**

| ئامڕاز | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| تەلەفزیۆن | ٢٦ | ٩.٧٪ | یەکەم |
| ئینتەرنێت | ٢٥ | ٩.٤٪ | دووەم |
| سەردانیکردنی خوێندنگەو دامەزراوەکان | ٢٤ | ٩٪ | سێیەم |
| ووتار و وانە ووتنەوە | ٢٣ | ٨.٦٪ | چوارەم |
| کۆڕوکۆبونەوە | ٢٢ | ٨.٢٪ | پێنجەم |
| پۆستەر | ٢٢ | ٨.٢٪ | پێنجەم |
| ڕادیۆ | ١٩ | ٧.١٪ | شەشەم |
| پێشانگا | ١٨ | ٦.٧٪ | حەوتەم |
| درامای بەڵگەنامەیی لەسەر ژینگە | ١٥ | ٥.٦٪ | هەشتەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕۆژنامە | ١٤ | ٪٥.٢ | نۆیەم |
| بۆنەو بانگهێشتەکان | ١٤ | ٪٥.٢ | نۆیەم |
| گۆڤار | ١٢ | ٪٤.٥ | دەیەم |
| کورتە فلیم | ١١ | ٪٤.١ | یانزەیەم |
| کورتە نامە لە ڕێگەی تەلەفون sms | ١١ | ٪٤.١ | یانزەیەم |
| هەموویان | ١١ | ٤.١ ٪ | یانزەیەم |
| کۆی گشتی | * ٢٦٧ | ٪١٠٠ | |

**٢٣- ماوەی ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی:-**

**خشتەی ژمارە (٢٧) ئاماژە بە دەکات مانگانە بەرزترین پلەی گرتووە و (١١) بەشداربوو بە ڕێژەی (٪٣٥.٤) پێیانوایە ماوەی ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی مانگانەیە، هەروەها ماوەی هەریەکە لە هەفتانە و وەرزانە بە پلەی دووەم دێن و بۆ هەریەکێکیان (٦) بەشدار بوو بە ڕێژەی (٪١٩.٤) ئەم بژاردەیەیان هەڵبژاردووە، دوای ئەمان ماوەی ڕۆژانە دێت کە (٥) بەشداربوو بە ڕێژەی (٪١٦.١) ئەو ماوەیەیان دیاریکردووە. بۆ ماوەی ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی لە ماوەی شەش مانگدا (٢) بەشدار بوو بە ڕێژەی (٪٦.٥) ئاماژەیان پێکردووە. تەنیا یەك بەشدار بوو بە ڕێژەی (٪٣.٢) بژاردەی ساڵانەی هەڵبژاردووە.**

**خشتەی (٢٧)**

**ماوەی ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی ژینگەیی**

| ماوەی ئەنجامدانی هەڵمەتەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| ڕۆژانە | ٥ | ٪١٦.١ | سێیەم |
| هەفتانە | ٦ | ٪١٩.٤ | دووەم |
| مانگانە | ١١ | ٪٣٥.٤ | یەکەم |
| وەرزانە | ٦ | ٪١٩.٤ | دووەم |
| شەشە مانگ | ٢ | ٪٦.٥ | چوارەم |
| ساڵانە | ١ | ٪٣.٢ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٣١ | ٪١٠٠ | |

* بەشداربووان زیاتر لە بژاردەیەکیان هەڵبژاردووە.

**٢٤- ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن بۆ هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی ژینگەیی:-**

بەپێی خشتەی ژمارە (٢٨)، (١٤) بەشداربوو بەرێژەی (٤٥.٢٪) ئاماژەیان بەوە کردووە کە هەڵسەنگاندن بۆ هەڵمەتەکان دەکەن، هەروەها (١٠) بەشداربوو بەرێژەی (٣٢.٣٪) هەندێکجار هەڵسەنگاندن دەکەن، (٧) بەشداربوو بەرێژەی (٢٢.٦٪) هەڵسەنگاندن بۆ هەڵمەتەکان ئەنجامنادەن، وەك لەنگیەك بۆ کاری دامەزراوە ژینگەییەکان پێویستە سەرجەم بەشداربووان هەڵسەنگاندنیان بۆ هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی ئەنجامبدەن، بەپێی بنەما زانستیەکان هەڵمەتی پەیوەندی گشتی یەکێك لە کارەکانی بریتییە لە هەڵسەنگاندن بۆ هەڵمەتەکان، چونکە پێویستە هەڵسەنگاندن بۆ هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی بکرێت بۆئەوەی بزانرێت تا چەند کارەکان سەرکەوتوو بوون و بەپێی پلانی دانراو هەڵمەتەکە ئەنجامدراوە هەروەها ببێتە بنەمایەك بۆ کاری داهاتوو.

خشتەی (٢٨)

ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن بۆ هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی ژینگەیی

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ١٤ | ٤٥.٢٪ | یەکەم |
| هەندێکجار | ١٠ | ٣٢.٣٪ | دووەم |
| نەخێر | ٧ | ٢٢.٦٪ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ٣١ | ١٠٠ | |

**٢٥- دیاریکردنی هۆکاری ئەنجامنەدانی هەڵسەنگاندن:-**

وەك لە خشتەی پێشوودا ڕوونکرایەوە (٧) بەشداربوو بەرێژەی (٢٢.٦٪) ڕایانگەیاندووە کە هەڵسەنگاندن ئەنجامنادەن، لە خشتەی ژمارە (٢٩) دا بەشداربووان ئاماژەییان بەهۆکاری ئەنجامنەدانەکە کردووە و لەو حەوت بەشداربووە سیانیان بە ڕێژەی (٩.٧٪) هۆکاری ئەنجامنەدانی هەڵسەنگاندنیان نەبوونی لایەنێك بۆ هەڵسەنگاندنی چالاکییەکان گەڕاندۆتەوە، دوو بەشداربووی تریان کە ڕێژەکەی دەکاتە (٦.٥٪) نەبوونی بودجەی پێویست بە هۆکار داناوە، دوو بەشداربووش نەبوونی پلانێك بۆ ئەو کارە بە هۆکار دەزانێت. کەواتە نەبوونی لایەنێك بۆ هەڵسەنگاندنی چالاکیەکان بە پلەی یەکەم بۆ ئەنجامنەدانی هەڵسەنگاندن بۆ هەڵمەتەکانی ژینگە دێت، هەروەها نەبوونی بەشی پەیوەندی گشتی بۆ دیاریکردنی سوود و گرنگی هەڵسەنگاندن هۆکارێکی ترە کە هەڵسەنگاندن ئەنجامنادەن.

خشتەی (٢٩)

دیاریکردنی هۆکاری ئەنجامنەدانی هەڵسەنگاندن

| هۆکاری ئەنجامنەدانی هەڵسەنگاندن | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| نەبوونی لایەنێك بۆ هەڵسەنگاندنی چالاکیەکان | ٣ | ٩.٧٪ | یەکەم |
| نەبوونی بودجەی پێویست | ٢ | ٦.٥٪ | دووەم |
| نەبوونی پلانێك بۆ ئەو کارە | ٢ | ٦.٥٪ | دووەم |
| کۆی گشتی | ٧ | ٢٢.٦٪ | |

**٢٦- كاتی هەڵسەنگاندن بۆ هەڵمەتەكانی پەیوەندی گشتی:-**

یەكێكی تر لەو پرسیارانەی ئاڕاستەی بەشداربووان كراوە و (٢٤) بەشداربوو كە وەڵامیاندابووەوە هەڵسەنگاندن ئەنجامدەدەن چوار بژاردەیان لەبەردەمدابووە بۆئەوەی هەڵیبژێرن. وەك لە خشتەی ژمارە (٣٠)دا ڕوونكراوەتەوە (١١) بەشداربوو بە ڕێژەی (٣٥.٥٪) لە كۆتایی هەڵمەتەكان هەڵسەنگاندن ئەنجامدەدەن، هەروەها (٨) بەشداربوو بەڕێژەی (٢٥.٨٪) پێش هەڵمەتەكانیان هەڵبژاردووە، (٥) بەشداربوو كە ڕێژەیان دەكاتە (١٦.١٪) رایانگەیاندووە كە بەردەوام هەڵسەنگاندن بۆ هەڵمەتەكان ئەنجامدەدەن، هیچ یەكێك لە بەشداربووان بژاردەی ئەوەی كە لە ناوەڕاستی هەڵمەتەكاندا هەڵسەنگاندن ئەنجامدەدەن هەڵنەبژاردووە.

لە هەڵمەتەكانی پەیوەندی گشتی پێویستە هەنگاو بە هەنگاو بەبەردەوامی هەڵسەنگاندن ئەنجامبدرێت، بەمەبەستی پێوانەكردنی ئەو ئەنجامانەی پێیگەیشتوون.

**خشتەی (٣٠)**

**كاتی هەڵسەنگاندن بۆ هەڵمەتەكانی پەیوەندی گشتی ژینگەیی**

| كاتی هەڵسەنگاندن | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | ٥ | ١٦.١٪ | سێیەم |
| پێش هەڵمەتەكان | ٨ | ٢٥.٨٪ | دووەم |
| لە كۆتایی هەڵمەتەكان | ١١ | ٣٥.٥٪ | یەكەم |
| لە ناوەڕاستی هەڵمەتەكان | ٠ | ٠ | |
| كۆی گشتی | ٢٤ | ٧٧.٤٪ | |

**٢٧- ئامانج لە ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن بۆ هەڵمەتەكانی هۆشیاری ژینگەیی:-**

خشتەی ژمارە (٣١) ڕوونیدەكاتەوە، كە ئەو (١٤) بەشداربووەی هەڵسەنگاندن ئەنجامدەدەن بەم شێوەیە ئامانجەكەیان ڕوونكردۆتەوە، (١٣) بەشداربوو بەڕێژەی (٤١.٩٪) ئامانجیان لە هەڵسەنگاندن بریتی بووە لە بەراوردكردنی ئەنجامی بەدەستهاتوو لەگەڵ ئەو ئامانجانەی لە پلانی هەڵمەتی پەیوەندی گشتی دانراوە، هەروەها (٤) بەشداربووش بەڕێژەی (١٢.٩٪) ئامانجیان ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ وەرگرتنی ئاڕاستەو فیدباكی جەماوەر، پێش و دوای ئەنجامدانی هەڵمەتەكان بووە، هەروەها (٧) بەشداربووی تر كە ڕێژەیان (٢٢.٦٪) ئامانجیان ئامادەكردنی ڕاپۆرت بۆ چاودێریكردن و جێبەجێكردنی پلانەكانی هەڵمەتی پەیوەندی گشتی بووە.

**خشتەی (٣١)**

**ئامانج لە ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن بۆ هەڵمەتەكانی هۆشیاری ژینگەیی**

| ئامانج لە ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| بەراوردكردنی ئەنجامی بەدەستهاتوو لەگەڵ ئەو ئامانجانەی كە | ١٣ | ٤١.٩٪ | یەكەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| له پلانی هەڵمەتی پەیوەندی گشتی دانراوە | | | |
| ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ وەرگرتنی ئاڕاستەو فیدباکی جەماوەر، پێش و دوای ئەنجامدانی هەڵمەتەکان | ٤ | ٪١٢.٩ | دووەم |
| ئامادەکردنی ڕاپۆرت بۆ چاودێریکردن و جێبەجێکردنی پلانەکانی هەڵمەتی پەیوەندی گشتی | ٧ | ٪٢٢.٦ | سێیەم |
| گۆی گشتی | ٢٤ | ٧٧.٤ | |

**٢٨- ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن بۆ هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی بۆ لێکۆڵینەوەیە لە:-**

لە خشتەی ژمارە (٣٢)دا هاتووە (٩) بەشداربوو بەڕێژەی (٪٢٩.٠) پێیان وایە ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن بۆ هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی بۆ لێکۆڵینەوە لەو ئەنجامانەی لە ئەنجامی هەڵمەتەکانەوە بەدەستهاتووە، (٦) بەشداربووش بەڕێژەی (٪١٩.٤) پێیانوایە هەڵسەنگاندن بۆ لێکۆڵینەوەیە لە ئاستی سەرکەوتن و کاریگەری ئەو بابەتانەی بۆ هەڵمەتەکان هەڵبژێردراون لەسەر جەماوەر هەروەها (٩) بەشداربووی تریش بەڕێژەی (٪٢٩.٠) ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن بۆ لێکۆڵینەوە لە هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی تا چەند پشتگیری و متمانەی جەماوەریان بەدەستهێناوە،

خشتەی (٣٢)

ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن بۆ هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی بۆ لێکۆڵینەوەیە لە

| ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن بۆ لێکۆڵینەوەیە لە | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| لێکۆڵینەوە لەو ئەنجامانەی لە ئەنجامی هەڵمەتەکانەوە بەدەستهاتوون | ٩ | ٪٢٩.٠ | یەکەم |
| لێکۆڵینەوە لە ئاستی سەرکەوتن و کاریگەری ئەو بابەتانەی بۆ هەڵمەتەکان هەڵبژێردراون لەسەر جەماوەر | ٦ | ٪١٩.٤ | دووەم |
| لێکۆڵینەوە لەوەی هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی تا چەند پشتگیری و متمانەی جەماوەری بەدەستهێناوە | ٩ | ٪٢٩.٠ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٢٤ | ٪٧٧.٤ | |

**٢٩- دەستنیشانکردنی ئەو لایەنانەی بەرپرسن لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی:-**

لە خشتەی ژمارە (٣٣)دا هاتووە* (٣٠) بەشداربوو بەڕێژی (٪١٥.٩) ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە بەرپرس دەزانن، دوای ئەمەش هەریەکە لە (خوێندنگاو زانکۆ، خێزان، دامەزراوە ئاینییەکان) هەریەکەیان (٢٨) بەشداربوو بە ڕێژەی (٪١٤.٨) ئەو سێ بژاردەیە بە بەرپرس دەزانن، هەروەها (٢٦) بەشداربوو بەڕێژەی (٪١٣.٨) هەر یەکە لە (دامەزراوە حکومیەکان، دامەزراوە ناحکومیەکان) بە بەرپرس لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی دەزانن، لە کۆتاییشدا (٢٣) بەشداربوو بەڕێژەی (٪١٢.١) پێیانوایە کە سەرجەمیان بەرپرسن، هۆکاری ئەوەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە پلەی یەکەم دێت بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە توانای گەیشتنی بە زۆرترین جەماوەر هەیە.

خشتەی (٣٣)

دەستنیشانکردنی ئەو لایەنانەی بەرپرسن لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی

* بەشداربووان زیاد لە بژاردەیەکیان هەڵبژاردووە

| پله | ڕێژەی سەدی | ژمارە | لایەنی بەرپرس |
|---|---|---|---|
| یەکەم | ٪١٥.٩ | ٣٠ | ئامرازەکانی ڕاگەیاندن |
| دووەم | ٪١٤.٨ | ٢٨ | خوێندنگاو زانکۆ |
| دووەم | ٪١٤.٨ | ٢٨ | خێزان |
| دووەم | ٪١٤.٨ | ٢٨ | دامەزراوە ئاینییەکان |
| سێیەم | ٪١٣.٨ | ٢٦ | دامەزراوە حکومیەکان |
| سێیەم | ٪١٣.٨ | ٢٦ | دامەزراوە ناحکومیەکان |
| چوارەم | ٪١٢.١ | ٢٣ | هەموویان |
| | ٪١٠٠ | ١٨٩ | کۆی گشتی |

**٣٠- ئەو بوارانەی هۆشیاری ژینگەیی کە لە هەڵمەتەکاندا زیاتر بایەخی پێدراوە:-**

**بەشداربووان حەوت بژاردەیان لەبەردەمدا بووە و توانیویانە زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێرن، بە پێی خشتەی ژمارە (٣٤)( زەوی، هەوا، ئاو) بۆ هەریەکەیان (٢٧) بەشداربوو بەرێژەی (٪١٥.٤) لە هەڵمەتەکانی ژینگەدا بایەخیان پێدراوە کە بە پلەی یەکەم دێت، (٢٤) بەشداربوو بەرێژەی (٪١٣.٧) بایەخیان بە خۆراك داوە بە پلەی دووەم دێت، هەروەها (٢٣) بەشداربوو بەرێژەی (٪١٣.١) بایەخیان بە هەریەکە لە (دەنگ و بەروبومی ئاژەڵی)داوە و بە پلەی سێیەم دێت، لە کۆتایشدا (٢٤) لە بەشداربووان بە ڕێژەی (٪١٣.٧) ڕایانگەیاندووە کە بایەخیان بە هەموویان داوە.**

**ژینگە لە چەند ڕەگەزێکی سەرەکی پێکهاتووە (زەوی، کەش و هەوا، ئاو،.....) پێویستە مرۆڤ هەمیشە پارێزگاری لەمانەوەیان بکات لە کاتێکدا هەموو ڕەگەزەکانیش گرنگن بۆ مرۆڤ و مانەوەی.**

**خشتەی (٣٤)**

**ئەو بوارانەی هۆشیاری ژینگەیی کە لە هەڵمەتەکاندا زیاتر بایەخی پێدەدراوە**

| پله | ڕێژەی سەدی | ژمارە | |
|---|---|---|---|
| یەکەم | ٪١٥.٤ | ٢٧ | زەوی |
| یەکەم | ٪١٥.٤ | ٢٧ | هەوا |
| یەکەم | ٪١٥.٤ | ٢٧ | ئاو |
| دووەم | ٪١٣.٧ | ٢٤ | خۆراك |
| سێیەم | ٪١٣.١ | ٢٣ | دەنگ(ژاوەژاو) |
| سێیەم | ٪١٣.١ | ٢٣ | بەروبوومی ئاژەڵی |
| دووەم | ٪١٣.٧ | ٢٤ | هەموویان |
| | ٪١٠٠ | ١٧٥ | کۆی گشتی |

# بەشی پێنجەم

## شیکردنەوەی را پرسی جەماوەر

### لایەنی مەیدانی - ئەنجامی فۆڕمی ڕا پرسی

### پاری یەکەم: ڕێوشوێنی میتۆدی توێژینەوە

### پاری دووەم: ئەنجامی فۆڕمی ڕا پرسی تایبەت بە جەماوەر

# پاری یەکەم

## ڕێوشوێنی میتۆدی توێژینەوە

ئەم پارە تایبەتە بە هەنگاوەکانی دەرهێنانی ئەنجامی وەڵامدانەوەی ڕاپرسی دووەم، کە دابەشکراوە بەسەر جەماوەردا مەبەستی زانینی ڕۆڵی هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی لە پێکهێنانی هۆشیاری ژینگەیی.

### یەکەم:- کۆمەڵگا و سامپڵی توێژینەوە

**١. کۆمەڵگای توێژینەوە:**

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییەلە گەنجانی پارێزگای سلێمانی، کە هەموو یەکە کارگێرییەکانی پارێزگای سلێمانی وەرگیراوە، پاشان پێنج ناوچە هەڵبژێردراوە، بە شێوەی سامپڵی هەرەمەکی سادە بە شێوازی تورەکەیی، کە پێنج ناوچەکە بریتیی بوون لە (سەنتەری شار، هەڵەبجە، دوکان، بازیان، شارباژێڕ) هەروەها بەشێوەی پشکی یەکسان هەر ناوچەیەك (١٠٠) فۆڕم بەسەر جەماوەری ئەو ناوچانەدا دابەشکراوە لە کۆی (٥٠٠) فۆڕم (٥٦) فۆڕم مەرجی زانستیان تێدا نەبوو دوورخراونەتەوە (٤٤٤) فۆڕم ماوەتەوە ڕێژەکەی دەکاتە (٨٨.٨٪) بڕوانە خشتەی ژمارە (٣٥).

**خشتەی (٣٥)**

**شوێن و دابەشکردنی ژمارەی فۆڕمی ڕاپرسی تایبەت بە جەماوەر**

| شوێن | ژمارەی فۆڕم |
|---|---|
| سەنتەری سلێمانی | ١٠٠ |

| | |
|---|---|
| هەڵەبجەی تازە | ٩٠ |
| دوكان | ٨٩ |
| بازیان | ٩٣ |
| شارباژێر | ٧٢ |
| كۆی گشتی | ٤٤٤ |

**٢.سامپڵی توێژینەوە:**

سامپڵی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە گەنجانی پێنج ناوچە لە پارێزگای سلێمانی، كە بە شێوەی سامپڵی ناهەرەمەكی دیاریمانكردووە، لە (سەنتەری شار، هەڵەبجە، دوكان، بازیان، شارباژێر) ئەم گەنجانە لەرێگەی سەنتەری گەنجان و لاوان و كافتریای ناوچەكانی خۆیان، كە شوێنی كۆبوونەوەی زۆرترین گەنجن لەو شوێنانەدا، بەشێوەی رێكەوتی ئامادەبوونیان لەو شوێنە فۆرمی راپرسیان بەسەردا دابەشكراوە، كە بریتیین لە (٤٤٤) گەنجی بەشداربوو وەك سامپڵی ئەم توێژینەوەیە، بەشداربووان لە تەمەنی (١٨-٣٦) وەرگیراون. بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (٢٣) لە وەڵامی ئەو توێژەی هەڵمەتەكانیان بۆ ئەنجامدەدرێت لە وەڵامدا لە كۆی (٣١) بەشداربوو (٢١) بەشداربوو بەرێژەی (٦٧.٧٪) هەڵمەتەكانیان بۆ گەنجان ئەنجامداوە، سروشتی مرۆڤ بە قۆناغی منداڵیدا تێدەپەرێت تا دەگاتە (١٠) ساڵ ئەم ماوە بە گەشەی منداڵێتی ناودەبرێت، لە (١٠-١٥) قۆناغی دركپێكردن و هەستەپێكردنە، تەمەنی (١٥-٢٥) لەم قۆناغەدا تاك هیچ بەرپرسیارێتییەك هەڵناگرێت، تەمەنی (٢٥-٣٠) ساڵ قۆناغی گەشەی گەنجە و بەرپرسیارێتی هەڵدەگرێت. تەمەنی (٣٠-٤٠) سەرەتای جێگیر بوون و دۆزینەوەی ئاراستەیە، هەروەها دوا قۆناغ كە تەمەنی (٤٠-٦٠) دەگرێتەوە تاك پێدەگات و ئەزمونی وەرگرتووە[١]، لەم توێژینەوەدا تەمەنی (١٨-٣٦) ساڵ وەرگیراوە بۆئەوەی رای زۆرترین گەنج وەربگرین.

## دووەم : فۆرمی را پرسی

فۆرمی راپرسی[*] ئەم بەشە پێكهاتووە لە (٢٠) پرسیار (٤) پرسیاری دیموگرافی و (١٦) پرسیاری تایبەت بە هەڵمەتەكانی پەیوەندی گشتی كە دامەزراوە ژینگەییەكان دەربارەی هۆشیاری ژینگەیی ئەنجامیانداوە.

## سێیەم : هەنگاوەكانی ئامادەكردنی فۆرمی را پرسی

بۆ ئامادەكردنی فۆرمی راپرسی توێژەر ئەم رێگایانەی گرتۆتەبەر:

---

١. رۆژی سەردانیكردن ٢٠١٧/٨/٣، كاتی سەردانیكردن، ١٠:٠٠ شەو
http://www.buraydh.com/forum/archive/index.php/t-١٠٣٧١٨.html

*. بڕوانە پاشكۆی (٢)

٦- خوێندنەوەی ئەو توێژینەوانەی نزیکن لەم توێژینەوەیەوە هەڵبژاردنی هەندێك بیرۆکەو تەوەر.

٧- وەرگرتنی بیروڕای کەسانی پسپۆر لە بواری ڕاگەیاندن و ژینگەدا.

٨- داڕشتنەوەی پرسیارەکان و تەوەرەکان و دابەشکردنی بەسەر چەند بەشێکی دیاریکراو، وەك هەنگاوی یەکەم.

٩- داڕشتنەوەی شێوازی کۆتایی فۆڕمەکە و دابەشکردنی بەسەر جەماوەردا.

١٠- لەسەر ئەو بنەمایانەی سەرەوە فۆڕمی ڕاپرسی دووەم بەم شێوەی خوارەوە بوو:-

ج. پرسیاری دیموگرافی کە بریتی بوو لە (٤) پرسیار.

ب. پرسیاری تایبەت بە توێژینەوەکە بریتی بوو لە (١٦) پرسیار.

## چوارەم: ڕاستی

توێژەر لە فۆڕمی ڕاپرسیدا (٤) پرسیاری گشتی و (١٦) پرسیاری تایبەت بە هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی ئاڕاستەی جەماوەر کردووە.

لە پێناو هەڵسەنگاندن و وەرگرتنی ڕا و سەرنج، دەستکاریکردن، گۆڕین، لابردن و داڕشتنەوەی هەر برگەیەك بۆ ئەوەی بگەینە فۆڕمێکی زانستی، پێشکەشی (٧) پسپۆڕ کراوە(**)

دوای تۆماکردنی تێبینییەکان هاوکێشەی ڕاستی = برگە ڕاستەکان/کۆی برگەکان×١٠٠ کەواتە ڕاستی ڕواڵەتی = ٦٧٧٤/٧٢×100 =٩٤٪.(*)

## پێنجەم: جێگیری

بۆ دەرهێنانی جێگیری فۆڕمەکە، توێژەر پشتی بە دووبارە دابەشکردنەوەی فۆڕمەکان بەست، بەجۆرێك لە کۆی (٤٤٤) فۆڕم، توێژەر (٤٥) فۆڕم کە دەکاتە (١٠٪) فۆڕمەکان دوای تێپەڕبوونی (٢١) ڕۆژ دووبارە بەسەر کەسە

---

**. ناوی پسپۆڕو پلەی زانستی و شوێنی کاری هەڵسەنگێنەرانی فۆڕمی ڕاپرسی:

١. پ.ی.د. دیاری علی محمد امین - کۆلێژی زانست - بەشی جیۆلۆجی - زانکۆی سلێمانی

٢. پ.ی.د. نەزاکەت حسن - کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان - بەشی ڕاگەیاندن - زانکۆی سلێمانی.

٣. پ.ی.د. سلام نصرالدین - کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان - بەشی ڕاگەیاندن - زانکۆی سلێمانی.

٤. پ.ی.د. عمر احمد رمضان - کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان - بەشی ڕاگەیاندن - زانکۆی سلێمانی.

٥. د. هۆشیار عبدالله عزیز — کۆلێژی زانست — بەشی بایۆلۆجی — زانکۆی سلێمانی.

٦. د. لانە صابر قرەداغی - کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان - بەشی ڕاگەیاندن - زانکۆی سلێمانی.

٧. د. ڕێبەر گۆران مستەفا - کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان - بەشی ڕاگەیاندن - زانکۆی سلێمانی.

*. بڕوانە پاشکۆی (٤)

دیاریکراوەکاندا دابەشکردەوە، لە ئەنجامدا ٢٠*٤٥ = ٩٠٠ لە ئەنجامی دووبارە دابەشکردنەوەی فۆڕمەکان (١١٥) پرسیار گۆڕا بوو واتە ٩٠٠-١١٥= ٧٨٥

٧٨٥/٩٠٠*١٠٠=٨٧.٢٪

## پاری دووەم

### شیکردنەوەی ئەنجامی خشتە بەدەستهاتووەکان:

**یەکەم: تایبەتمەندی دیموگرافی**

**١. ڕەگەزی بەشداربووان:**

خشتەی ژمارە (٣٦) ڕەگەزی بەشداربوون ڕووندەکاتەوە و (٣٨٤) کەس لە بەشداربووان بریتین لە ڕەگەزی نێر و (٦٠) لە بەشداربووان لە ڕەگەزی مێن، بەشی زۆری بەشداربووان لە ڕەگەزی نێرن هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی زۆربەی ئەو کەسانەی وەرگیراون زیاتر لە سەنتەرەکانی گەنجان و کافتریاکان بوون. لە زۆربەی ناوچەکانی دەرەوەی شار بوونی ڕەگەزی مێ لەو شوێنانە زۆر کەمە، زۆربەی ئەو کەسانەی لە ڕەگەزی مێین، لە ناو شاری سلێمانی بوون.

خشتەی (٣٦)

دیاریکردنی ڕەگەزی بەشداربووان

| ڕەگەز | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| نێر | ٣٨٤ | ٨٦.٥٪ | یەکەم |
| مێ | ٦٠ | ١٣.٥٪ | دووەم |
| کۆی گشتی | ٤٤٤ | ١٠٠٪ | |

**٢. تەمەنی بەشداربووان:**

خشتەی (٣٧) ڕوونیدەکاتەوە کە (١٨٩) کەس کە دەکاتە ڕێژەی (٤٢.٦٪) لە نێوان تەمەنی (١٨- ٢٤) ساڵدان، (١٤٠) کەس بەڕێژەی (٣١.٥٪) تەمەنیان لە نێوان (٢٥-٣٠) ساڵ و (١١٥) کەس بەڕێژەی

(٢٥.٩٪) تەمەنیان لە نێوان (٣١-٣٦)ساڵدایە. بەرزترین ئاستی تەمەن کە لەم ڕاپرسیەدا بەشداربووە بریتییە لە تەمەنی (١٨-٢٤) ساڵ و نزمترین ئاست تەمەنی (٣١-٣٦) ساڵە.

خشتەی (٣٧)

دیاریکردنی تەمەنی بەشداربووان

| تەمەن | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| ١٨- ٢٤ | ١٨٩ | ٤٢.٦٪ | یەکەم |
| ٢٥- ٣٠ | ١٤٠ | ٣١.٥٪ | دووەم |
| ٣١- ٣٦ | ١١٥ | ٢٥.٩٪ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ٤٤٤ | ١٠٠٪ | |

٣. **ئاستی خوێندنی بەشداربووان:**

خشتەی ژمارە (٣٨) دەریدەخات (٧٠) کەس کە دەکاتە ( ١٥.٨٪) بڕوانامەی سەرەتایی، (٨٩) کەس کە دەکاتە (٢٠٪) بڕوانامەی ناوەندی، (١٢٩)کەس بە ڕێژەی (٢٩.١٪) بڕوانامەی ئامادەیی، (٨٠)کەس کە دەکاتە (١٨٪) بڕوانامەی دبلۆم، (٦٨)کەس کە دەکاتە (١٥.٣٪) بڕوانامەی بکالۆریۆس و تەنیا (٨) کەس دەکاتە ڕێژەی (١.٨٪) بڕوانامەی خوێندنی باڵایان هەیە، لێرەوە دەردەکەوێت کە بڕوانامەی ئامادەیی بەرزترینەو و نزمترینیش خوێندنی باڵا.

خشتەی (٣٨)

دیاریکردنی ئاستی خوێندنی بەشداربووان

| ئاستی خوێندن | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| سەرەتایی | ٧٠ | ١٥.٨٪ | چوارەم |
| ناوەندی | ٨٩ | ٢٠٪ | دووەم |
| ئامادەیی | ١٢٩ | ٢٩.١٪ | یەکەم |
| دبلۆم | ٨٠ | ١٨٪ | سێیەم |
| بەکالۆریۆس | ٦٨ | ١٥.٣٪ | پێنجەم |
| خوێندنی باڵا | ٨ | ١.٨٪ | شەشەم |
| کۆی گشتی | ٤٤٤ | ١٠٠٪ | |

٤. **شوێنی نیشتەجێبوون:**

**خشتەی ژمارە (٣٩) ئەوە ڕووندەکاتەوە لە ناو ئەو بەشداربووانەی بۆ فۆڕمی ڕاپرسیەکە وەرگیراون (١٠٠) کەسیان بە ڕێژەی (٢٢.٥٪) لە ناوشاری سلێمانی نیشتەجێبوون (٣٤٤) بەرێژەی (٧٧.٥٪) کەسیان لە دەرەوەی شار لە ناوچەکانی (سلێمانی، هەڵەبجە، دوکان، بازیان، شارباژێڕ) نیشتەجێن.**

**خشتەی (٣٩)**

**شوێنی نیشتەجێبوونی بەشداربووان**

| شوێنی نیشتەجێبوون | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| ناوشار | ١٠٠ | ٢٢.٥٪ | دووەم |
| دەرەوەی شار | ٣٤٤ | ٧٧.٥٪ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٤٤٤ | ١٠٠٪ | |

**دووەم: پرسیاری تایبەت بە کاریگەری هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی**

**١- بەشداری گەنجان لە هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی:-**

**لە خشتەی ژمارە (٤٠) ئاماژەیە بۆ (٢٩٧) کەس بە ڕێژەی (٦٦.٩٪) بە بەڵێ وەڵامیانداوەتەوە و (١٤٧) کەس کە ڕێژەکەی (٣٣.١٪) بە نەخێر وەڵامیانداوەتەوە، واتە بەرزترین پلە ئەو کەسانەن کە بەشداری هەڵمەتەکان دەکەن.**

**خشتەی (٤٠)**

**بەشداری گەنجان لە هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٩٧ | ٦٦.٩٪ | یەکەم |
| نەخێر | ١٤٧ | ٣٣.١٪ | دووەم |
| کۆی گشتی | ٤٤٤ | ١٠٠٪ | |

**٢- شێوازی بەشداریکردنی گەنجان لە هەڵمەتەکاندا:-**

**لە خشتەی (٤١) دەریدەخات لە کۆی ئەو (٢٩٧) بەشداربووەی کە بە بەڵێ وەڵامیانداوەتەوە، (١١٣) کەس بەرێژەی (٣٨٪) بە چاندنی نەمام، (١٠٥) کەسیان بە ڕێژەی (٣٥.٣٥٪) لە هەڵمەتەکانی پاکردنەوە (٤٨) کەس کە ڕێژەکەیان دەکاتە (١٦.١٦٪) بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و ڕێنمایی، (١٦) کەس بەرێژەی (٥.٣٨٪) لە**

بلاْوكردنەوەی پۆستەر، (١٣) كەس بە ڕێژەی (٤.٣٧٪) لە ریكلامی تەلەفزیۆنی و (٢) كەس بە ڕێژەی (٠.٦٧٪) لە دروستكردنی پۆستەر بەشداری دەكەن.

لەخشتەی ژمارە (١٨)دا ئەو پرسیارە ئاڕاستەی دامەزراوە ژینگەییەكان كراوە، كە جەماوەر بە چ شێوازێك بەشداری لە هەڵمەتەكانی هۆشیاری ژینگەییدا دەكەن لە وەلاْمدا لە كۆی (٣١) بەشداربوو (٣٠) بەشداربوو وەلاْمی بلاْوكردنەوەی هۆشیاری و ڕێنمایی دیاریكردووە، لەم خشتەیەشدا بەشداریكردن لە بلاْوكردنەوەی هۆشیاری و ڕێنمایی بە پلەی سێیەم هاتووە، واتە نزیكیەكی زۆر لە وەلاْمەكانیاندا هەیە.

**خشتەی (٤١)**

**شێوازی بەشداریكردنی گەنجان لە هەڵمەتەكان**

| شێوازی بەشداریكردن | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| چاندنی نەمام | ١١٣ | ٣٨٪ | یەكەم |
| لە هەڵمەتەكانی پاكردنەوە | ١٠٥ | ٣٥.٣٥٪ | دووەم |
| بلاْوكردنەوەی هۆشیاری و ڕێنمایی | ٤٨ | ١٦.١٦٪ | سێیەم |
| بلاْوكردنەوەی پۆستەر | ١٦ | ٥.٣٨٪ | چوارەم |
| ریكلامی تەلەفزیۆنی | ١٣ | ٤.٣٧٪ | پێنجەم |
| دروستكردنی پۆستەر | ٢ | ٠.٦٧٪ | شەشەم |
| كۆی گشتی | ٢٩٧ | ٩٩.٩٣٪ | |

**٣- دیاریكردنی كاریگەری هەڵمەتەكانی پەیوەندی گشتی هۆشیاری ژینگەیی دامەزراوە ژینگەییەكان:-**

لەخشتەی ژمارە (٤٢) بەپێی ئەنجامە بەدەستهاتووەكان (٢٥٢) كەس بە ڕێژەی (٥٦.٨٪) پێیانوایە هەڵمەتەكان كاریگەریان نەبووە، (١٩٢) كەس كە ڕێژەیان دەكاتە (٤٣.٢٪) پێیانوایە هەڵمەتەكان كاریگەریان هەبووە.

بەرزترین پلە ئەو کەسانەن کە هەڵمەتەکان کاریگەرییان لەسەریان نەبووە، لێرەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی دامەزراوە حکومی و ڕێکخراوەکان کاریگەری ئەوتۆیان لەسەر جەماوەر نەبووە و نەیانتوانیوە زانیاری تەواو بەجەماوەر بگەیەنن بۆ ئەوەی کاریگەرییان لەسەر دروستبکەن.

**خشتەی (٤٢)**

**دیاریکردنی کاریگەری هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی هۆشیاری ژینگەیی دامەزراوە ژینگەییەکان**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ١٩٢ | ٪٤٣.٢ | دووەم |
| نەخێر | ٢٥٢ | ٪٥٦.٨ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٤٤٤ | ٪١٠٠ | |

**٤- دیاریکردنی هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی دامەزراوە حکومی و ناحکومیەکان کاریگەرییان هەبووە:-**

لە خشتەی ژمارە (٤٣) وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، بەشێوەی کراوە ئاڕاستەی گەنجان کراوە بۆئەوەی ئازادانە بیروڕای خۆیان لەسەر هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی بنوسن، (٧) کەس بەڕێژەی (٪١٧.٩٤) هەڵمەتەکان بۆتەهۆی هاندانیان بۆ پاك و خاوێنی، هەروەها (٤) کەس بەڕێژەی (٪١٠.٢٥) بۆتەهۆی بەهێزکردنی هەستی بەرپرسیارێتیان، (٤) کەس بەڕێژەی (٪١٠.٢٥) بۆ گرنگیدان بووە بە پارێزگاریکردن لە ژینگە ئەمەش ڕاستی تیۆری بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی دەسەلمێنێت، کە ئامانجی سەرەکی ئەم تیۆرە بەبازاڕکردنی بیرۆکەکانە، دواتر لە هەڵمەتەکاندا هەوڵدەدرێت بە شێوەی پاراستنی ژینگە لای تاك بچەسپێنیرێت، (٨) کەس بەڕێژەی (٪٢٠.٥١) هەڵمەتەکان هۆکاربوون بۆ زیادکردنی سەوزایی، (٧) کەس بەڕێژەی (٪١٧.٩٤) هەڵمەتەکان بۆتەهۆی وەرگرتنی زانیاری لای گەنجان، دامەزراوەکان هەوڵدەدەت بۆ قایلکردنی تاك و بڵاوکردنەوەی زانیاری، هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی ژینگەیی لە ڕێگەی دابینکردنی زانیارییەوە هۆکارێك بووە بۆ زیادکردنی مەعریفەی تاك، گرنگی و ڕۆڵی هۆشیاری لای تاك بەدەستهێنانی زانیارییە، دواتر گۆڕانی ئاڕاستە و ڕەفتار بەرامبەر ژینگە، (٩) کەس بەڕێژەی (٪٢٣.٠٧) هەڵمەتەکان بۆتەهۆی گۆڕینی ڕەفتارییان، لە ڕێگەی هەڵمەتەکانەوە گەنجان فێری ڕەفتاری نوێ بوون و دوور کەوتوونەتەوە لەو ڕەفتارانەی زیانی بۆ ژینگە هەیە ئەمەش پاڵپشتی تیۆری فێرکردنی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە، هەروەها پاڵپشتی ستراتیژی قەناعەتپێکردنی، کە دامەزراوەکە هەوڵدەدات بەهۆی ئەم ستراتیژەوە زانیاری و ئاڕاستە و ڕەفتاری جەماوەری دیاریکراو بگۆڕێت.

**خشتەی (٤٣)**

**دیاریکردنی هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی دامەزراوە حکومی و ناحکومیەکان کاریگەرییان هەبووە**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| هاندان بۆ پاك و خاوێنی | ٧ | ٪١٧.٩٤ | سێیەم |
| بەهێزكردنی هەستی بەرپرسیارێتی | ٤ | ٪١٠.٢٥ | چوارەم |
| گرنگیدان بە پارێزگاریكردن لە ژینگە | ٤ | ٪١٠.٢٥ | چوارەم |
| زیادبوونی سەوزایی | ٨ | ٪٢٠.٥١ | دووەم |
| وەرگرتنی زانیاری | ٧ | ٪١٧.٩٤ | سێیەم |
| گۆڕینی رەفتار | ٩ | ٪٢٣.٠٧ | یەكەم |
| كۆی گشتی | ٣٩ | ٪٩٩.٩٦ | |

**٥- سەرچاوەكانی وەرگرتنی زانیاری لای گەنجان لەسەر هۆشیاری ژینگەیی:-**

**خشتەی ژمارە (٤٤) ڕوونیدەكاتەوە، كە (١٣١) كەس بەرێژەی (٢٩.٥٪) خێزانیان هەڵبژاردووە و بە پلەی دووەم دێت، هەروەها (١٧١) كەس بەرێژەی (٣٨.٥) بۆ وەرگرتنی زانیاری پشت بە ئامرازەكانی ڕاگەیاندن دەبەستن و بە پلەی یەكەم دێت، (٣٠) كەس لە بەشداربووان كە رێژەكەی دەكاتە ( ٦.٨٪) دامەزراوەكانی پەروەردەو زانكۆكانیان هەڵبژاردووە بە پلەی چوارەم دێت، (١٢) كەس كە رێژەكەی دەكاتە ( ٢.٧٪) دامەزراوە حكومیەكانیان هەڵبژاردووەو بە پلەی حەوتەم هاتووە، دواتر (٤٤) كەس كە دەكاتە (٩.٩٪) رێكخراوە ژینگەییە حكومی و ناحكومیەكانیان هەڵبژاردووە و بەپلەی سێیەم دێت، رێكخراوەكانی تر (٥) كەس هەڵیبژاردووە كە رێژەكەی دەكاتە (١.١٪) بۆ پشت بەستن وەك سەرچاوەی زانیارییان بە پلەی هەشتەم دێت، (٢٣) كەس بە رێژەی (٥.٢٪) دامەزراوە ئاینیەكانیان هەڵبژاردووە و بە پلەی شەشەم دێت، (٢٨) كەس كە رێژەكەی دەكاتە (٦.٣٪) هیتریان هەڵبژاردووە و بە پلەی پێنجەم دێت. واتە سەرەڕای ئەو هەڵبژاردنەی پێشەوە (٢٨) كەس پشت بەسەرچاوەی تر دەبەستن بۆ وەرگرتنی زانیاری.**

**لە فۆڕمی ڕاپرسی تایبەت بە دامەزراوە ژینگەییەكان لە خشتەی ژمارە (٣٣) لە وەڵامی ئەو لایەنەی بەرپرسن لە بلاوكردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی بە پلەی یەكەم ئامرازەكانی ڕاگەیاندن هاتووە لەم خشتەیەدا بە پلەی یەكەم هاتووە، هەروەها لە وەڵامی دامەزراوە ژینگەییەكان خێزان بە پلەی دووەم هاتووە، بە هەمان شێوە لەم خشتەیەدا خێزان بە پلەی دووەم هاتووە، وەڵامی دامەزراوە ژینگەییەكان دامەزراوە حكومی و ناحكومییەكان بە پلەی سێیەم هاتووە، لەم خشتەدا ڕێكخراوە ژینگەییە حكومی و ناحكومیەكان بە پلەی سێیەم هاتووە.**

**لێرەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە بەرزترین ئاست هۆكارەكانی ڕاگەیاندنن بۆ پشت بەستن بە سەرچاوەی زانیاری لەسەر هەڵمەتەكانی هۆشیاری ژینگەیی و نزمترین ئاست ڕێكخراوەكانی تری ناو كۆمەڵن.**

**خشتەی (٤٤)**

**سەرچاوەكانی وەرگرتنی زانیاری لای گەنجان لەسەر هۆشیاری ژینگەیی**

| سەرچاوەكانی وەرگرتنی زانیاری | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| خێزان | ١٣١ | ٪٢٩.٥ | دووەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئامرازەکانی ڕاگەیاندن | ١٧١ | ٣٨.٥٪ | یەکەم |
| دامەزراوەکانی پەروەردەو زانکۆکان | ٣٠ | ٦.٨٪ | چوارەم |
| دامەزراوە حکومیەکان | ١٢ | ٢.٧٪ | حەوتەم |
| ڕێکخراوە ژینگەییە حکومی و ناحکومیەکان | ٤٤ | ٩.٩٪ | سێیەم |
| ڕێکخراوەکانی تر | ٥ | ١.١٪ | هەشتەم |
| دامەزراوە ئایینەکان | ٢٣ | ٥.٢٪ | شەشەم |
| هیتر | ٢٨ | ٦.٣٪ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٤٤٤ | ١٠٠٪ | |

٦- **دیاریکردنی سەرچاوە و ئامرازەکانی ئاگاداربوون لە کاتی هەڵمەتەکان:-**

**خشتەی ژمارە (٤٥) ڕوونیدەکاتەوە (٢٣٦) کەس ڕێژەکەیان دەکاتە (٥٣.٢٪) تەلەفزیۆنیان هەڵبژاردووە و بە پلەی یەکەم دێت، (١٣) کەس ڕێژەکەیان دەکاتە (٢.٩٪) ڕادیۆیان هەڵبژاردووە، (٢) کەس ڕێژەکەی دەکاتە (٠.٥) هەریەکە لە ڕۆژنامە و سەردانیکردنی خوێندنگە و دامەزراوەکانیان هەڵبژاردووە، دواتر (١٥٨) کەس بەڕێژەی (٣٥.٦٪) ئینتەرنێتیان هەڵبژاردووە و بە پلەی دووەم دێت، (٤) کەس ڕێژەکەی دەکاتە (٠.٩٪) پۆستەرییان هەڵبژاردووە، (١٤) کەس بە ڕێژەی (٣.٢٪) بلاّوکراوەی تایبەت بە ژینگەیان هەڵبژاردووە، (٦) کەس ڕێژەکەی دەکاتە (١.٤٪) بۆنەو بانگهێشتەکانیان هەڵبژاردووە، (٩) کەس ڕێژەکەی دەکاتە (٢.٠٪) لە ڕێگەی مۆبایل.**

**لە فۆڕمی ڕاپرسی تایبەت بە دامەزراوە ژینگەییەکان لە خشتەی ژمارە (٢٠) لە وەڵامی پرسیاری ئەو ئامرازانەی بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر بەکاریدەهێنن بە پلەی یەکەم هەموویان هاتووە، واتە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر سەرجەم ئامرازەکان بە بینراو و بیستراو و نوسراوەوە بەکاردەهێنن، بینراو و بیستراو بە پلەی دووەم هاتووە، لەم خشتەیەدا تەلەفزیۆن بە پلەی یەکەم و ئینتەرنێت بە پلەی دووەم هاتووە، هەروەها خشتەی ژمارە (٢٥) لە فۆڕمی ڕاپرسی تایبەت بە دامەزراوە ژینگەییەکان ئەو پرسیارانە ئاڕاستەیان کراوە ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندن کە لە هەڵمەتی پەیوەندی گشتی ژینگەیی بەکاریدەهێنن کامانەن، بۆ دەرخستنی پەیوەندی نێوان هەردوو فۆڕمەکە دەردەکەوێت هەردوولا لە وەڵامدا تەلەفزیۆن بە پلەی یەکەم و ئینتەرنێت بە پلەی دووەم هاتووە، دامەزراوە ژینگەییەکان لە کۆی (٣١) بەشداربوو (٢٦) بەشداربوو بە ڕێژەی (٩.٧٪) تەلەفزیۆن و (٢٥) بەشداربووش بەڕێژەی (٩.٤٪) ئینتەرنێت بەکاردەهێنن، هەروەها لە وەڵامی ئەم خشتەدا لە کۆی (٤٤٤) بەشداربوو (٢٣٦) بەشداربوویان کە دەکاتە (٥٣.٢٪) تەلەفزیۆنیان هەڵبژاردووە، (١٥٨) بەشداربوو کەدەکاتە ( ٣٥.٦٪) ئینتەرنێتیان هەڵبژاردووە.**

**خشتەی (٤٥)**

**دیاریکردنی سەرچاوە و ئامرازەکانی ئاگاداربوون لە کاتی هەڵمەتەکان**

| ئامراز | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| تەلەفزیۆن | ٢٣٦ | ٥٣.٢٪ | یەکەم |
| ڕادیۆ | ١٣ | ٢.٩٪ | چوارەم |
| ڕۆژنامە | ٢ | ٠.٥٪ | هەشتەم |
| ئینتەرنێت | ١٥٨ | ٣٥.٦٪ | دووەم |
| پۆستەر | ٤ | ٠.٩٪ | حەوتەم |
| بڵاوکراوەی تایبەت بە ژینگە | ١٤ | ٣.٢٪ | سێیەم |
| بۆنەو بانگهێشتەکان | ٦ | ١.٤٪ | شەشەم |
| سەردانیکردنی خوێندنگەو دامەزراوەکان | ٢ | ٠.٥٪ | نۆیەم |
| مۆبایل | ٩ | ٢.٠٪ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٤٤٤ | ١٠٠٪ | |

**٧- گرنگیدان بە هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی لە بۆنە تایبەتەکاندا:-**

خشتەی ژمارە (٤٦) ڕوونیدەکاتەوە (٢٩٧) کەس لە بەشداربووان ڕێژەکەی دەکاتە (٦٦.٩٪) وەڵامی زۆریان هەڵبژاردووە و (١١٣) کەس ڕێژەکەی دەکاتە (٢٥.٥٪) وەڵامی تاڕادەیەکیان هەڵبژاردووە و (٣٤) کەس ڕێژەکەی دەکاتە ( ٧.٧٪) وەڵامی کەمیان هەڵبژاردووە.

سەرنج، بۆنە تایبەتییەکان وەکو بۆنەی تایبەت بە ژینگە ( ڕۆژی جیهانی ژینگە، ڕۆژی جیهانی دارودرەخت، ڕۆژی ژینگەی کوردستان) یان بۆنە نیشتمانیەکان لە هەرێمی کوردستان هەڵمەتەکان زیاترلە وەرزی بەهاردا لە یادی نەورۆز و کاتی گەشتەکاندا ئەنجامدەدرێت.

خشتەی (٤٦)

گرنگیدان بە هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی لە بۆنە تایبەتەکاندا

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| زۆر | ٢٩٧ | ٦٦.٩٪ | یەکەم |
| تاڕادەیەك | ١١٣ | ٢٥.٥٪ | دووەم |
| کەم | ٣٤ | ٧.٧٪ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ٤٤٤ | ١٠٠٪ | |

**٨- دیاریکردنی ناساندی ژینگە لای گەنجان لە هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی:-**

خشتەی ژمارە (٤٧) دەریدەخات کە (١٠٤) کەس لە بەشداربووان ڕێژەکەی دەکاتە (٢٣.٤٪) وەڵامیان داوەتەوە بە زۆر، (٢٣٢) کەس ڕێژەکەی دەکاتە (٥٢.٣٪) وەڵامیانداوەتەوە بە تاڕادەیەك، هەروەها (١٠٨) کەس بەڕێژەی

(٢٤.٣٪) وەڵامی کەمیان هەڵبژاردووە، کە هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەی هۆکاربوون بۆ ناساندنیان بە ژینگە.

خشتەی (٤٧)

دیاریکردنی ناساندنی ژینگە لای گەنجان لە هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| زۆر | ١٠٤ | ٢٣.٤٪ | سێیەم |
| تاڕادەیەك | ٢٣٢ | ٥٢.٣٪ | یەکەم |
| کەم | ١٠٨ | ٢٤.٣٪ | دووەم |
| کۆی گشتی | ٤٤٤ | ١٠٠٪ | |

٩- **هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی هۆکاربوون بۆ هۆشیارکردنەوەی تاك دەربارەی ژینگە:-**

خشتەی ژمارە (٤٨) ئەوە ڕوونەدکاتەوە (٩٧) کەس بەڕێژەی (٢١.٨٪) وەڵامی زۆریان هەڵبژاردووە، (٢٣٩) کەس بەڕێژەی (٥٣.٨٪) وەڵامی تاڕادەیەکیان هەڵبژاردووە، هەروەها (١٠٨)کەس بە ڕێژەی (٢٤.٣٪) وەڵامی کەمیان هەڵبژاردووە کەواتە هەڵمەتەکان نەیانتوانیوە تاك هۆشیارکردنەوە دەربارەی ژینگە.

خشتەی (٤٨)

هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی هۆکار بوون بۆ هۆشیارکردنەوەی تاك دەربارەی ژینگە

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| زۆر | ٩٧ | ٢١.٨٪ | سێیەم |
| تاڕادەیەك | ٢٣٩ | ٥٣.٨٪ | یەکەم |
| کەم | ١٠٨ | ٢٤.٣٪ | دووەم |
| کۆی گشتی | ٤٤٤ | ١٠٠٪ | |

١٠- **پێویستی گرنگیدان بە هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی:-**

خشتەی ژمارە (٤٩) ڕوونیدەکاتەوە (٣٧٣) کەس لە بەشداربووان ڕێژەکەی دەکاتە (٨٤٪) پێیان وایە بە شێوەیەکی زۆر پێویستە گرنگی بە هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی بدرێت و (٥٧) کەس ڕێژەکەی دەکاتە (١٢.٨٪) وەڵامی تاڕادەیەکیان هەڵبژاردووە و (١٤) کەس ڕێژەکەی دەکاتە (٣.٢٪) وەڵامی کەمیان هەڵبژاردووە بۆ پێویستی هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی.

**خشتەی (٤٩)**

**پێویستی گرنگیدان بە هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| زۆر | ٣٧٣ | ٨٤٪ | یەکەم |
| تاڕادەیەك | ٥٧ | ١٢.٨٪ | دووەم |
| کەم | ١٤ | ٣.٢٪ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ٤٤٤ | ١٠٠٪ | |

**١١- دیاریکردنی هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی، هۆکاربوون بۆ پاراستنی ژینگە لە پیسبوون:-**

خشتەی ژمارە (٥٠) ڕوونیدەکاتەوە (١٠٦) کەس بەڕێژەی (٢٣.٩٪) وەڵامی زۆرییان هەڵبژاردووە، (٢١٩) کەس بە ڕێژەی (٤٩.٣٪) وەڵامی تاڕادەیەکیان هەڵبژاردووە، (١١٩) کەس بە ڕێژەی (٢٦.٨٪) وەڵامی کەمیان هەڵبژاردووە، کە هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی هۆکاربوون بۆ پاراستنی ژینگە لە پیسبوون، لێرەوە دەردەکەوێت کە هەڵمەتەکانی دامەزراوە ژینگەییەکان تاڕادەیەك هۆکاربووە بۆ پاراستنی ژینگە لە پیسبوون.

**خشتەی (٥٠)**

**دیاریکردنی هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی هۆکاربوون بۆ پاراستنی ژینگە لە پیسبوون**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| زۆر | ١٠٦ | ٢٣.٩٪ | سێیەم |
| تاڕادەیەك | ٢١٩ | ٤٩.٣٪ | یەکەم |
| کەم | ١١٩ | ٢٦.٨٪ | دووەم |
| کۆی گشتی | ٤٤٤ | ١٠٠٪ | |

**١٢- خستنەڕووی کاریگەری پیسبوونی ژینگە لەسەر تەندروستی مرۆڤ لە هەڵمەتەکاندا:-**

خشتەی ژمارە (٥١) ئەوە دەسەلمێنێت (١٥٨) کەس ڕێژەکەی دەکاتە (٣٥.٦٪) وەڵامی کەمیان هەڵبژاردووە، هەروەها (١٥٢) کەس ڕێژەکەی دەکاتە (٣٤.٢٪) وەڵامی تاڕادەیەکیان هەڵبژاردووە، (١٣٤) کەس بەڕێژەی

(٣٠.٢٪) وەڵامی کەمیان هەڵبژاردووە و پێیان وایە هەڵمەتەکان توانیویانە کاریگەری پیسبوونی ژینگە لەسەر تەندروستی مرۆڤ بخەنە ڕوو.

بەرزترین ئاست ئەو کەسانەن وەڵامی کەمیان هەڵبژاردووە و کەمترین ئاست وەڵامی زۆریان هەڵبژاردووە، کەواتە هەڵمەتەکان نەیانتوانیوە کاریگەری پیسبوونی ژینگە لەسەر تەندروستی مرۆڤ بخەنە ڕوو.

خشتەی (٥١)

خستنەڕووی کاریگەری پیسبوونی ژینگە لەسەر تەندروستی مرۆڤ لە هەڵمەتەکاندا

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| زۆر | ١٣٤ | ٣٠.٢٪ | سێ یەم |
| تاڕادەیەك | ١٥٢ | ٣٤.٢٪ | دووەم |
| کەم | ١٥٨ | ٣٥.٦٪ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٤٤٤ | ١٠٠٪ | |

١٣- **کاریگەری فەرمانگە حکومیەکان ڕۆڵیان لە هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەییدا:-**

خشتەی ژمارە (٥٢) ئەوە ڕووندەکاتەوە (٢١٠) کەس ڕێژەکەی دەکاتە (٤٧.٣٪) وەڵامی هەندێکجاریان دیاریکردووە، (٢٠٤) کەس بەڕێژەی (٤٥.٩٪) وەڵامی بەدەگمەنیان هەڵبژاردووە، هەروەها (٣٠) لە بەشداربووان وەڵامی بەردەوامیایان هەڵبژاردووە و پێیانوایە فەرمانگە حکومیەکان ڕۆڵیان لە هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی هەبووە.

بەرزترین ئاست وەڵامی کەم و نزمترین ئاست زۆر، کەواتە هەڵمەتەکانی دامەزراوە حکومییەکان نەیانتوانیوە ڕۆڵیان هەبێت لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەردا.

خشتەی (٥٢)

کاریگەری فەرمانگە حکومیەکان و ڕۆڵیان لە هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەییدا

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| کەم | ٢١٠ | ٤٧.٣٪ | یەکەم |
| تاڕادەیەك | ٢٠٤ | ٤٥.٩٪ | دووەم |
| زۆر | ٣٠ | ٦.٨٪ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ٤٤٤ | ١٠٠٪ | |

١٤- **ڕۆڵی ڕێکخراوە ژینگەییەکان لە پێکهێنانی هۆشیاری ژینگەییدا:-**

خشتەی ژمارە (٥٣) ڕوونیدەکاتەوە (٧٠) کەس لە بەشداربووان وەڵامی زۆرییان هەڵبژاردووەکە ڕێژەکەی دەکاتە (١٥.٨٪) هەروەها (٢٥١) کەس بەڕێژەی (٥٦.٥٪) وەڵامی تاڕادەیەکیان هەڵبژاردووە و، (١٢٣) کەس بە ڕێژەی

(٢٧.٧٪) وەڵامی کەمیان هەڵبژاردووە و، بەرزترین پلە تاڕادەیەکە و نزمترینیان زۆر کەواتە ڕێکخراوەکان نەیانتوانیوە ڕۆڵیان لە بواری هۆشیارکردنەوەی جەماوەردا هەبێت.

خشتەی (٥٣)

ڕۆڵی ڕێکخراوە ژینگەییەکان لە پێکهێنانی هۆشیاری ژینگەییدا

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| زۆر | ٧٠ | ٪١٥.٨ | سێیەم |
| تاڕادەیەك | ٢٥١ | ٪٥٦.٥ | یەکەم |
| کەم | ١٢٣ | ٪٢٧.٧ | دووەم |
| کۆی گشتی | ٤٤٤ | ٪١٠٠ | |

١٥- **دیاریکردنی هاوڕێیانی ژینگە:-**

خشتەی ژمارە (٥٤) ئەوە دەردەخات (١٥٧) کەس کە ڕێژەکەی دەکاتە ( ٪٣٥.٤) وەڵامی بەڵێیان هەڵبژاردووە، (٢٨٧) کەس کە ڕێژەکەی دەکاتە (٪٦٤.٦) وەڵامی نەخێرییان دیاریکردووە.

بەرزترین ئاست وەڵامی نەخێرەو نزمترینیان بەڵێیە کەواتە هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی نەیانتوانیوە جەماوەر بکەنە هاوڕێی ژینگە.

خشتەی (٥٤)

دیاریکردنی هاوڕێیانی ژینگە

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ١٥٧ | ٪٣٥.٤ | دووەم |
| نەخێر | ٢٨٧ | ٪٦٤.٦ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٤٤٤ | ٪١٠٠ | |

١٦- **دیاریکردنی ئەو بابەتە ژینگەییانەی، کە زۆرترین بایەخی پێدراوە:-**

خشتەی ژمارە (٥٥) ئەوە دەسەلمێنێت (١٣٥) کەس لە بەشداربووان کە ڕێژەکەی دەکاتە ( ٪٣٠.٤) وەڵامی زۆرکردنی سەوزاییان هەڵبژاردووە، (٧٧) کەس لە بەشداربووان ڕێژەکەی دەکاتە (٪١٧.٣) وەڵامی خۆڵ و خاشاکیان دیاریکردووە، (٧٤) کەس ڕێژەکەی دەکاتە (٪١٦.٧) پێیان وایە پاکو خاوێنی گرنگی پێدراوە، (٦٩) کەس ڕێژەکەی دەکاتە (٪١٥.٥) وەڵامی هۆشیاری ژینگەییەکان دیاریکردووە، (٤٧) کەس لە بەشداربووان ڕێژەکەی دەکاتە (٪١٠.٦) پێیان وایە لەگەڵ گرنگیدان بەو بابەتانەدا بابەنتی تریش هەیە کە گرنگی پێبدرێت، (١٩) کەس

كە ڕێژەكەی دەكاتە (٤.٣٪) وەڵامی پەیوەندی ژینگە و تەندروستیان دیاریكردووە، (١٦) كەس لە بەشداربووان ڕێژەكەی دەكاتە (٣.٦٪) خۆراكیان هەڵبژاردووە، هەروەها (٧) كەس بە ڕێژەی (١.٦٪) گرنگیدان بە ئاویان دیاریكردووە، لە خشتەی ژمارە (٤١) شێوازی بەشداریكردنی گەنجان لە هەڵمەتەكان چاندنی نەمام بە پلەی یەكەم هاتووە، لەم خشتەدا ئەو بابەتەی گرنگی زۆری پێدراوە زۆركردنی سەوزاییە، ئەم ئەنجامە دەریدەخات گرنگیدان بە زۆر كردنی سەوزایی كاریگەری لەسەر جەماوەر هەبووە.

بەرزترین ئاست گرنگیدانە بە زۆركردنی سەوزایی و نزمترین ئاست گرنگیدانە بەئاو، هۆشیاری ژینگەیی كە بابەتی توێژینەوەكەیە لە پلەی چوارەمدا هاتووە.

خشتەی (٥٥)

دیاریكردنی ئەو بابەتانەی ژینگە، كە زیاتر بایەخیان پێدراوە

| ئەو بابەتانەی كە بایەخیان پێدراوە | ژمارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
| --- | --- | --- | --- |
| زۆركردنی سەوزایی | ١٣٥ | ٪٣٠.٤ | یەكەم |
| خۆڵ و خاشاك | ٧٧ | ٪١٧.٣ | دووەم |
| پاك و خاوێنی | ٧٤ | ٪١٦.٧ | سێیەم |
| هۆشیاری ژینگەیی | ٦٩ | ٪١٥.٥ | چوارەم |
| هیتر | ٤٧ | ٪١٠.٦ | پێنجەم |
| پەیوەندی ژینگە و تەندروستی | ١٩ | ٪٤.٣ | شەشەم |
| خۆراك | ١٦ | ٪٣.٦ | حەوتەم |
| ئاو | ٧ | ٪١.٦ | هەشتەم |
| كۆی گشتی | ٤٤٤ | ٪١٠٠ | |

# دەرئەنجام

## دەرئە نجام:-

پشت بەست بەو ئەنجامانەی کە لە هەردوو فۆڕمی ڕاپرسی (تایبەت بە دامەزراوە ژینگەییەکان) و (تایبەت بە جەماوەر) لەم توێژینەوەدا بەکارهاتووە، بۆ زانینی ڕۆڵی هەڵمەتی پەیوەندی گشتی لە پێکهێنانی هۆشیاری ژینگەیی، دەتوانین کۆمەڵێك دەرئەنجام بخەینەڕوو، لەوانە:-

١. لەگەڵ ئەوەی بوونی بەشی پەیوەندی گشتی لە دامەزراوەکاندا گرنگی خۆی هەیە و لە هەیکەلی کارگێڕی دامەزراوەکاندا پێویستە پێگە و ڕۆڵی دیاریبکرێت، بەلام هیچ یەکێك لە و دامەزراوە ژینگەیانەی بۆ ئەم توێژینەوەیە وەرگیراون بەشی پەیوەندی گشتیان نەبووە.
٢. بایەخنەدان بە شێوازی زانستی لە ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی لە هۆشیاری ژینگەییدا، بەتایبەتی توێژینەوەی زانستی و هەڵسەنگاندن بۆ هەڵمەتەکان.
٣. لەگەڵ ئەوەی لە هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەییدا زیاتر بایەخیانداوە بە بلاوکردنەوەی زانیاری و گەشەدانە بە هۆشیاری ژینگەیی، بەلام هەڵمەتەکانی هۆشیاری ژینگەیی دامەزراوە ژینگەییەکان کاریگەری ئەوتۆیان لەسەر جەماوەر نەبووە، هەروەها نەیانتوانیوە ڕۆڵی چالاك بگێڕن بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەر دەربارەی ژینگە.
٤. ئەو هۆشیاری ژینگەییەی دامەرزاوەکان گرنگیان پێداوە، لە جۆری هۆشیاری گشتییە.
٥. هەردوولا واتە (دامەزراوە ژینگەییەکان و جەماوەر) کۆکبوون لەسەر ئەوەی تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت لەو ئامرازانەن کە ڕۆڵی گرنگیان لە هۆشیارکردنەوەی ژینگەییدا هەیە.

وەلامی پرسیاری ئەو ئامرازو شێوازانەی پەیوەندی کە بۆ پەیوەندیکردن بە جەماوەری دەرەوە لە کرداری هۆشیارکردنەوەدا بەکارهاتووە، لە توێژینەوەکانیاندا هەر یەکە لە (رنا نعیم) (علی موفق) و (محمد جلیل) و (شكري محمود) بەو ئەنجامە گەیشتوون کە ئامرازی پەیوەندی جەماوەری تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت زۆرترین ڕۆڵیان هەبووە، ئەم توێژینەوەیەش بە هەمان ئەنجام گەیشتووە.

**ڕاسپاردە:**

١. دانانی یەکەی پەیوەندی گشتی لە ڕێکخراوەکان، بەشداریپێکردنی کارمەندانی پەیوەندی گشتی لە وۆڕك شۆپ و مەشق و ڕاهێناندا بۆ زیاتر تێگەیشت لە ئەرك و ئامانجەکانی پەیوەندی گشتی.

٢. ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لە لایەن تویژەرانی پەیوەندی گشتی بۆ تێگەیشتن لە ئەرك و پەیامی هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی.

٣. گرنگیدان بە هەڵسەنگاندن بۆ هەڵمەتەکانی پەیوەندی گشتی لە دامەزراوە حکومی و ڕێکخراوە ناحکومیەکاندا.

٤. پاراستنی ژینگە بەرپرسیارێتی هەموو لایەکە نەك تەنیا بەرپرسیارێتی حکومەت و ڕێکخراوەکانی پاراستنی ژینگە، بەپێی توانا پێویستە هەموو لایەك بەشداربین لە پاراستنی.

٥. تێکڕای ئەو دامەزراوانەی گرنگی بە ژینگە دەدەن، پێویستە سەرجەم هەوڵەکانیان لە هەڵمەتەکانی هۆشیاریدا چڕبکەنەوە، ئەویش لە ڕێگەی دەزگا ڕاگەیاندنە جیاجیاکانەوە، هەروەها دانانی بەرنامەی مەشق بۆ کارمەندانی بواری ژینگە دابنێن و لەو کۆڕ و کۆنفرانسانەی پەیوەندییان بەژینگەوە هەیە بەشداری بکەن .

٦. جەختکردنەوە لەسەر بایەخدان بە هۆشیاری ژینگەیی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای نوێ و میدیا وەك کورتەنامە و سۆشیال میدیا.

٧. گرنگیدا بە ڕەفتاری ژینگەیی، چونکە گرفتی بنەڕەتی ژینگە گرفتێکی ڕەفتارییە لەسەر ئاستی تاکە کەس و کۆمەڵ.

٨. دەستنیشانکردنی کاتی گونجاو بۆ هەڵمەتەکان هۆکارە بۆ سەرکەوتن و پێویستە کاتی گونجاو بدۆزرێتەوە بۆ کارەکان و پەیوەستبکرێتەوە بۆ بۆنەیەکەوە بۆ زیاتر کاریگەر بوون.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان

### یەکەم: کتێبی ئاسمانی

قورئانی پیرۆز: سورەتی طه، ئایەتی (١١٤).

### دووەم: فەرهەنگ


١. شلبي، كرم، معجم المصطلحات الاعلامية انجليزي – عربي، الطبعة الثانية، بيروت، دار الجيل،١٩٩٤.

٢. دون و.ستاكس، شانون أ. بوون، قاموس العلاقات العامة القياس و البحث، ترجمة: على دبكل الغزي، طبعة الثالثة، نسخة الالكترونية،٢٠١٣.


### سێیەم: کتێب

### کتێبی کوردی:


١. احمد، دیندار حسین، پەیوەندیە گشتیەکان سەرهەڵدان و وەریفەکانی، هەولێر، لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی، ٢٠١٥.

٢. بۆکانی، سابیر، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، سلێمانی، خانەی چاپ و بڵاوکراوەی چوارچرا، ٢٠١٦.

٣. حبیب، بەدران ئەحمەد، فەرهەنگی زاراوە، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٣.

٤. عارف، دیاری عوسمان، هونەری بەڕێوبردن و بەڕێوبردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییە ئاسماییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، سلێمانی، چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٠.

٥. محمد، هەوراز، پیسبوونی بینین و کاریگەری لەسەر رەفتاری کۆمەڵایەتی، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ٢٠٠٨.


### کتێبی عەرەبی:


١. احمد، عبدالناصر، لبنان هاتف، اسس العلاقات العامة بين نظرية والتطبيق، عمان، دار اليازوري للنشر والتوزيع، ٢٠١٣.

٢. أوداي، براين، دليل اعداد الحملات السياسية الانتخابية، لبنان، المعهد الديمقراطي الوطني للشؤون الدولة،٢٠٠٤.
٣. ابو أصبع، صالح خليل، العلاقات العامة والاتصال الانساني، عمان، دار الشروق للنشر والتوزيع، ١٩٩٨.
٤. أبو دية، أيوب، البيئة في مئتي سؤال، بيروت، دار الفارابي، ٢٠١٠.
٥. أبوعين، كوثر محمود، النظام البيئي و صحة المجتمع، عمان، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، ٢٠٠٦.
٦. ابو غانم، حجازى سعيد ، تخطيط وإدارة النشاط والحملات الاعلامية، عمان، دار اسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١١.
٧. بدوي، هناء حافظ، العلاقات العامة و الخدمة الاجتماعية (أسس نظرية و مجالات تطبيقية )الاسكندرية، المكتب الجامعي دينوقراط- الأزاريطة، ٢٠٠١.
٨. برغوت، على، الاتصال الإقناعي، غزة، نسخة الالكترونية، ٢٠٠٥.
٩. __________العلاقات العامة اسس نظرية و مفاهم عصرية، القاهرة، دار الكتب الحديثة،٢٠٠٧
١٠. البياتى، ياس خضر، عبدة محمد داود، شيماء السيد السالم، مقدمة في العلاقات العامة و الاعلان، عمان، الأفاقة المشرقة للنشر والتوزيع، ٢٠١٢.
١١. بن طلال، الحسين، الاستراتيجية الوطنية للتعليم و التوعية والاتصال البيئي، عمان، المملكة الاردنية الهاشمية المؤسسة العامة لحماية البيئة،١٩٩٩.
١٢. التهامي، مختار، ابراهيم الداقوقي، مبادئ العلاقات العامة في البلدان النامية( ضاخانة بنوسم ١٩٨٠.
١٣. الجبان، منير، العلاقات العامة في سورية، دمشق، دار الرضا للنشر،٢٠٠٣.
١٤. الجبر، سناء محمد، الإعلام البيئي، عمان، دار أسامة للنشر و التوزيع، ٢٠١١.
١٥. الجمال، راسم محمد، خيرت معوض عياد، إدارة العلاقات العامة المدخل الاستراتيجي، قاهرة، دار المصر اللبنانية،٢٠٠٥.
١٦. ______________ التسويق السياسي والاعلام الإصلاح السياسي في مصر، القاهرة، دار المصرية اللبنانية، ٢٠٠٥.
١٧. الجوهر، محمد ناجي، الموارد الإعلامية التقليدية و الإلكترونية في العلاقات العامة، العين دولة الامارات العربية المتحدة، دار الكتاب الجامعي ،٢٠١٣.
١٨. جودة، محفوظ احمد، العلاقات العامة مفاهيم وممارسات، عمان، دار الزهران للنشر والتوزيع، الطبعة الرابعة ٢٠٠٢.
١٩. جودة، محفوظ، ظاهر كلالده، أساليب البحث العلمي في ميدان العلوم الادارية، عمان، زهران للنشر، ١٩٩٧.
٢٠. الخضيري، محسن أحمد، السياحة البيئة، القاهرة، مجموعة النيل العربية،٢٠٠٥.
٢١. خاطر، محمد إبراهيم، الاعلام والتوعية البيئية، عمان، دارأسامة للنشر،٢٠١٥.
٢٢. الحديدي، منى، شريف درويش اللبان، فنون الاتصال والاعلام المتخصص، القاهرة، الدار المصرية اللبنانية، ٢٠١٣.
٢٣. حجاب، محمد منير، إدارة الحملات الانتخابية، القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزيع،٢٠٠٧.
٢٤. الدليمي، عبدالرزاق محمد،العلاقات العامة رؤية معاصرة،عمان، دار وائل للنشر والتوزيع،٢٠١١.
٢٥. الدوري، زكريا مطلك، الادارة الاستراتيجية مفاهيم و عمليات و حالات دراسية، بغداد، بدون ناشر، ٢٠٠٣.
٢٦. ديليو، فضيل، الاتصال- مفاهيمة- نظرياته — وسائله، القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠٠٣.
٢٧. ربيع، عادل مشعان، التوعية البيئية، عمان، مكتبة المجتمع العربي، ٢٠٠٩.
٢٨. ربيع، أحمد محمد وأخران، التربية البيئية،عمان، دار عالم الثقافة، ٢٠٠٧.

٢٩. رحال، منال محمد، العلاقات العامة من المنطلق نظري وعملي، عمان، دار امجد للنشر والتوزيع ، ٢٠١٥.

٣٠. الرفاعي، محب محمود كامل ، وماهر اسماعيل صبري محمد، ادارة الموارد البشرية، القاهرة، المركز القومي للبحوث التربوية والتنمية، ٢٠٠٤.

٣١. زولف، مهدي حسن، أحمد القطامين، العلاقات العامة النظرية و الاساليب، عمان دارحنين للنشر والتوزيع، ١٩٩٤.

٣٢. سبع، هشام، دور المجتمع المحلي في المحافظة على البيئة من التلوث، عمان، دار و مكتبة الحامد للنشر والتوزيع،٢٠١٥.

٣٣. سرحان، نظيمة أحمد محمود، مناهج الخدمة الاجتماعية لحماية البيئة من التلوث، القاهرة، دار الفكر العربي،٢٠٠٥.

٣٤. سليم، حنان احمد ، الحملات الاعلامية عبر الاعلام الجديد، الطبعة الثانية، بدون ناشر،٢٠١٦.

٣٥. المحمود، رضوان سليم، العلاقات العامة في الاعلام، عمان، دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١٥.

٣٦. سلوم، الياس، تقنية العلاقات العامة، انكلترا، دار الرضا للنشر، ٢٠٠٦.

٣٧. سويدان، نظام موسى، نزار عبدالمجيد البرواري، إدارة التسويق في المنظمات غير الربحية، عمان، دار الحامد للنشر والتوزريع،٢٠٠٩.

٣٨. صالح، جمال الدين، الإعلام البيئي بين النظرية والتطبيق، مركز الاسكندرية للكتاب، ٢٠٠٣.

٣٩. الصطوف، عبد الإله الحسين، التلوث البيئي وأزمة العصر، سوريا، دار عين الزهور للنشر والتوزيع، ٢٠٠٦.

٤٠. شحاته، حسن أحمد، التلوث البيئي و إعاقة السياحة، القاهرة، دار العربية للكتاب، ٢٠٠٦.

٤١. شعبان، حمدى، التخطيط للعلاقات العامة، شركة ناس للطباعة،٢٠٠٥.

٤٢. شروخ، صلاح الدين، منهجية العلوم الاجتماعية، الجزائر، دار العلوم، ٢٠٠٣

٤٣. الشمري، على جبار، الأساليب العلمية في الممارسة العلاقات العامة، القاهرة، العربي للنشر والتوزيع، ٢٠١٠.

٤٤. ______________، تصميم أنموذج بناء منهجي مطور في بحوث العلاقات العامة، تصميم و طباعة دائرة الهندسة و الخدمات و الصيانة قسم الشؤون الثقافية و الفنية، ٢٠١٤.

٤٥. صالح، طارق أسامة ، الصحة والبيئة، عمان، مكتبة المجتمع العربي للنشر و التوزيع ،٢٠٠٦.

٤٦. الصرايرة، محمد نجيب، العلاقات العامة الاسس و المبادئ، الاردن، مكتبة الرائد العلمية، ٢٠٠١.

٤٧. الصيرفي، محمد، السياحة والبيئة بين التأثير والتأثر،الاسكندرية، المكتب الجامعي الحديث،٢٠٠٩.

٤٨. __________ السياحة والبيئة، الاسكندرية، دار الفكر الجامعي،٢٠٠٧.

٤٩. الضبع، عبدالرؤوف، علم الاجتماع و قضايا البيئة مداخل نظرية و دراسات واقعية، الاسكندرية، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر،٢٠٠٤.

٥٠. طاحون، زكريا محمد عبدالوهاب، التلوث خطر واسع الانتشار، القاهرة، دار السحاب للنشر والتوزيع، ٢٠٠٤.

٥١. حافظ، محمد عبدة، العلاقات العامة، القاهرة، دار الفجر للنشروالتوزيع،٢٠٠٩.

٥٢. العامري، صالح مهدى محسن، طاهر محسن منصور الغاليي، الادارة و الاعمال، عمان، دار وائل للنشر و التوزيع،٢٠٠٧.

٥٣. عبداللطيف، رشاد أحمد ، البيئة والانسان منظور- الاجتماعى،الاسكندرية، دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر، ٢٠٠٧.

٥٤. العبدالله، مى، البحث في العلوم الاعلام و الاتصال من الأطر المرفية الى الاشكاليات البحثية، بيروت،دار النهضة العربية، ٢٠١١.

٥٥. عباسى، مصطفى عبدالطيف، حماية البيئة من التلوث حماية للحياة، الاسكندرية، دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر، ٢٠٠٤.

٥٦. عربيات، بشير، أيمن مزاهرة، التربية البيئية، عمان، دار المناهج للنشرو التوزيع، ٢٠٠٩.

٥٧. عجوة، على، العلاقات العامة بين النظرية والتطبيق، القاهرة، نشر والتوزيع عالم الكتب،٢٠٠١

٥٨. ________ الاعلام و قضايا التنمية ، القاهرة، عالم الكتيب،٢٠٠٤.

٥٩. ________ الأسس العلمية للعلاقات العامة، الطبعة الرابعة، القاهرة، عالم الكتب،٢٠٠٠.

٦٠. عساف، عبدالمعطي محمد، محمد فالح صالح، أسس العلاقات العامة،عمان، دار الحامد للنشر والتوزيع،٢٠٠٤.

٦١. العلاق، بشير، تخطيط وتنظيم برامج وحملات العلاقات العامة، عمان، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع،٢٠٠٩.

٦٢. عمران، فارس محمد، السياسة التشريعية لحماية البيئة في مصرو قطر و دور الامم المتحدة في حمايتها، مصر، المكتب الجامعي الحديث بالاسكندرية،٢٠٠٥.

٦٣. العايدي، أحمد عوض، إعداد و كتابة البحوث والرسائل الجامعية، القاهرة، مركز الكتاب للنشر،٢٠٠٧.

٦٤. غريب، عبدالسميع غريب، الاتصال والعلاقات العامة في المجتمع المعاصرة، الاسكندرية، الناشر مؤسسة شباب الجامعة،٢٠٠٦.

٦٥. القرضاوي، يوسف، رعاية البيئة في شريعة الإسلام، القاهرة، دار الشروق، ٢٠٠١.

٦٦. القلينى، سوزان، التخطيط للحملات الاعلامية والاعلانية، القاهرة، دار الكتب، الطبعة الثانية،٢٠٠٧.

٦٧. القيم، كامل حسون، مناهج وأساليب لكتابة البحث العلمي في الدراسات الانسانية، بغداد، السيماء للتصاميم و الطباعة، ٢٠٠٦.

٦٨. قنديلجي، عامر إبراهيم، البحث العلمي واستخدام مصارد المعلومات، بغداد، الشؤون الثقافة العامة، ١٩٩٢.

٦٩. الكبرى، فؤادة عبدالمنعم، العلاقات العامة في المنشأة السياحي، القاهرة، عالم الكتب نشر. توزيع. طباعة، ٢٠٠٤.

٧٠. كامل، مختار محمد، البيئة و عوامل التلوث البيئي وطرق إنقاذ البشرية، الاسكندرية، مركز الاسكندرية لكتاب، ٢٠٠٥.

٧١. محمد، عبدالفتاح محمد ، العلاقات العامة بمنظمات الرعاية الاجتماعية، المكتب الجامعي الحديث،٢٠٠٦.

٧٢. محمد، السيد السعيد عبدالوهاب، ستراتيجيات إدراة الازمات و الكوارث دور العلاقات العامة، القاهرة، دار العلوم للنشر والتوزيع، ٢٠٠٦.

٧٣. مصرى، أحمد محمد، العلاقات العامة، اسكندرية، الناشر مؤسسة شباب الجامعة، ٢٠٠١.

٧٤. مجاهد، جمال، العلاقات العامة رؤية نظرية، دار المعرفة للجامعة نشرو التوزريع ،٢٠١٠.

٧٥. مرسي، محمد، الإسلام والبيئة، الرياض، أكاديمية نايف للعلوم الأمنية ، ١٩٩٩.

٧٦. المزاهرة، منال هلال،إدارة العلاقات العامة وتنظيمها، عمان، دارالمسيرة للنشر والتوزيع ،٢٠١٥.

٧٧. المسلمي، ابراهيم عبداللة، مناهج البحث في الدراسات الاعلامية، القاهرة، دار الفكر العربي،٢٠٠٨.

٧٨. موسى، احمد محمد، الخدمة الاجتماعية وحماية البيئة، القاهرة، المكتبة العصرية، ٢٠٠٧

٧٩. موسى، باقر، الصورة الذهنية في العلاقات العامة، عمان، دار أسامة للنشر والتوزيع،٢٠١٣.

٨٠. مصطفى، محمود يوسف، العلاقات العامة في المجال التطبيقي،القاهرة، الدار العربية للنشر و التوزيع،٢٠٠٨

٨١. المقدادي، كاظم، التربية البيئية، نسخة الاكترونية،٢٠٠٦.

٨٢. __________، المشكلات البيئية المعاصرة في العالم، الاكاديمية العربية المفتوحة في الدانمارك، كلية الادارة و الاقتصاد ، قسم الادارة، ٢٠٠٧.
٨٣. مكاوى، حسن عماد، الاعلام ومعالجة الازمات، القاهرة، الدار المصرية اللبنانية،الطبعة الثانية،٢٠٠٩.
٨٤. هنسلو، فليب، العلاقات العامة، الطبعة العربية الثانية، القاهرة، دار الفاروق للنشر والتوزيع، ٢٠٠٦.
٨٥. يونس، طارق شريف، إدارة العلاقات العامة مفاهيم و مبادئ وسياسات، عمان، إثراء للنشر والتوزيع،٢٠٠٨.

### كتێبی وەرگێڕدراو:

١. ان غريغورى، ادارة حملات العلاقات العامة وتخطيطها، ترجمة:اديب خضور، دمشق، الناشر العربي الاكاديمية السورية الدولية للتدريب و التطوير، ٢٠٠٨.
٢. بي سيتل، فريزر، ممارسة العلاقات العامة، ترجمة: سعد الحسني، أحمد نوري، غزة، الناشر دار الكتاب الجامعي ،٢٠٠٧.
٣. داماسيو، أنطونيو، الشعور بما يحدث دور الجسد و العاطفة في ضع الوعي، ترجمة: رفيف كامل غدار، لبنان، دار العربية للعلوم ناشرون،٢٠١٠.
